# تیۆر و پراکتیك
# لە کتێبەکانی شانۆدا

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٧٩٢)**
**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**
**ئازاد بەرزنجی**

**www.sardem.org**

بە هاوکاریی پرۆژەی
**سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیری**

■ **تیۆر و پراکتیك لە کتێبەکانی شانۆدا**

نووسینی: دانا ڕەئووف

بابەت: لێکۆڵینەوەی شانۆیی

دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٦ کوردستان ـ سلێمانی

■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٢٢٨)ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە

■ مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

# تیۆر و پراکتیك
# له کتێبەکانی شانۆدا

دانا ڕەئووف

## ناواخن


دەروازەیەک ........................................................................................ ٧
هونەری شیعر (پۆیەتیکا) ................................................................. ١٣
هونەری شیعر ..................................................................................... ٢١
شانۆی هونەری ................................................................................... ٣٠
ژیانی هونەریم .................................................................................... ٤٠
بۆ ئەکتەر، سەبارەت بە هونەری نواندن ........................................ ٥٢
خۆشت بوێم و بنووسە ....................................................................... ٦٦
شەکسپیر هاوچەرخمانە ...................................................................... ٧٦
خاڵی وەرچەرخان، شانۆ، ئۆپێرا و فیلم (١٩٤٦-١٩٨٧) ................. ٨٢
دەرگا کراوەکە، بیرورِا سەبارەت بە نواندن و شانۆ ........................ ٨٩
ئەکتەری نەبینراو ................................................................................. ٩٨
یاداشتگەلێکی پڕ لە نهێنی ................................................................ ١٠٤
هارییەت بوسێ، لە یاداشتەکانی ستریندبێرگدا .................................. ١١٠
نووسەرێک لەناو خەون و یاداشتگەلێکدا ............................................ ١١٢
یاداشتگەلی نهێنیئامێز .......................................................................... ١١٦
شانۆی ئینتیم ......................................................................................... ١١٩
یاداشتگەلێک لەسەر شانۆ ................................................................... ١٢١
گیۆرگ بویشنەر ..................................................................................... ١٢٣
دوانزە جار هارۆڵد پینتەر ..................................................................... ١٢٩
دەبێت بڕۆیت؟ ژیانم لەگەڵ هارۆڵد پینتەر ........................................ ١٣٣
لە شەمشەمەکوێرەکەی گوندەوە بۆ شانۆی گاڵتەگێڕ............................ ١٤٦

# دەروازەیەك

هیچ هونەرێک هێندەی هونەری شانۆ لەناو تیۆردا کاری نەکردووە، هیچ ژانرێکی ئەدەبییش هێندەی دراما، لەسەر بنەماکانی تیۆر گەشەیەکی بەردەوامی بەخۆیەوە نەدیوە. هەموو پرۆسە پراکتیکییەکەی شانۆ لەنێو لاپەڕەکانی کتێب و تێڕوانینێکی هزری و بۆچوونێکی تیۆرییەوە بنەماکانی داڕشتووە، سەرلەنوێ ئەو ئەزموونەی لەسەر شانۆکان بەرجەستەکراون، بوونەتەوە بە بنەمایەکی هزری و ستراکتورێکی تیۆری و دەرگایەکی تریان بەڕووی شانۆدا کردووەتەوە.

کتێبە شانۆییەکان لە ئەنجامی ئەزموونی کردەییەوە، لە خوێندنەوە جیاوازەکانی دەق و دیدی ڕیژی و مێتودەکانی هونەری نواندن و پێکهێنەرەکانی تری نمایشە شانۆییەکانەوە، بوونەتە وشە و ڕستە و هزرێکی شیکاری و خوێندنەوەیەکی ئێستاتیکی، هاوکات لەدایکبوونی پرسیاری تریش، کە پرۆسە شانۆییەکەی لە ڕووی کردەییەوە دەوڵەمەندتر کردووە. شانۆ هونەرێکی کراوەیە بە ڕووی دەرەوەدا، بنەما تیۆرییەکانیش ڕۆڵێکی گەورەیان لەم کرانەوەیەدا گێڕاوە. شانۆ چەندە هونەرێکی دێرینە، هێندەیش تا ئێستا لەو فۆرمە دێرینەی خۆیدا ماوەتەوە، هاوکات لە تازەبوونەوە و گۆڕانکاریی بەردەوامیشدایە.

ئەوەی شانۆنامەکە دەنووسێت، ئەوەی لەسەر شانۆ بەرجەستە دەبێت، ئەو دیدەی ڕیژیسۆر دەیبەخشێت بە دەقەکە و ئەو جۆر و ستایلی نواندنەی ئەکتەر وشەکانی پێ دەکاتە وێنە و

ژیانی پێ دەبەخشێت، لە کتێبە تیۆرییەکاندا ڕەنگ دەدەنەوە و دەبنە دەروازە و بنەمایەکی گرنگ بۆ هەنگاوەکانی دواتر. ئەو ئەزموونەی شانۆکارەکان بە کارێکی هەرەوەزی، بە شەونخونی، بە دروستکردنی ئەو دونیایەی لەسەر شانۆ نمایش دەکرێت، لە کتێبە تیۆرییەکاندا بنەمایەک بۆ کاری کەسانی تر ڕۆدەنێت و ڕۆڵی دەبێت لە فراوانبوونی دیدی شانۆدا، هەروەها بەمێژووکردنێکی ڕەوتە شانۆییەکەیش دادەنرێت.

شانۆیەکی بێ تیۆر و شیکاری و ڕاڤە، شانۆیەکی ساکار و بێ یاسا و ڕێسا و ڕووکەشە و هیچ قووڵاییەک لەخۆ ناگرێت، نابێتە هۆی هیچ جۆرە پەیوەندییەکی فرەمەودا و فرەڕەهەند، پرسیار دروست ناکات و شانۆیەکیشە بێ مێژوو و بێ لێکدانەوە. بە پێچەوانەیشەوە تیۆر و کتێبە شانۆییەکان، ژیانێکی تر بە پرۆسەی شانۆ و بە گەشەی شانۆ دەبەخشن و لە هەموو ڕوویەکەوە دەوڵەمەندی دەکات، قووڵتری دەکاتەوە و مەودایەکی گرنگ و فراوانی پێ دەبەخشێت. ئەمە جگە لەوەی تیۆری شانۆ و کتێبە شانۆییەکان ئامرازێکی فرەمەودای بەیەکگەیاندنی پرۆسە جیاوازەکانی شانۆیە و ڕەنگە جیاواز و هەمەچەشن و ئەزموونە جوداکان کۆدەکاتەوە، شیکارییان بۆ دەکات و توخمە گرنگەکانیان دیاری دەکات. هەموو شیکارێکی تیۆری، هەموو کتێبێکی شانۆیی، هەموو یادەوەرییەکانی شانۆکارە گەورەکانی دونیا، تۆمارکردنێکی مێژووی شانۆیە، بەڵام مێژوویەکی ڕاڤەکراو لە هەموو ڕووکارە دەرەکی و ناوەکییەکانیەوە. ئەم تۆمارکردنەیش چەندە دیدێکی تیۆری و ئێستاتیکییە، هێندەیش ئەزموونێکی پراکتیکی و کردەییە، کە دەکرێت، چ لە ڕووی پراکتیک و چ لە ڕووی تیۆرییەوە، سەرلەنوێ سوودی لێ وەربگیرێت و هەنگاوی تری بەدوادا بێت.

مێتودەکانی هونەری نواندن، چەندە لە ڕێگەی مەشق و ئەزموونێکی چڕی کردەیی و پرۆسەیەکی سەختی کارێکی

بەردەوامەوە هاتوونەتە دی، هێندەیش پاڵپشتێکی پتەوی تیۆرییان هەیە؛ ئەگەر **ستانیسلاڤسکی** مێتودەکەی خۆی نەنووسیایەتەوە، کەسانی دوای ئەو نەیاندەتوانی شیکاری بۆ بکەن، بە هەمان شێوە **مایکڵ چێخەف**، **مایرهۆڵد**، **گرۆتۆڤسکی**، **پیتەر برووک**... هتد کاریان لەسەر ئەوەی **ستانیسلاڤسکی** کردوویەتی، کردووە و گەیشتوونەتە ئەنجامی تر و جیاواز. ئەوەی ئەوانیش کردوویانە بە یارمەتیی خۆیان و ئەوەی خۆیان نووسیویانە، خوێندنەوەی ڕەخنەیی بۆ کراوە و لە دید و بنەما ئێستاتیکییەکانەوە شیکردنەوەی تیۆریی بۆ کراوە.

بە درێژایی مێژوو، هەمیشە دیدێکی ئێستاتیکی و تیۆری، هاوشانی پرۆسە کردەییەکەی شانۆ بووە؛ **ئەریستۆ** ٣٨٤-٣٢٢ی پ.ز لە سەردەمە دێرینەکەی **گریک**ەوە ئەو بنەمایە دادەڕێژێت. کتێبی شیعر (**پۆیەتیکا**) چواچێوە تیۆرییە شیکارییە دراماتۆرگییەکە بۆ هونەری شانۆ دادەڕێژێت، **هۆراس** ٦٥-٨ی پ.ز بە هەمان شێوە لە کتێبە بچووکەکەی خۆیدا (**هونەری شیعر**) مێژوویەکی نوێ بۆ پرۆسەی هونەری شانۆ، لە هەردوو ڕووی تیۆر و پراکتیکەوە تۆمار دەکات. هەر بە هۆی ئەم کتێبانەوە بۆچوونێکی چڕ و وردمان سەبارەت بە سەرەتا بەراییەکانی شانۆ لە **یۆنان** و **ڕۆما** بۆ دەردەکەوێت، لە خوێندنەوەی ئەم کتێبانەیشەوە هەنگاوەکانی دوای ئەمان هاتوون. هێڵە گشتی و ئەزموونە کردەیی و تەنانەت جۆرێک لە شوناسی ئەو فەرهەنگ و شانۆیەی لە باوەشی ڕیتواڵەکاندا لە **یۆنان** و دواتر بە شێوەیەکی تر لە **ڕۆما**، لەدایک بوون، لە (**پۆیەتیکا**) و (**هونەری شیعر**)دا یەکەم هەنگاوە تیۆرییەکانی دەست پێ دەکات. پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەیش بکرێت، کە ئەو دیدە ئێستاتیکییەی **ئەریستۆ** و دواتریش **هۆراس**، شانۆیان پێ شی کردووەتەوە، هەموو نهێنییەکانمان بۆ ئاشکرا ناکەن، هەروەها وێنەیەکی تەواوی ئەو شانۆ دێرینەیشمان

پێشکەش ناکەن یان وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ئێمەیان لەم سەردەمەدا بۆ نەدراوەتەوە، بەڵام دەروازەیەکیان بۆ قووڵبوونەوە و خوێندنەوە و ڕاڤەی جودا و تێڕوانینێکی گشتییەوە، بۆ کردووینەتەوە. ئەمەیش ئەو ستراکتورەی بۆ دەستەبەر کردووین، کە لە ڕابردووی شانۆ و گرنگیی ڕۆڵی شانۆ تێبگەین، هاوکات لە هەنگاوەکانی خۆیشمان بڕوانین و بزانین پرۆسەی گەشەی شانۆ گەیشتووەتە کوێ و بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات، بۆ نموونە، کە **ئەریستۆ** دەخوێنینەوە، باشتر لە **برێشت** دەگەین، کە **برێشت**یش دەخوێنینەوە، زیاتر لە **ئەریستۆ** نزیک دەبینەوە و دەزانین ئەم فەیلەسووف و شانۆکارە تیۆریستە چۆن تیۆرەکانیان لەسەر تێڕوانین و دید و بۆچوونەکانی یەکتر داڕشتووە و شتێکی تری لێ دەرچووە. بەبێ **ستانیسلاڤسکی**یش لە **برێشت** ناگەین، بۆ ئەوەی لە **برێشت**یش بگەین دەبێت بە باشی لە سیستێمەکەی **ستانیسلاڤسکی**، لە ڕووی تیۆر و پراکتیکەوە گەیشتبین. کە دیدە تیۆرییە ئێستاتیکییەکەی (**گۆردن کرەیگ**) دەخوێنینەوە، لە **برێشت** و **ئارتۆ** باشتر دەگەین و بنەما مۆدێرنەکەی شانۆمان لەنێو تیۆرەکاندا، لەنێو کتێبەکاندا، لەنێو (تیۆر و پراکتیک)دا بۆ دەردەکەوێت. لە شانۆدا تیۆر و پراکتیک، ئەوەی دەنووسرێت و ئەوەی لەسەر شانۆ بە کردەیی بەرجەستە دەکرێت، یەکتری تەواو دەکەن و لە شێوەی زنجیرەیەکی بێکۆتاییدا، هەژموونیان بەسەر یەکترییەوە هەیە، ئەو نمایشانەیشی لەسەر شانۆ دەیانبینین، ئەنجامێکی ئەو هزرە تیۆرییە بەردەوامەی شانۆیە.

تیۆرە شانۆییەکان، قۆناغەکانی شانۆیان دیاری کردووە: شانۆی کلاسیکی، کلاسیکی نوێ، ناتورالیزم، ریالیزم، سیمبۆلیزم، گوزارشتئامێز، هاوچەرخ و مۆدێرن... هتد بەم دیاریکردنەیش ستراکتور و دراماتۆرگی شانۆ و تیۆری شانۆیان کردووە بە بەشێکی دانەبڕاو لە پرۆسە کردەییەکە. ئەو شیکارە تیۆرییانەی بۆ

**شانۆی کۆنی گریکی** کراوە، دیدی شانۆکارە مۆدێرنەکانی فرەلایەن و دەوڵەمەند کردووە، لەو دەروازەیەوە ئەزموونە شانۆییەکان گوڕێکی تر دەسەنن و بەشێک لە ئەزموونکارە گەورەکان پرۆژەکانیان لەسەر بونیادناوە. لێکۆڵینەوە قووڵ و هەمەلایەنەکانی **کۆمیدیای دیلارتی**، سەدەی پانزەهەمی **ئیتالیا**، بنەمایەکی کردەیی و تیۆری بە هەوڵە هاوچەرخ و مۆدێرنەکانی شانۆی جیهانی دەبەخشێت. ئەوەی **ڤاگنەر** سەبارەت بە هونەرێکی گشتگر باسی دەکات، لە سەردەمی خۆی و دواتریش دەروازەیەکی بەرین بە ڕووی هونەری شانۆدا دەکاتەوە و بنەمایەکی تیۆرییش بۆ ئەم هونەرە، لە دیدێکی ترەوە دادەڕێژێت. لە شەستەکاندا، **پیتەر بروک** بە داهێنانی زاراوە و چەمکی (**شانۆی بۆش**) و بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی، گۆڕانکارییەکی گەورە لە فەرهەنگی شانۆی جیهانیدا دەکات و تا ئێستایش هەژموونی ئەو چەمکە بەسەر شانۆی جیهانییەوە بەردەوامە. نموونەکان زۆرن و بە کتێبێکیش تەواو نابن.

ئەم کتێبەی بەردەستیشتان، ڕانان و خوێندنەوەی کۆمەڵێک کتێبی گرنگی شانۆن، کە بە درێژایی مێژوو نووسراون و کەم و زۆر، ڕۆڵێکی گەورەیان لە ڕەوتی شانۆی جیهانیدا هەبووە. هەندێکیان بە **کوردی** هەن و هەندێکیشیان تا ئێستا نەکراون بە **کوردی**، بەڵام لەم کتێبەدا، وێنەیەکی تەواوی ئەو کتێبانە چ لە ڕووی پراکتیک و چ لە ڕووی تیۆرییەوە بە خوێنەر دەبەخشێت. مەبەستی منیش لەم کتێبە ئەوەیە، کە دووپاتی بەهای تیۆری شانۆ بکەمەوە، هەروەها خوێنەر و قوتابیی شانۆ تێڕوانینێکی شیکارییانەی بۆ ئەم کتێبانە هەبێت و لە گرنگیی تیۆری شانۆ بگەن؛ بتوانن خوێندنەوەی خۆیان بۆ ئەم کتێبانە هەبێت و ڕاڤەیان بۆ بکەن.

خوێنەر، لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەم ڕانانانەوە وێنایەکی قووڵ و ئاشکرای بۆ گەشەی شانۆی جیهانی و مێژووی شانۆ لا دروست دەبێت، پەیوەندییەکی میکانیزمی لەسەر بنەمای تیۆرێکی شانۆیی بە مێژووی شانۆوە دروست دەکات، لە جیاوازییەکانیان تێدەگات، هێڵە هاوبەشەکانیان دەدۆزێتەوە و دەگاتە بەرئەنجامێکی تر.

ڕانانی کتێبەکانی نێو ئەم کتێبە لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە جیاوازن: هەندێکیان تەواو لەسەر بنەما تیۆرییەکان و مێژووی شانۆ داڕێژراون، هەندێکیان شیکارییەکی هزرین و بەشێکیشیان تایبەتن بە لایەنە کردەیی و پراکتیکییەکەی شانۆ (نواندن، ڕیژی و ئێستاتیکا)ی شانۆ. بەمەیش هەوڵم داوە مەسەلە تیۆرییەکان و پرۆسە کردەییەکە لەم کتێبەدا کۆبکەینەوە، بەم شێوەیەیش وێنەیەکی گشتگری شانۆمان بۆ دەستەبەر بکات. ئەمە جگە لە خوێندنەوەی چەند یاداشتنامەیەکیش، کە لە لایەن شانۆکارانی بەئەزموونی وەک **پیتەر بروک** و **داریۆ فۆ**وە، نووسراون و ئەزموونە شانۆییەکان دەوڵەمەنتر دەکەن. یاداشتنامەکان، کە پشتیان بە ئەزموونی خۆیان بەستووە، تیۆر و پراکتیکە. ئەوەی ئەوان، وەک یاداشتنامە نووسیویانە، لە ئەزموونی خۆیانەوە سەرچاوەی وەرگرتووە، ئەوەی ئەوان لە دونیابینیی خۆیانەوە کاریان لەسەر کردووە، لە یادەوەرییەکانیاندا بنەمایەکی تیۆریی بۆ پرۆژەکانیان داڕشتووە؛ ئەمەیش سوودێکی گەورەی بۆ مێژووی شانۆ، تیۆری شانۆیی، ئەزموونەکانی تری خۆیان، هونەرمەند و شانۆکارانی تر، ڕەخنەگر، تیۆریستە ئەکادیمییەکان و خوێنەرانیش هەیە.

**دانا ڕەئووف**

**٢٠١٥**

**ستۆکهۆڵم**

# هونەری شیعر
# (پۆیەتیکا)

تیۆرەکانی شانۆ و درامای جیهانی بە شێوەیەک لە شێوەکان هێندەی سەرەتاکانی ئەدەبی درامی و دەقە شانۆییەکان دێرینن، مەبەستیش لە تیۆری دراما کتێبی "**هونەری شیعر**" (**پۆیەتیکا**)یە، کە **ئەریستۆ** ٣٢٢-٣٨٢ی پ.ز لە کۆتاییەکانی ژیانیدا نووسیویەتی. کتێبێک دواتر دەبێتە دەروازەیەکی گرنگ و بنەمایەکی سەرەکی بۆ هەموو تیۆرەکانی تر، کە لەم بوارەدا نووسراون. **ئەریستۆ** لەم کتێبەدا پێناسەکانی دراما، وەکو لقێکی سەربەخۆی ئەدەب، هاوشان لەگەڵ لیریک و داستانەکاندا دەکات، هەروەها هونەر بە ناوەندێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤ و دامەزراوەکانی کۆمەڵدا دەبینێت و لەم ڕووەوە لە ڕۆڵی هونەر و ستراکتوری پێکهاتەکانی دەدوێت.

**ئەریستۆ** لاساییکردنەوە بە یەکێک لە بنەما بنەڕەتییەکانی هەموو هونەرەکان دادەنێت: شیعری داستانی، تراجیدیا، کۆمیدیا و مۆسیقا شێوەیەکن لە شێوەکانی لاساییکردنەوە. هونەرەکانیش لە

سێ خاڵدا لە یەک جیادەکرێنەوە: شێوازی لاساییکردنەوە، ناوەڕۆک و بابەتەکەی، هەروەها فۆرمی لاساییکردنەوە. **ئەریستۆ** هەر لەم دەروازەیەوە ئەو لێکچوونە لە نێوان **سۆفۆکلیس** و **هۆمیرۆس**دا دەبینێت؛ هەردووکیان پاڵەوانی گەورە و پایەبەرز وێنا دەکەن، لە هەمان کاتدا **سۆفۆکلیس** لەگەڵ **ئەریستۆفانیس**، کە شانۆنامەنووسێکی کۆمیدی بووە، یەک دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی هەردووکیان لاسایی جۆرە درامایەک دەکەنەوە. جیاوازیی **هۆمیرۆس**یش لەگەڵ سۆفۆکلیسدا، لە ڕووی شێوازەوەیە، هەروەها **سۆفۆکلیس** لە ڕووی شێوازەوە لەگەڵ **ئەریستۆفانیس** جیاوازیی هەیە.

**ئەریستۆ** لەم کتێبەیدا، چەندە باسی تراجیدیا دەکات، هێندەیش خۆی لە فۆرمەکانی تری دراما، بۆ نموونە کۆمیدیا و ساتیر لادەدات، بەڵام باسی فۆرمە داستانئامێزەکان دەکات، بەتایبەتی بۆ ئەوەی جیاوازییەکانی داستان و تراجیدیا بخاتە ڕوو. ئەمەیش لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارە ساکارەی، کە شانۆ بە شێوەیەکی گشتی و فۆرمی تراجیدیا بە شێوەیەکی تایبەتی، پێگەیەکی گەورەی لە **ئەسینا**دا هەبووە.

**ئەریستۆ** دەقە درامایییەکان، بە یارمەتیی چەندین زاراوە، کە خۆی دایهێناون، بۆ نموونە "کردار"، "کارەکتەر"، "یەکە" شی دەکاتەوە، ئەم زاراوانەیش تا ئێستا و بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی لە شیکردنەوەی کارە درامی و دەقە شانۆییەکاندا بەکار هاتوون و بەکار دێن. بە هۆی ئەم زاراوانەیشەوە، ئەوە دەخاتە ڕوو، کە چۆن شانۆنامەکان بۆ نموونە یەکەی کات، شوێن و گرفت و کێشەکان دەخرێنە ڕوو. **ئەریستۆ** ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ڕووداوەکانی شانۆنامەکە تەنها لە یەک شوێندا و لە کاتێکی کورتدا ڕوو دەدەن، ئەم یاسایەیش لە لای شانۆنامەنووسەکانی دواتر بووەتە پرنسیپێکی گرنگ. بەتایبەتی لە

سەردەمی بوژانەوە (**ڕێنسانس**)، هەروەها لە ساڵەکانی ١٦٠٠ەکان و کلاسیزمی نوێدا، ڕەهەندەکانی کات و شوێن و یەکەی کردار بە شێوەیەکی گشتی لە فۆرمێکی پتەوی تیۆریدا گەشە دەکەن و پەیڕەو دەکرێن. لە سەدەی حەڤدەیەمیشدا، **ئەریستۆ** و کتێبی (**هونەری شیعر**) سەرلەنوێ دەبێتەوە جێگەی سەرنج، بۆ نموونە لای **شیلەر**، **گۆتە** و دواتریش **لیسینگ** خوێندنەوەی جودای بۆ دەکرێت. (**بێرتۆڵد برێشت**)یش ١٨٩٨-١٩٥٦ لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا، لە خوێندنەوەیەکی قووڵی هونەری شیعرەکەی **ئەریستۆ**وە دەگاتە بەرئەنجامێکی تر، کە بە "**دژە-ئەریستۆ**" ئاماژەی بۆ دەکرێت و ترادیشونێکی دوو هەزار ساڵەی تیۆری شانۆ دەخاتە ژێر پرسیارەوە. (هونەری شیعر) بە خوێندنەوە ڕەخنەییەکەی **برێشت** ناگاتە ئاستێکی بنبەست، بەڵکو تا ئێستا و لە دیدی مۆدانیستەکانیشەوە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ کراوە.

**ئەریستۆ** لەم کتێبەدا تراجیدیا، وەک گرنگترین فۆرمەکانی دراما ناوزەد دەکات، دەروازەکانی دونیایەک دەکاتەوە، کە تا ئێستا لە هەموو لێکدانەوەیەکدا بەکار دەهێنرێن و کاریگەرییان هەیە، بۆ نموونە: "ترس و بەزەیی" و "پاکبوونەوە"، کە دەبنە چەند چەمکێکی گرنگی بنەماکانی تراجیدیا. (بەگشتی، تراجیدیا شەش بەشی هەیە. بەشەکانیش ئەمانەن: پلان، کەسایەتی، شیعر، بیرۆکە، بینەر و گۆرانی. دوانیان سەر بە ناوەند و یەکێکیان هەڵوێست و سیانەکەی دیکە سەر بە بابەتی دراماکەن. لەنێو ئەم بەشانەدا، لە هەموویان گرنگتر، بەستنەوەی بەسەرهاتەکانی نێو چیرۆکەکەیە.)

(**هونەری شیعر**) بە بەراورد لەگەڵ کتێبەکانی تری **ئەریستۆ**، جیاوازی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە. تێکستەکانی کورتە و هەندێک جار تەنها ئاماژەیەکە یان پێچەوانەی بۆچوونەکانی لەوەوبەری خۆیەتی. لە بەشی شەشەمدا (**باسێکی تراجیدیا**) کە ناوەندێکی گرنگی کتێبەکەیە، چوار جۆر پێشنیازی جیاواز،

سەبارەت بە بنەما سەرەتاییەکانی تراجیدیا دەخاتە ڕوو "تراجیدیا نواندنە بە کردەوە، نواندنەکەیش لە شانۆگەرییەکەدا پەیوەندیی بە پلانەوە هەیە. تراجیدیا لاساییکردنەوەی کردەوەکانە و لە پێناوی نواندن و ژیانەوەی کردەوەکانیشدا پەنا بۆ کەسایەتییەکان دەبات. لایەنێکی گرنگی دیکەی تراجیدیا دەقە." لە بەشی هەژدەدا (چەند دەستوورێکی تر بۆ شاعیرانی تراجیدی) دەرگایەکی تر بە ڕووی تیۆرەکانی درامادا، لە دەروازەیەکی ترەوە دەکاتەوە و تراجیدیا دابەش دەکات بەسەر چوار جۆردا: "تراجیدیا پێکهاتوو لە وەرگەڕان و دۆزینەوە، تراجیدیای ئازارچێشتن، تراجیدیای سەر بە کەسایەتی و تراجیدیای سادە". لە بەشی دوانزەیشدا (بەشە سەرەکییەکانی تراجیدی) هەوڵی داوە فۆرمەکانی تراجیدیا بەم شێوەیە بخاتە ڕوو: "پێشەکی، چیرۆک، کۆتایی، کۆرس، کۆرسیش کە دوو بەشی هەیە، دەستپێکردن و سروود. ئەم بەشەی کۆڕاڵ لە هەموو تراجیدیاکەدا هەن، بەڵام گۆرانی لەسەر شانۆ و لاوانەوە لە هەندێک، نەک لە هەموو تراجیدیایەکدا دەدۆزرێنەوە."

هەروەها **ئەریستۆ** بە گرنگییەوە باسی خاڵی وەرچەرخان لە ڕووداوەکانی تراجیدیادا دەکات. ئەمەیش پەیوەندیی بە گۆڕانکاریی ڕووداوەکان و ئەو هێدمە چاوەڕوانەکراوەوە هەیە، کە لە خودی ڕووداوەکاندا ڕوو دەدات، هاوکات ئەمە پێویستە بۆ ئەوەی تراجیدیاکە بگاتە ئاستی پێگەیشتن. تراجیدیایش هەمیشە لە خۆشگوزەرانی و بەختیارییەوە بۆ پەژارە و کارەساتێکی جەرگبڕ گەشە دەکات. **ئۆدیبی پادشا** نموونەیەکی ئەو تراجیدیایەیە، کە **ئەریستۆ** باسی دەکات. هاوکات **ئەریستۆ** بەو کۆتاییانە قایل نەدەبوو، کە خواوەندێک لەپڕ لە ئاسمانەوە بێتە خوارەوە و هەموو گرفتەکان چارەسەر بکات و یاسا بەرقەرار بکات، **ئەریستۆ** ئەمەی بە شتێکی دروستکراو دەزانی و ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە دیمەنێکی لەم چەشنە لەنێو خودی ڕووداوەکانەوە نایەتە

دەرەوە. دواتر ئەم جۆرە چارەسەرە لای **ڕۆمانی**یەکان بایەخێکی زۆری پەیدا کرد، زۆربەی تراجیدیاکان بەهاتنە خوارەوەی ئەو خواوەندانە کۆتایی هات، کە هەموو کێشە و گرفتەکانی بۆ چارەسەر دەکردن. بەم شێوەیەیش **ئەریستۆ** بنەما سەرەکییەکانی دراما و تراجیدیا دادەنێت و پاڵپشتێکی تیۆری بەهێز بۆ دەستپێکی هونەری **شانۆی گریکی** دەستەبەر دەکات.

**ئەریستۆ** لە "**پۆیەتیکا**"دا ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە ئەو دیمەنانەی کوشتن و ئەشکەنجەدان لەخۆ دەگرن، لەسەر شانۆ بەرجەستە نەکرێن، بەڵکو لە دەرەوەی شانۆوە ڕوو بدەن و بە هۆی پەیامنێرێکەوە لەسەر شانۆ بگێڕدرێنەوە. **ئەریستۆ** لەپشت ئەم تەکنیکەوە فەلسەفە و بیرێکی گرنگی بۆ تراجیدیا داڕشتووە: لە ڕێگەی ترس و بەزەییەوە، بینەران چارەنووسی پاڵەوانەکان دەبینن، ئەمەیش ڕێگە بۆ پاکبوونەوەی هەست و نەست (کاتارسیس) لە لای بینەران دروست دەکات. بێگومان ئەمەیش ئاماژەیەکە بۆ هەژموونی ئەو فۆرمە، تراجیدیا/شانۆ بەسەر بینەرانەوە هەیەتی، کە دەیگەیەنێتە ئاستی پاکژبوونەوەوە. (پێویستە پلانی "تراجیدیا" بە شێوەیەک دابنرێت تەنانەت کەسێک بە بیستنی چیرۆکەکە، نەک بە بینینی ترس و بەزەیی لە دەروونیدا بهەژێت. کەسێک گوێ لە **ئۆدیب** بگرێت توشی ئەم حاڵەتە دەبێت.) **ئەریستۆ** لەم ڕووەوە وەڵامی (**ئەفلاتوون**) دەداتەوە، چونکە **ئەفلاتوون** بۆچوونێکی نێگەتیڤی سەبارەت بە تراجیدیا هەبووە. ئەفلاتۆن لە دیالۆگی کۆمارەکەیدا، دژی تراجیدیایە و تراجیدیا بە هۆکارێکی خراپ و زیانبەخش بۆ سەر هەست و هۆشی بینەران، دەزانێت. بەڵام بۆ **ئەریستۆ** تراجیدیا نەک هەر سوودبەخشە بۆ سەر هەست و هۆشی بینەرەکانی، بەڵکو تەوازنی جەستەی بە هۆی ئەو ترس و بەزەییەوە، ڕادەگرێت. هەر لەبەر ئەوەیشە ئەم کتێبەی **ئەریستۆ** لەناو بەرهەم و کتێبەکانی تریدا جێگەیەکی تر و

تایبەتمەندیی هەیە. بەم شێوەیە **ئەریستۆ** لە دیدێکی فەلسەفی و واتاناسییەوە "سیمانتیک" شیکردنەوەیەکی وردی بۆ هەریەکە لە چەمکەکان کردووە، ئەم کارەیش کە قوتابییەکانی نووسیویانەتەوە، لەوە دەچێت تەنها سەرەتاکەی بووبێت. لە هەندێک سەرچاوەدا، ئاماژە بەوە دەکرێت، کە **ئەریستۆ** کتێبێکی تری سەبارەت بە کۆمیدیایش نووسیوە، بەڵام ئەو کتێبە کەس نەیدیوە و نەگەیشتووە بە دەست نەوەکانی دوای **ئەریستۆ**.

زۆر ئاشکرایە، کە **ئەریستۆ** وەک فەیلەسووف و لێکۆڵەرەوەیەکی شیکاری دراما، تراجیدیا بە دیاردەیەک، بە ستراکتورێکی تایبەتمەند و بە یەکەیەکی سەربەخۆ دادەنێت، کە جیاوازە لە شیعر و داستان. ئەم تایبەتمەندێتییەی دراما و فۆرمی تراجیدی، دەبێت لە بنەماکانی ئەو دەقە تراجیدیایانەوە، کە لەبەردەستدان، لێکۆڵینەوەیان بۆ بکرێت. فۆرمی تراجیدیایش هەمیشە لە پێگەیشتن و گۆڕانکاری و قووڵبوونەوەدا بووە، بۆ نموونە **ئێسخیلۆس** ئەکتەرێک زیاد دەکات و دیالۆگ دەکاتە توخمێکی گرنگی تراجیدیاکانی؛ **سۆفۆکلیسیش**، ژمارەی ئەکتەرەکان دەکات بە سیان، ڕۆڵی کۆرس سنووردار دەکات و گرنگییش بە دیمەنی نمایش دەدات. **یوربیدس** ستراکتور و بنەما گشتییەکانی تراجیدیا دەگۆڕێت و زمان و ڕووداو و کارەکتەرەکان لە ژیانی ڕۆژانە و ڕەوشی خەڵکی ئاسایی نزیک دەکاتەوە.

**ئەریستۆ** چەندە گرنگیی بە بنەما شیعرییەکەی تراجیدیاکان داوە، هێندەیش بە گرنگییەوە باسی پاڵەوانەکانی کردووە، چونکە تەنها لە ڕێگەی پاڵەوانەکانەوە شیعرە بەرزە تراجیدیاکە دەگوترێت، ڕووداوەکان دەردەکەون و ڕەوشی تراجیدیاکە ئاشکرا دەبێت. (لێرەدا ئێمە نابێت تەنیا لە چۆنیەتیی شیعرەکە بدوێین. پێویستە ئاوەڕ لە کەسایەتی و پاڵەوانەکانی نێو شیعرەکەیش

بدەینەوە، کە گوتەکە لەسەر زاری ئەو دەردەبڕێت و کارەکەیش بە ئەنجام دەگەیەنرێت. پێویستە بزانین پاڵەوانەکان، لەژێر چ جۆرە کاریگەرێتی و هاندەرێکدا ئەو کارە دەکەن و بۆمان دەرکەوێت چ جۆرە ئاکامێکی هەیە، چاک یان خراپ.)

هەموو کتێبی **هونەری شیعر** لە بەرەنجامی ئەو دەقە تراجیدیایانەوە نووسراوە، کە بوونیان هەبووە و بۆ جەماوەر نمایش کراون، هەر لەبەر ئەوەیشە بنەما تیۆرییەکانی کەم و زۆر ئاماژە بە تراجیدیای کلاسیکی دەکەن. زۆربەی ئەو دەقە کلاسیکییانەیش فەوتاون و هەموویشیان بە شێوەیەکی تەواو نەگەیشتوونەتە دەست ئێمە، بەڵام ئەوەندەیشیان لیَ ماوەتەوە، کە بتوانین لە بنەما تیۆرییەکەی **ئەریستۆ** تێبگەین، بۆ نموونە بە پشتبەستن بە بنەما تیۆرییەکەی **ئەریستۆ** لە بەشێک لە تراجیدیاکانی **ئێسخیلۆس**، لە ناویشیاندا: **ئۆرێستێیا**، هەروەها لە تراجیدیاکانی **سۆفۆکلیس**، وەکو **ئۆدیبی پادشا** و **ئەنتیگۆنا** و هەندێک لە تراجیدیاکانی **یوربیدسیش**، وەکو میدیا، بگەین.

ئەوەی لێرەیشدا گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت، **ئەریستۆ** لەم کتێبەیدا بیروبۆچوونەکانی لەژێر کاریگەری و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگە و سیستەمی دەوڵەتی **ئەسینا**، سەبارەت بە چەمکەکانی دراما و تراجیدیا، نووسیوە. ئەدەب و شانۆ لە چەقی گرنگیپێدان و ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتییاندا بووە و بینەران ئامادەگییەکی ڕاستەوخۆیان هەبووە، لەم ڕووەیشەوە **ئەریستۆ** ناچار بووە بنەماکانی ئەم هونەرە ڕوون بکاتەوە و لە چوارچێوەیەکی تیۆریدا دایانبڕێژێت.

**ئەریستۆ** کتێبەکەی بەم چەند دێڕە کۆتایی پیَ دەهێنێت و دەڵێت: (لێرەدا کۆتایی بە لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر تراجیدیا و شیعری قارەمانێتی و بەشەکانیان و جۆرەکانیان؛ هۆی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنیان؛ ڕەخنەکان و وەڵامدانەوەی

ڕەخنەکان دەهێنین.) بەم شێوەیەیش ئەم کتێبە بچووکە، بە درێژایی مێژوو دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەوانەی ڕەخنەیان لێ گرتووە و بۆ ئەوانەیشی هەوڵی خوێندنەوە و شیکردنەوەیان بۆ داوە. لەم ڕووەوە **ئەریستۆ** بناغە سەرەتاییەکان دادەڕێژێت، کە هیچ تیۆریکارێک نەیتوانیوە لە دەرەوەی ئەم سەرەتایەوە هەنگاو بنێت.

**سەرچاوە:**

ئەریستۆ، شیعر (پۆیەتیکا) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، د. محەمەد کەمال، دەزگای سەردەم، ٢٠١٠، سلێمانی.

# هونەری شیعر

## هۆراس و سەرەتایەکی تر

**ئەریستۆ** لە کتێبی "**پۆیەتیکا**"دا، بیروبۆچوونەکانی سەبارەت بە دراما و تراجیدیا لەژێر کاریگەری و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگە و سیستەمی دەوڵەتی **ئەسینادا** نووسیوە. لەو دەروازەیەوە، کە ئەدەب و شانۆ لە چەقی گرنگیپێدان و ژیانی ڕۆژانەی هاوولاتییاندا بوونە و ڕۆڵێکی گرنگ و لە بەرچاویان هەبووە. دواتر ئەم ترادیشۆنە گوێزرایەوە بۆ شارستانییەتی "ڕۆم" و سەرلەنوێ لە کۆد و کۆمەڵگەیەکی تردا دەردەکەوێتەوە. کولتوور و فەلسەفەی **گریکی** هەژموونێکی بەهێزی بەسەر **ڕۆم**ەکانەوە هەبووە، ئەم هەژموونەیش لە هونەری شانۆدا، لە هەموو بوارەکانی تر کاریگەرتر بووە. تراجیدیا و کۆمیدیای **گریکی** لە سەرەتای ساڵەکانی ٢٠٠ی پ.ز وەرگێردراونەتە سەر زمانی ڕۆمانی و خێرایش بوونە نموونەیەکی باڵا و شانۆکان بە شێوەیەکی گشتی لەسەر بنەماکانی **شانۆی گریکی** بونیادنران. هاوکات کولتوور و شارستانیەتی **گریک**یش گۆڕانکارییەکی خێرای بەسەردا هات و خۆی لەگەڵ سیستێم و دەسەلاتە سیزەرییەکانی ئەو ئیمپراتۆریەتەدا گونجان.

هەرچەندە لە سەرەتاوە ئاهەنگ و ڕیتواڵە دینییەکان و کەرنەڤاڵە فەرمییەکانی دەوڵەت بەشێک بوون لەو ژیانە ڕۆژانەیەی ئەو سەردەمە، بەڵام شانۆ لە **ڕۆما** بە هیچ شێوەیەک ئەو بەهایەی **ئەسینای** وەرنەگرت و هەرگیز نەبووە ناوەندێکی گرنگی ئەو ژیانە شارستانی و پرۆسە دیموکراسییەی **یۆنان** هەیبوو. **شانۆی ڕۆمان**یش بە هەمان شێوە گەشەی نەکرد و تەنها وێنە باڵاکەی تراجیدیا و کۆمیدیای **گریکی**، وەکو وێنەیەکی ئایدیالی مایەوە و ئەوەی ئەوان دەیانکرد، تەنها کۆپیکردنی **شانۆی گریکی** بوو.

لە شارستانیەتی **ڕۆمادا**، هروژمی خەڵک پێویستی بە جۆرە نمایشیک بووە، کە لە ئەدەبەوە بنەماکانی وەرنەدەگرت، بەڵکو لە گەمەی گلادیاتۆر، ئاهەنگی شەپۆلی خەڵکی لەسەر شەقام، یاریگە گەورەکان و نمایشە ڕاگوزارییەکانەوە وەرگرتووە. بێگومان هەموو ئەمانە مانایەکی گەورەیان بۆ مێژووی شانۆ و دراما هەبووە، بەڵام پێویستیان بە هیچ جۆرە لێکدانەوە و پاڵپشتێکی تیۆری و فیکری نەبووە؛ هەر لەبەر ئەوەیشە، کە جێگەی تێڕامان نییە، لەو سەردەمەدا **شانۆی ڕۆمانی** هەستیان بە پێویستیی نووسین و مۆتیڤێکی تیۆری بۆ شانۆکەیان نەکردووە و نەبووە. بنەما تیۆرییەکە لای **گریکی**یەکان هەبووە و ئەوە بۆ ئەوانیش بنەما و ستراکتورێک بووە، کە پەیڕەویان کردووە.

لەم پشێوی و گەمەی گلادیاتۆرانەدا، کە بە خوێنڕشتن کۆتایی پێ دەهات، ئەدەب و شانۆ دەبنە جێگەی سەرنجی کەسانێکی دیاریکراو، کە شارەزای ئەدەب و **شانۆی گریکی** بوون، هەروەها جۆرە ژیانێکیش، نزیک لە ژیانی **گریکی**یە ئەرستۆکراتییەکانەوە ژیاون. لەژێر دەسەڵاتی "**ئاگۆستینییەکان**"یشدا پێگەی ئەدەب هەندێک بەهێز دەبێت و بە یارمەتیی دەزگاکانی دەوڵەت سیستەمێکی هونەری و ئەدەبی گەشە دەکات، بەمەیش

چەمکەکانی فۆرمی تیۆری ئەدەبی کلاسیکی، بێگومان کە درامایشی لەخۆ دەگرت، دەردەکەوێت.

لەم نێوەند و پشێوییەدا دەقێک، کە بنەمایەکی ئێجگار گرنگی هەبووە، دەردەکەوێت و کلاسیزمی ڕۆما توانیویەتی بنەما تیۆرییەکانی خۆی لەو دەقەوە وەربگرێت، ئەو دەقەیش (**هونەری شیعر**)ەکەی (**هۆراس**) ٦٥-٨ پ.ز، کە لە شێوەی نامەیەکی ئەدەبیدا بۆ کوڕەکەی خۆی نووسیوە. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکانیش ئەم دەقە ساڵی ١٤ دوای لەدایکبوونی بڵاو کراوەتەوە. نازانرێت **هۆراس**، چەندە **پۆیەتیکا**کەی **ئەریستۆ**ی لە بەرچاو بووە و لەژێر چ کاریگەرییەکی ئەودا، نووسیویەتی. **ئەریستۆ** کەسێکی فەیلەسووف و پیاوی زانست و زانیاری بووە، لە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە هەوڵی داوە پێناسە و دەستنیشانی فۆرم و بنەماکانی دراما و تراجیدیا، پرۆسە و داستانەکان دیاری بکات و ئاماژە بە ڕێسا سەرەتایی و سەرەکییەکانیان بکات. هاوکات هەوڵیشی دواوە، لەم ڕوانگەیەوە پێگەی دراما لەنێو ئەم فۆرمانەدا شیبکاتەوە، بەڵام نامە ئەدەبییەکەی **هۆراس**، بە تەواوی شتێکی جیاواز و دەقێکی ترە. بە شێوەیەکی ساکار دەکرێت بگوترێت، کە دەقەکەی **هۆراس** وەک نووسەرێک، چەند ڕێنماییەکی پراکتیکی و پێشنیازی بەربڵاوە، سەبارەت بە چۆنیەتیی نووسینی شیعر بۆ نووسەرەکانی ئەو سەردەمە و هاوڕێ و هاوکارەکانی. مەبەستیش لە شیعر هەموو فۆرمە ئەدەبییەکان بووە، بێگومان دراما و دەقی شانۆیش بەشێک بووە لەو فۆرمانە. **هۆراس** لەم دەقە کورتەدا، سەرەتاکانی بنەمای ئەدەبی بەراوردکارییش، وەک تیۆرێکی ئەدەبی بۆ فۆرمەکانی نووسین دادەڕێژێت. دەروازە و بنەما و دیدەکانی **هۆراس**، وەکو سەرەتایەک چەندین پێشنیاز و ڕێنمایی بەجێ و گرنگ دەگرێتەخۆ و لەگەڵ زۆربەی فۆرمەکانی نووسیندا دەگونجێت و دەکرێت سوودیان لێ وەربگیرێت. یەکێک

لە گرنگترین ڕێنماییەکانیش، بە بۆچوونی **هۆراس**، گەڕانەوەیە بۆ **گریک**ەکان و فێربوون لەوانەوە. هیچ کەسێک نابێتە نووسەرێکی باش، ئەگەر نەگەڕابێتەوە بۆ سەر **گریکی**یەکان، ڕێساکانی ئەوان فێر نەبووبێت و شوێن پێی ئەوانی هەڵنەگرتبێت. **هۆراس** ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە پێویستە شەو و ڕۆژ **گریکی**یەکان بخوێنرێتەوە، چونکە لەوێدا هونەری وشەسازی دەدۆزیتەوە. (ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندیی بە ئێوەوە هەیە، شەو و ڕۆژ نموونە **گریکی**یەکانتان لە بەرچاو بێت.)

وەک لەوەبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، هونەری شیعرەکەی **هۆراس** نووسراوێکی کورتە و تەنها مامەڵە لەگەڵ دراما ناکات، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی شیعر و درامایش بە بەشێک لە شیعر دانراوە و بەشێوەیەکی ساکار و دوور لە قووڵبوونەوە و بنەما زانستییەکانەوە نووسراوە. ئەو لەو ڕوانگەیەوە بۆچوونەکانی خۆی دانەڕشتووە، کە ڕاڤەی کارەکان بکات، بەڵکو چۆن کارەکان دەنووسرێن، ئەمەیش هەوڵدانێکە بۆ سەپاندن و دروستکردنی کۆمەڵێ ڕێسای جێگیر بۆ شێواز و فۆرمی نووسین. **هۆراس** بە شێوەیەکی توند ڕەخنە لەوانە دەگرێت، کە تەنها پشت بە سرووش (ئیلهام) دەبەستن، بە بۆچوونی ئەو، دەبێت نووسەر کەسێکی هۆشمەند و خاوەن ئەزموونی ژیان بێت، کە شیعر دەنووسێت، دەبێت کاتی بۆ تەرخان بکات و وشە بە وشە بە شێوەیەکی پیشەسازی، کارێکی چڕ و ورد لە داڕشتنی دەقەکانیدا بکات. ئەوانەیشی بڕوایان بە سرووشێکی خواوەندی هەیە، لە گێژاوی بنەما ساکارەکاندا دەسووڕێنەوە، بۆ نموونە **هۆراس** دەڵێت: (هۆ ئەوانەی دەنووسن، بابەتێک هەڵبژێرن، کە هاوتای تواناتان بێت، بە وردی بیر لەوە بکەنەوە، کە ئەستۆتان لەژێر باری چ شتێکدا دەناڵێنێت و دەتوانێ چ شتێک هەڵبگرێت. ئەگەر پیاوێک زیرەکانە بابەتەکەی خۆی هەڵبژارد، ئاسانی و ڕوونیی دەربڕین لێی یاخی

نابێت، جوانی و ڕەونەقی ڕێکخستن. ئەگەر بۆچوونەکەم ڕاست بێت، لەوەدایە، کە پێویستە لەسەر هۆنەری ئەو شیعرە نایابەی دونیا بێسەبرانە چاوەڕوانیەتی، ئەو شتە بڵێ، کە پێویستە بگوترێت و زۆر شت دوا بخات، تاوەکو کاتی خۆی دێت.) لە (**هونەری شیعر**)ەکەی **هۆراس**ەوە لەوە دەگەین، کە تەنها لە زیادەڕۆیی و درێژدادڕی و شتی نادروستەوە خۆمان بەدوور نەگرین، بەڵکو لە ئاستەکانی تێکەڵاوکردنی بەرز و نزم. ئەوەی **هۆراس** نووسیویەتی کەرەستەیەکی گرنگە بۆ ڕێنمایی و فێربوون و تاقیکردنەوە. **هۆراس** لەم نووسینەدا باسی ڕۆڵی نەوەکانیش دەکات، پەیوەندییەکانی نووسەر بەو سەردەمەی تیا دەنووسێت و ئەو نووسینەی بەرهەم دەهێنرێت (هەمیشە ڕێگە بە هەموو نەوەیەک دراوە، ڕێگەیش دەدرێت بەپێی سروشتی گیانی سەردەم وشە دابڕێژێت.)

**هۆراس** شانۆ بە نموونە دەهێنێتەوە، وەکو ئەو گوزارشتە هونەرییەی، کە پشت بە شیعر دەبەستێت و وشەکانی، ڕووداوەکانی، بەسەرهاتەکانی بە شیعر دەهۆنێتەوە. تەرخانکردنی بەشێکی گەورەی دەقەکەیش بۆ شانۆ، ئاماژەیەکە بۆ پێگەی شانۆ لەنێو شارستانیەتی **ڕۆمادا**. **هۆراس** بۆ ئەم مەبەستە و وەک سەرەتایەک، بە شێوەیەکی کورت مێژووی شانۆ، لە **گریک**ەکانەوە تا دەگاتە رۆما، دەخاتە ڕوو. **هۆراس** دەڵێت، دەبێت کەسایەتی و فیگورەکانی سەر شانۆ، بە شێوەیەک دەربکەون و ڕەفتار بکەن، کە لەگەڵ تەمەنیان بگونجێت و هەموو نمایشێکیش بۆ هەموو تەمەنەکان شتێکی تایبەتی لە خۆیدا هەڵگرتووە. (لێوردبوونەوەمان تەنیا بەوە دەبێت بەڕاستی ئەو سیفەتانە دەستنیشان بکەین، کە لەگەڵ هەر تەمەنێکدا هەن و لەگەڵیدا دەگونجێن، لەو ڕێگەیەوە دەتوانیت ڕۆڵی پیرێکی بەسالاچوو نەدەی بە لاوێک، یاخود ڕۆڵی پیاوێکی کامڵ نەدەیت بە کوڕیژگەیەک.) هەروەها دەربارەی

کارەکتەریش دەڵێت: (گوێ بۆ ئەوە شل بکە، کە من و خەڵکیش چاوەڕوانی دەکەین. ئەگەر دەتەوێت بینەران بە دەست بهێنیت و سڵاوت لێ بکەن، چاوەڕێ بن تا پەردەی شانۆ بە تەواوی دادەدرێتەوە، پێویستە لە سیماکانی هەموو قۆناغێک لە قۆناغەکانی تەمەن شارەزا بیت و ئەو سیمایانەیشیان پێ بدرێت، کە بەپێی جیاوازیی ساڵەکانی تەمەن دەگۆڕێن.)

لەنێو ڕووداوەکانی مێژوو و مێژووی شانۆدا، ئەو نامە ساکار و دیالۆگەی **هۆراس**، هەنگاوێکی بچووک، بەڵام گەلێک گرنگە بۆ گەشەی تیۆری درامای کلاسیکی، بۆ نموونە هەندێک بۆچوون و خوێندنەوەی تیۆری درامی، لای **هۆراس**، تەواو پێچەوانەی بیر و بۆچوونەکانی **ئەریستۆن**. بۆجوونەکانی **هۆراس**، بە هەمان شێوەی **ئەریستۆ** سەراپاگیر و هەمەلایەنە نین و بە هەمان شێوەی **ئەریستۆ** باسی کردار و کەسایەتییەکان ناکات، بەڵکو زیاتر تیشکی سەرنج دەخاتە سەر کردار/ڕووداوەکان، کە لەسەر شانۆ بەرجەستە دەکرێن و هەندێک جاریش دەگێڕدرێنەوە. گرنگیی **هۆراس** لەوەدایە، کە ڕێنماییەکی باش سەبارەت بە وردەکارییەکان دەکات، بەم شێوەیەیش هەمان مۆتیڤە دراماتۆرگییەکانی **ئەریستۆ** دەگرێتەبەر. **هۆراس**، وەک **ئەریستۆ** پێی وایە، کە دەبێت وریا بین لە هێنانەخوارەوەی خواوەندەکان لە ئاسمانەوە و ڕێگەپێدانیان بە چارەسەرکردنی کێشەو ململانێکان و سزادانی گوناهبارەکان و پاداشتکردنی ئازا و پاڵەوانەکانیش. **ئەریستۆ** بە هەموو شێوەیەک دژی ئەم کۆتاییە و بەکارهێنانی خواوەندەکان بووە و دووپاتی کردووەتەوە، کە لۆژیکی ڕووداوەکان هەر خۆیشی کۆتایی بە تراجیدیاکە "ڕووداوەکە" دەهێنێت، هەروەها ئەریستۆ ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە

هاتنەخوارەوەی خواوەندەکان و دەستکاریکردنی ڕەوتی ڕووداوەکان، ستراکتوری ناوەوەی دراماکە بێهێز دەکات. بەڵام موتیڤەکانی **هۆراس** سەبارەت بەم مەسەلەیە جیاوازە و هەمان موتیڤی **ئەریستۆ** نییە و بە شێوەیەکی تر لەم مەسەلەیە دەڕوانێت. **هۆراس** بە تەواوی دژی ئەم جۆرە کۆتاییانە نییە، بۆ ئەو خواوەندەکان تەنها لەو کاتانەدا بەشداری بکەن، کە گرێی ڕووداوەکان ئەوە بهێنێت دەستی خواوەندیان بگاتێ. (نابێت خواوەندێک دەست بخاتە نێو ڕووداوەکانی دراماوە، تەنیا ئەو کاتە نەبێت، کە گرێیەک هەبێت داوای دەستتێخستنی بکات.) لەوانەیە ئەمەیش لەبەر ئەوە بووبێت، کە پێناسەی ئەو بۆ ستراکتوری دراماتۆرگی هێندە بەهێز نەبووبێت، یان پەیوەندییەکانی بە دەسەڵاتەوە هێندە بەهێز بووە، کە خوازیاری ئەم جۆرە چارەسەرانە بوون، تا جیاوازییە سیاسییەکان بە هۆی پەیامنێرێکەوە، کە لە ئاسمانەوە دێتە خوارەوە چارەسەر بکات. **هۆراس** بە شێوەیەکی زیاتر کردەیی بیر لەوە دەکاتەوە، کە چ شتێک لەسەر شانۆ شیاوە و چ شتێک بۆ سەر شانۆ دەگونجێت، ئەمەیش هەمان شتە، کە چ ڕووداوێک لەسەر شانۆ پێشان بدرێت و بە چ شێوەیەک.

**هۆراس** گرنگی دەدات بە پێگە و ڕۆڵی کۆرس و لە **ئەریستۆ** زیاتری لەسەر دەنووسێت؛ ئەگەر کۆرس لە تراجیدیای **گرێکی**دا، تەنها ڕۆڵێکی گەیاندن و ئاگادارکردنەوەی هەبێت، ئەوا لای **هۆراس** لایەنگیری کردارە باشەکان دەکات و هەوڵی ئەوە دەدات یاساکان بخاتە ڕوو، هەروەها **هۆراس** ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە تراجیدیا دەبێت پێنج پەردە/بەش لەخۆبگرێت، ئەم ڕێنماییەیش نە

ڕوون دەکاتەوە و نە هیچ هۆکارێکی بۆ دەستنیشان دەکات، هاوکات ناشیبەستێتەوە بە خودی کردار و ڕووداوەکان و چۆنیەتیی فۆرم وەرگرتنیشەوە. (ئەو شانۆگەرییەی بینەران بە پەرۆشەوە داوای دەکات و نیشان دەدرێتەوە، پێویستە لە پێنج بەش تێنەپەڕێت و لەوەیش کەمتر نەبێت) بە پێچەوانەوە، **ئەریستۆ** بە هیچ شێوەیەک باسی دابەشکردنی پەردە یان بەشەکان ناکات.

**ئەریستۆ** لە "**پۆیەتیکا**"دا دووپاتی ئەوە دەکاتەوە، ئەو دیمەنانەی کوشتن و ئەشکەنجەدان لەخۆ دەگرن، لەسەر شانۆ بەرجەستە نەکرێن، بەڵکو لە دەرەوەی شانۆوە ڕوو بدەن و بە هۆی پەیامنێرێکەوە لەسەر شانۆ بگێڕدرێنەوە. **ئەریستۆ** لە پشت ئەم تەکنیکەوە فەلسەفە و بیرێکی گرنگی بۆ تراجیدیا داڕشتووە: لە ڕێگەی ترس و بەزەییەوە بینەران چارەنووسی پاڵەوانەکان دەبینن، ئەمەیش ڕێگە بۆ پاکبوونەوە (کاتارسیس) لە لای بینەران دروست دەکات.

بۆچوونەکانی **هۆراس** شێوازێکی گشتگر لەخۆ دەگرن، لەوێدا فۆرمی دارما، واتە شێوازی شانۆنامەکان و ستایلەکەی، وەکو بنەماکانی نمایش و وردەکارییەکانی باس دەکات. ئەو کولتوورە ڕێتۆریکییەی لەو دەمەدا پێگەیەکی بەهێزی هەبووە، لەگەڵ دیدی **هۆراس**دا؛ گرنگیدان بە دەق و تەکنیکی پەیڤ و قسەکردن و وردەکارییە ئێستاتیکی و کاریگەرییەکان، ئەو دەروازەیە دەکەنەوە، کە **هۆراس** وەک پیشەیەکی کردەیی سەیری دراما و بەرجەستەکردنی لەسەر شانۆ بکاتەوە. هەرچەندە **ئەریستۆ** بە قووڵی بە بنەماکانی دراما و تراجیدیادا ڕۆدەچێت، لە زۆر ڕوویشەوە دەچێتە قاڵبێکی ئەبستراکتەوە، بەڵام **هۆراس** زیاتر

کۆنکریتییە. هەموو کەسێک لەوەوە فێری ئەوە بوو، کە دیمەنەکان دەبێت پێنج پەردە بن، کارەکتەرەکان لەسەر شانۆ بەم شێوەیە ڕەفتار بکەن، نەک بەو شێوەیە.

خاڵێکی گرنگ، کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەوەیە **هونەری شیعرە**کەی **ئەریستۆ** تا ساڵی ١٥٠٠ەکان دەرنەکەوتووە، بەڵام دەقەکەی **هۆراس**، وەکو هەموو کولتووری ڕۆمانی ئاسانتر بووە دەست خەڵکی بکەوێت و بڵاو بکرێتەوە، کە دواتر **هونەری شیعرە**کەی **ئەریستۆ** کەوتە بەردەستی خەڵکی، بووە بە بەشێک و تەواوکەرێکی **هونەری شیعرە**کەی **هۆراس**. بەم شێوەیە دوو کتێبی "**هونەری شیعر**" لە دوو سەردەمی جیاوازدا دەبنە بنەما و ستراکتورێکی گرنگ بۆ دەستپێکی تیۆری و دراماتۆرگی **شانۆی کلاسیکی ئەورووپی**.

**سەرچاوە:**

هونەری شیعر، هۆراس، وەرگێڕانی حمید عزیز، بەغدا ١٩٧٩

# شانۆی هونەری

(**فلادیمیر نمیرۆڤیچ دانچنکۆ**) ١٨٥٩-١٩٤٣ دەستپێشخەریی یەکەمی دامەزراندنی (**شانۆی هونەریی مۆسکۆ**)یە و هەر لە ساڵی ١٨٩٧ەوە لەگەڵ **ستانیسلاڤسکی** ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە بەڕێوەبردنی ئەم شانۆیەدا، کە سەرلەبەری **شانۆی ڕووسی** دەگۆڕێت و دواتریش کاریگەریی بەسەر تێکڕای شانۆی جیهانییەوە دەبێت. کتێبی (**شانۆی هونەری**) کە **فلادیمیر نمیرۆڤیچ** لە شێوەی بیرەوەریدا نووسیویەتی، بە دۆکیومێنتێکی گرنگ لە مێژووی ئەم شانۆیەدا دادەنرێت. شانۆی "**هونەری**"یش ئەو مانایەی گەیاندووە، کە شانۆیەکی نوێ، دوور لە هەموو جۆرە ترادیشونێکی چەقدار، ئەکادیمیەتێکی نەزۆک، بیرۆکراتی و ئەکتەری ئەستێرەوە بخوڵقێنن. **ستانیسلاڤسکی** و نووسەری ئەم کتێبە، **فلادیمیر نمیرۆڤیچ** کە دامەزرێنەری ئەم شانۆیە بوون، لە زۆر ڕووەوە، وەک ڕووناکی و سێبەر لە یەکتر جیاواز بوون، بەڵام هیچیان بەبێ ئەویتر لە سەروبەندی ئەم شانۆیەدا

هەڵینەکردووە. جیاوازییەکەیش لە نێوان دیما و دیدی ئەم دوو هونەرمەندەدا، وەکو لە سەرەتای ئەم کتێبەدا هەستی پێ دەکرێت، لەوەدایە، کە **نمیرۆڤیچ**، بە پێچەوانەی **ستانیسلاڤسکی، شانۆی هونەریی مۆسکۆی** بە شانۆی نووسەرەکانی دەزانی، نەک ڕیژیسۆر و ئەکتەرەکان.

گرنگیی ئەم کتێبەی **نمیرۆڤیچ** لەوەدایە، کە چەندین ساڵ بەر لە دامەزراندنی **شانۆی هونەریی مۆسکۆ**وە دەست پێ دەکات و هەموو ڕەوتی ئەم شانۆیە و سەرکەوتنەکانی تا دوای شۆڕشیش دەگێڕێتەوە، هەروەها **شانۆی ڕووسی**، شانۆنامەنووسەکان، ڕۆڵی ئەکتەر، ڕەخنەی شانۆیی، ڕۆژنامەگەری، دەسەڵاتی تسار، قوتابخانە شانۆییەکان و هونەری نواندن دەخاتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە. لەو سەردەمەدا لە مۆسکۆ، دوو قوتابخانەی شانۆیی هەبوون، یەکێکیان سەر بە دەسەڵاتی تسار بووە، کە ئەکتەرە گەورەکانی (شانۆ بچووکەکە)ی **مۆسکۆ** وانەیان تیا گوتووەتەوە. ئەویتریان قوتابخانەی فیلهارمۆنیکا، کە ئاستی باش نەبووە و پڕ بووە لە کێشە و گیروگرفت، تا **نمیرۆڤیچ** دەبێت بە مامۆستا و سەرلەبەری دەگۆڕێت و دەیکات بە شتێکی تر. هەر لەم فیلهارمۆنیکایەدا و لە سەردەستی **نمیرۆڤیچ** کەسانی وەک **مایرهۆڵد** و **ئۆلگا کنیپەر** خوێندنی نواندن تەواو دەکەن. **نمیرۆڤیچ** وەک شانۆنامەنووس، ڕیژیسۆر و پێداگۆگ، خەونی بە دامەزراندنی شانۆیەکی نوێوە بینیوە، بۆ ئەم مەبەستەیش لە بیرکردنەوە و گەڕان و داڕشتنی پلان و تۆمارکردنی یاداشت و دید و بۆچوونەکانیدا بەردەوام بووە، بەڵام هەر زوو لەوەیش دەگات، کە ئەم کارە بە تەنها خۆی ناکرێت. (...لە هەمان کاتدا لەوەیش گەیشتم، کە ئەمە شتێکە تەنها بە من ناکرێت، چونکە شتەکان چڕ و گران و فرەڕەهەند بوون. هەر لێرەدا، بۆ یەکەمجار **ستانیسلاڤسکی**م هاتەوە یاد. دوای ئەم هەموو ساڵە لە گفتوگۆ و

خەونبینین، بۆ یەکەمجار بیرم لەو گرووپە ئەماتۆرە کردەوە، کە گەنجێکی بازرگانی دەوڵەمەند بە ناوی **ئەلێکسی ستانیسلاڤسکی**یەوە هەیبوو، هەر خۆی شانۆنامەکانی دەردەهێنا و ڕۆڵە سەرەکییەکانیشی دەبینی.) **نمیرۆڤیچ** سەبارەت بە کەسایەتیی **ستانیسلاڤسکی** دەڵێت (**ستانیسلاڤسکی** لە نێوەندە شانۆییەکەدا هەر زۆر تازە بوو، بەڵێ، دانسقە. لە پێش هەموو شتێکەوە ئەو ئەماتۆر بوو، ئەمەیش مانای وایە، کە لە هیچ شانۆیەک دانەمەزرابوو، هەروەها چ وەک ئەکتەر و چ وەک ڕیژیسۆریش بە هیچ شانۆیەکەوە پابەند نەبوو. ئەو تا ئەو کاتەیش شانۆی نەکردبوو بە پیشەی خۆی، هەر لەبەر ئەوە مۆری شانۆکاری پێوە نەنرابوو.)

**نمیرۆڤیچ** دەستبەجێ نامەیەکی کورت بۆ **ستانیسلاڤسکی** دەنێرێت و ئەوەی بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە بیرۆکەی دامەزراندنی شانۆیەکی نوێی هەیە و پێی خۆشە بیبینێت. **ستانیسلاڤسکی** لە وەڵامی ئەو نامەیەدا تەلەگرافێکی خێرای بۆ دەنێرێت: "زۆر خۆشحاڵم، ٢١ی شەش، سەعات دوو لە چێشتخانەی (**سلاڤیانسکی**) چاوەڕوانت دەکەم." **سلاڤیانسکی** لەو دەمەدا ڕیستۆرانێکی بەناوبانگی **مۆسکۆ** دەبێت و نووسەر و هونەرمەندان لەوێ کۆبوونەتەوە و جێگەی گفتوگۆی هونەری و ئەدەبی دەبێت. **نمیرۆڤیچ** دەڵێت "من چووم بۆ **سلاڤیانسکی**، **ستانیسلاڤسکی** بەر لە من لەوێ بوو و چاوەڕوانی دەکردم. سەعات دووی دواینیوەڕۆ ئەو گفتوگۆ مێژووییەی نێوانمان دەستی پێ کرد و سەعات هەشتی بەیانیی ڕۆژی دوایی لە ماڵی ئەوان کۆتایی هات." دوو خەونی شانۆ، دوو هەڵوێستی جیاواز، دوو کەسایەتی و مەزاجی جودا، هەریەکە و دوور لەویتر کاری خۆی کردووە، دەسەڵاتیان بەسەر هەمان دید و بۆچوونی شانۆیدا هەبووە؛ یەکتری دەبینن و هەژدە سەعات پێکەوە قسە

دەکەن و ڕاستەوخۆ بنەماکانی شانۆیەک دادەنێن، کە دواتر ڕۆڵێکی گەورە لە مێژووی شانۆی جیهانیدا دەبینێت. هەر لەم کۆبوونەوەیەدا لەسەر ئەوە ڕێک دەکەون، پێکەوە بەرپرسیاریەتیی ئەم شانۆیە بگرنە ئەستۆ، **ستانیسلاڤسکی** ڕیژیسۆر و هەروەها بەرپرسیاری ڕێپۆرتوار. **نمیرۆڤیچ** بەرپرسیاری یەکەمی ڕێپۆرتوار بێت. ئەویش بڕیارێکی باش نابێت بۆ دوو هونەرمەندی بەهێز، کە هەردووکیان پێداگرییان لەسەر دید و بۆچوونەکانی خۆیان کردووە. (ئێمە هەر ئەو بەرەبەیانە لە بێهێزیی ئەو پلانە گەیشتین. لە پراکتیکدا هەر زۆر خێرا لەهەموو هەنگاوێکدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە ناکرێت فۆرم لە ناوەرۆک جیابکرێتەوە، ئەگەر من پێداگری لەسەر وردەکارییەکی سایکۆلۆژی یان وێنەیەکی ئەدەبی بکەم، ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی گوزارشتە هونەرییەکە، فۆرمی دیمەنەکە دەبوومەوە. بە پێچەوانەیشەوە، ئەگەر ئەویش پێداگری لەسەر فۆرمێک، کە بۆ دیمەنێکی دۆزیبووەوە، بکردایە، لەگەڵ مامەڵە ئەدەبییەکەی من تووشی کێشە دەبوو، بەڵام ئێمە هەردووکمان هێندە ڕاستگۆ بووین، ئامادەبووین قوربانی بدەین بە هەموو شتێک تا ئەو ئاگرەی لە دەروونماندا کڵپەی سەندبوو، نەکوژێتەوە.) هەر لەم دانیشتنەدا بڕیاری ئەوە دەدەن، کە یەک ساڵی تەواو خەریکی خۆئامادەکردن و پلاندانان و داڕشتنی شانۆکەیان بن و دوای ساڵ و نیوێک بەسەر گفتوگۆ هەژدە سەعاتییەکەیاندا، شانۆکەیان دەکرێتەوە. یەکەم ڕێپۆرتواری **شانۆی هونەریی مۆسکۆ** بریتی دەبێت لە: **ئەنتیگۆنای سۆفۆکلیس**، **بازرگانی ڤێنیسیای شەکسپیر**، **تسار فیۆدۆری تۆڵستۆی**، **هێدا گابلەری ئیبسن**، چەند شانۆنامەیەکی **هاوپتمان** و **نەورەس**ی **چێخەف**.

**ستانیسلاڤسکی** بۆ داڕشتنی ڕێپۆرتواری شانۆی هونەر، دیما و دیدێکی دەوڵەمەند و زەوقێکی پڕ لە زانینی سەبارەت بە دەقە

کلاسیکییەکان هەبووە، بەڵام هەمان دید و پەرۆشیی بۆ نووسەرە هاوچەرخ و نوێیەکان نەبووە و بە هیچ شێوەیەک، ئەو نووسەرانە، هەر بۆ نموونە **چێخەف** نەدەکەوتنە خانەی پرۆگرام و دیدی ئەو شانۆیەوە، کە ئەو دەیویست دروستی بکات. **نمیرۆڤیچ** ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە بێگومان **ستانیسلاڤسکی** ئاگای لە چیرۆکەکانی **چێخەف** بووە، بەڵام ئاگای لە هەوڵە شانۆییەکانی نەبووە. **نمیرۆڤیچ** ناچار دەبێت **ستانیسلاڤسکی** قایل بکات، کە (**نەورەس**) بخاتە ڕێپۆرتوارەکەیانەوە و هەر خۆیشی کاری ڕیژیی بۆ دەکات. **چێخەف** هاوینی ساڵی ١٨٩٧ بە هۆی نوشووستهێنانی شانۆنامەی (**نەورەس**) لە شانۆی **ئەلکسەندەرنیسکی** خۆی لە هەموو کەسێک دزیوەتەوە و دەرگاکانی هەموو شانۆکانیش بە ڕووی خۆیدا دادەخات. هەر لەم ڕووەوە گوتوویەتی "من هەرگیز چیتر، ئەگەر حەوت هەزار ساڵی تریش بژیم، بۆ شانۆ نانووسم، ڕێگەیش نادەم ئەو شانۆنامانەی نووسیومن بخرێنە سەر شانۆ." **نمیرۆڤیچ** هەرچۆنێک بێت **چێخەف** قایل دەکات، **نەورەس** بۆ کردنەوەی شانۆکەیان نمایش بکەن. دواجار **ستانیسلاڤسکی** بە نابەدڵییەوە ڕەزامەندی دەردەبڕێت و پرۆڤەی نەورەس دەست پێ دەکات و ڕۆڵەکان دابەش دەکرێن: **مایرهۆڵد** ڕۆڵی "**کەنستەنتین**"، **ستانیسلاڤسکی** "**تریگۆرین**" و **ئۆڵگا کنیپە**ریش "**ئەرکادینا**" دەبینن. هێدی هێدی ئەتمۆسفێرێکی پڕ لە کار و خولقاندن و گەڕان **چێخەف**ی لە **ستانیسلاڤسکی** نزیک کردووەتەوە و لەپڕ بەر لە ئەکتەرەکان بڕوایەکی پتەوی بە **چێخەف** هێناوە. (ئێمە باسی شانۆکەی خۆمان، شانۆکەی من و **ستانیسلاڤسکی**مان دەکرد، دواتر بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و کتوپڕ بوو بە شانۆی **چێخەف**.) **نمیرۆڤیچ** ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە بە کردنەوەی شانۆی هونەر، ئەو شانۆ نوێیەی ئەوان خەونیان پێوە بینیوە، لەدایک نەبووە. هەرچەندە نمایشەکانیان سەرکەوتنێکی گەورەی

بەدەست هێناوە، بینەران کاردانەوەیەکی باشیان هەبووە و ڕەخنەگرەکان بە پەرۆشەوە لەسەر نمایشەکانیان دەنووسی، بەڵام هەستکردن بە لەدایکبوونی شانۆیەکی نوێ، بوونی نەبووە. شانۆ نوێیەکە، ئەو پرۆژەیەی ئەوان بیریان لێ دەکردەوە و خەونیان پێوە دیوە، دواتر بەبێ هیچ هاتوهاوارێک لەدایک دەبێت. نووسەر بە درێژی باسی پرۆڤە و خۆئامادەکردنی شانۆنامەی **نەورەس** دەکات، ترس و شڵەژاوی و تارمایی **چێخەف** و بەتاڵیی کاسەی شانۆکە لەو ڕۆژگارەدا، دەبنە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ ڕۆژی یەکەمی نمایش و خەونی سەرکەوتنی شانۆنامەکە و داڕمانی هەموو شانۆکەیان، هەروەها بە شێوەیەکی ئەفسووناوی باسی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی نمایشەکە، لە ١٧ی مانگی دوانزەی ساڵی ١٨٩٨دا و ئەو پەرچەکردارە بەهێزەی بینەران دەکات، کە بە چەپڵەڕێزانێکی درێژخایەن پێشوازی لە نمایشەکە دەکەن و دەیانەوێت هەر لەوێدا و لەسەر داوای ئەوان تەلەگرافێک بۆ نووسەری شانۆکە، **ئەنتوان چێخەف** بنێرێت. نمایشەکە هەر سەرکەوتنێکی گەورە بۆ **چێخەف** بەدەست ناهێنێت، بەڵکو دەبێتە ڕووداوێکی گرنگ و سەرەتایەکی پتەویش بۆ شانۆی هونەری و بۆ تێکرای ڕەوتی **شانۆی ڕووسی**. بەم شێوەیە، ئەو شانۆ نوێیەی، کە باسیان دەکرد، لەدایک دەبێت.

دوای **نەورەس**، **خاڵە ڤانیا**، **سێ خوشک** و **باخی گێلاس** سەرکەوتنی گەورە بۆ ئەکتەرەکان و بۆ **شانۆی هونەریی مۆسکۆ** بەدەست دەهێنێت و نووسەر بە وردی هەلومەرج و ڕەوشی نووسین و پرۆڤە و پەیوەندییەکانی **چێخەف** بە ئەکتەر و شانۆکەیانەوە ڕوون دەکاتەوە. ئەم پەیوەندییە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە چەند گرنگە نووسەرێکی شانۆیی لەنێو شانۆ و لەگەڵ ڕێژیسۆر و ئەکتەرەکاندا دەقەکانی بنووسێت و لەگەڵ

هونەری نواندن و دیدی شانۆ و پرۆڤە، کارەکتەرەکان و ڕووداو و ڕۆنانی درامی گەشە بکات.

هەرچەندە، دوای مردنی **چێخەف، مەکسیم گۆرگی** و دواتریش **لیۆ تۆڵستۆی** دەبنە شانۆنامەنووسە سەرەکییەکانی **شانۆی هونەریی مۆسکۆ**، بەڵام هیچ شانۆنامەنووسێک ناتوانێت ئەو پەیوەندییەی **چێخەف** بە شانۆکە و ئەکتەر و ڕێژیسۆرەکانەوە هەیبوو، دروست بکەن. **نمیرۆڤیچ** لە نزیکەوە هەرسێ شانۆنامەنووسەکەی: **چێخەف، گۆرگی** و **تۆڵستۆی** ناسیوە و پەیوەندییەکی هونەری و هاوڕێیەتی لەگەڵیان هەبووە، لەم کتێبەیشدا وێنەیەکی ئاشکرا و پێناسەیەکی ڕاستەوخۆ و قووڵبوونەوەیەکی گشتگر سەبارەت بە خۆیان و بە بەرهەمەکانیان دەکات.

ئەم دوو هونەرمەندە **ستانیسلاڤسکی/ نمیرۆڤیچ** باسی ئەوە دەکەن، کە نمایشەکانیان بۆ هەموو چینەکانی کۆمەڵ پێشکەش بکەن، ئەمەیش لەو سەردەمەی **ڕووسیا**دا بە شۆڕشێک دانراوە؛ ئەوان ویستوویانە بینەرەکانیان هەست بەوە نەکەن، کە لەناو هۆڵی شانۆکەدا خاوەن دەسەڵاتی یەکەم و ئاغا بن، بەڵکو ویستوویانە بینەر، هەرچەندە خۆی پارەی داوە و بە پارەی بلیتی خۆی هاتووەتە ژوورەوە، هەست بەوە بکات بەختیارە و سوپاسگوزارە، کە ڕێگەیان پێ دراوە بێنە ژوورەوە. **نمیرۆڤیچ** دەڵێت "شانۆکەی ئێمە تەنها شانۆیەک بوو، کە زیاتر لە خودی نمایشەکە، لە هەوڵی خوڵقاندنی شانۆیەکی گەورەدا بوو. من هەتا ماوەیەکی زۆر بە توندی بەرگریم لەم پرنسیپە دەکرد، چونکە گەڕانێکی تازەی لەخۆ گرتبوو سەبارەت بە ڕەوتی شانۆ؛ لەم ڕەوشەدا دەگەیشتینە بیرە قووڵەکانی نووسەر، ئەکتەرەکان کارەکتەرەکانی خۆیان دەدۆزییەوە و بەرەو پێشەوەیان دەبرد، هارمۆنیی نێوان بەشەکانی دیمەنەکان دەستەبەر دەکران." هەر

لەبەر ئەوە زۆربەی ڕەخنەگرەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە هەموو ڕۆڵێکی تازە بۆ ئەکتەرەکانی **شانۆی هونەریی مۆسکۆ**، وەکو ئەوە وا بووە، کە مرۆڤێکی تازە لەدایک بووبێت.

**ستانیسلاڤسکی** و **نمیرۆڤیچ** گەیشتبوونە ئەو بڕوایە، کە ڕیژیسۆر دەبێت لە شانۆیەکی نوێدا، بەرپرسیاری یەکەم بێت و دەسەڵاتی ڕەهای نمایشە شانۆییەکانی هەبێت. ئەو شانۆنامەیەی هەر ڕیژیسۆرێک پێشەکەشی دەکات، دەبێت ئەو بەرپرسیار بێت لە هەڵبژاردن و ڕاهێنانی ئەکتەرەکانی، لە شیکردنەوەی دەقەکە، لە ڕۆژانی پرۆڤە و هەموو وردەکارییەکی تری نمایشەکە. **نمیرۆڤیچ** دەڵێت (ڕیژیسۆر کەسێکە، کە سێ ڕووخساری هەیە: یەکەم ڕیژیسۆر- ڕاڤەکار؛ ئەوە پێشان دەدات، کە چۆن نواندن دەکەی، هەر لەبەر ئەوەیشە دەکرێت بەو ناوەیشەوە ئاماژەی بۆ بکرێت، ڕیژیسۆر/ئەکتەر یان ڕیژیسۆر/پێداگۆگ. دووەم ڕیژیسۆر- ئاوێنە، کە خوڵقاندن و تواناکانی ئەکتەری تیا ڕەنگ دەداتەوە. سێیەمیشیان ڕیژیسۆر- ڕێخەری هەموو نمایشەکە.)

**نمرۆڤیچ** هەر لەم کتێبەدا، هەنگاو بە هەنگاو باسی ڕێچکەی بەرەوپێشەوەچوونی هونەری ڕیژی لەلای **ستانیسلاڤسکی** و کاری ئەکتەر دەکات و زیاتر ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە چۆن **ستانیسلاڤسکی** وەک ڕیژیسۆرێکی بەسەلیقە لە کارە سەرەتاییەکانییەوە، کە زیاتر بایەخی بە شتە ڕووکەشییەکان داوە، قووڵ دەبێتەوە و لە کارەکانی دواتریدا بەرەو شتە گەوهەری و ناوەکییەکان دەچێت. هەر لەم قۆناغەیشدا، کە زیاتر بە ناوەڕۆکی دەقەکان و شیکارکردنی ناوەڕۆک و کردنەوەی کۆدی گشتیی پەیوەندییەکان و بەستنەوەی پەیوەندیی کارەکتەرەکان بە ڕووداوە دەرەکی و ناوەکییەکانەوە، بەرەو فۆرمەلەکردنی سیستێمەکەی دەبات و زیاتر و زیاتر لە کاری ئەکتەر لەگەڵ خۆی و لەگەڵ ڕۆڵەکەیدا قووڵ دەبێتەوە.

(**شانۆی هونەری**) لەگەڵ شەڕی **ژاپۆن** و **شۆڕشی بەلشەڤیک**ەکاندا، چ لەڕووی دارایی و چ لەڕووی کۆمەڵایەتی و بێگومان لە ڕووی ستراکتوری شانۆکەشیانەوە، بە چەند قۆناغێکی مەترسیداردا تێدەپەڕیت. ئەم ڕووداوانە کار دەکەنە سەر ڕێپۆرتوار، ڕۆڵی شانۆ، پێگەی ئەکتەرەکانیان، پەرۆشیی بینەران و پەیوەندییەکانی شانۆی هونەر بە بینەرەکانیەوە... هتد. **نمیرۆڤیچ** دەڵێت: (تا ئەو کاتەی، کە هیچ فیشەکێک بەر پەنجەرەی شانۆکەمان نەکەوت، ئێمە لەسەر پرۆڤەکردن بەردەوام بووین. تەنانەت تا ئەو کاتەیش، کە ناچار بووین خۆمان بخزێنینە سووچێکی باخچەکەی پشتەوەی شانۆکەمانەوە.) نووسەر ئاماژە بۆ ئەوەیش دەکات، کە لەنێوان سیاسەتی شانۆ کۆنەکان و ئایدۆلۆژیای شۆڕشدا، شەڕێکی بەردەوام بەرپابوو.

لەم ڕۆژگارە سەختانەدا، شانۆی هونەریی ڕۆمانە گەورەکەی **دۆستۆیڤسکی** (**برایانی کارامازۆف**) بۆ شانۆ ئامادە دەکەن و بە نمایشکردنی ئەم ڕۆمانەیش پەیوەندییەکی نوێ بە بینەرانەوە دروست دەکەن. ئەم نمایشە، کە دەبێتە پرۆژەیەکی گەورە و قۆناغێکی نوێی کارکردن و قووڵبوونەوەیەکی تر بە بنەما سایکۆلۆژییەکانی کاری ئەکتەر و ڕیژیسۆردا، زۆر دوورودرێژ دەبێت. بەڵام کات چ بۆ بینەران و چ بۆ ئەکتەرەکان نابێتە فاکتەرێکی گرنگ یان بێزارکەر، بەڵکو هێز و لۆژیکی ڕووداوەکان و کاریگەریی بەسەر بینەرانەوە دەبێتە ڕەهەندێکی بە بەهای نمایشەکە. هەرچەندە **دۆستۆیڤسکی** هەرگیز بۆ شانۆی نەنووسیوە، بەڵام شانۆنامەنووسێکی گەورە بووە: ڕۆمانەکانی چەندین تۆێژاڵی درامی، کارەکتەری زیندوو، سایکۆلۆژیایەکی دەوڵەمەند، کە ئەکتەرەکانی دەبەستەوە بە ڕۆڵەکانیانەوە، لەخۆدەگرێت و زەمینەیەکی دەوڵەمەند و لەبار بۆ شانۆ ئامادە دەکات.

لەم کاتە پڕ لە کێشە و پشێوییەدا، کە شۆڕش لەسەر ڕێگەی ئەو ڕۆژگارەدا وەستابوو، هەموو بنەما ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، هونەری و تەنانەت فیکرییەکانیش گۆڕانکاریی بنەڕەتییان بەسەردا هاتووە، شانۆیش بەشێک بووە لەو گۆڕانکارییانە. ئا لەم کاتەدا **شانۆی هونەریی مۆسکۆ** بڕیارێکی گرنگ دەدات: بە سەد کەسەوە، ئەکتەر و ڕیژیسۆر و هەموو کارمەندەکانی تری شانۆکەیانەوە، بە حەوت واگۆنی شەمەندەفەری پڕ لە دیکۆر و جلوبەرگ و پێداویستییەکانی نمایشەکانیانەوە و بە چوار نمایشی شانۆییەوە بەرەو **ئەڵمانیا**، **چیکۆسلۆڤاکیا**، **پۆڵۆنیا** و **نەمسا** دەکەونە ڕێ. نمایشەکانیان، لە شارەکانی ئەم وڵاتانە، نەک هەر سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێت، بەڵکو **شانۆی هونەریی مۆسکۆ** دەکاتە شانۆیەکی جیهانی و ناوبانگێکی نێونەتەوەیی گەورەیان بۆ دەستەبەر دەکات. لەم وڵاتانە پێشوازییەکی گەورەی جەماوەری و هونەرییان لێ دەکرێت و ڕۆژنامەکان ڕۆژانە، بە درێژی لەسەر **شانۆی هونەریی مۆسکۆ** و نمایشەکانیان دەنووسن. دوای چەند ساڵێک گەشتە هونەرییەکانی ئەم شانۆیە هەر بەردەوام دەبێت، لە **فەڕەنساوە** دەچنە **وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا** و بەو شێوەیە بنەما مۆدێرنەکانی شانۆی هاوچەرخی جیهانی دادەنێن.

**سەرچاوە**

Vladimir Nemirovitj-Dantjenko, Konstnarliga teatern, oversettning av Inga Tegen, Stockholm 1952

# ژیانی هونەریم

## خوێندنەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی بۆ یاداشتەکانی ستانیسلاڤسکی

**کۆنستانتین سێرگێڤیچ ستانیسلاڤسکی** ١٧ی مانگی یەکی ساڵی ١٨٦٣ لە **مۆسکۆ** لەدایک بووە، لە حەوتی مانگی یەکی ساڵی ١٩٣٨دا کۆچی دوایی کردووە و لە مێژووی شانۆی جیهانیدا، بە یەکێک لە شانۆکارە گەورەکانی دونیا هەژمار دەکرێت. **ستانیسلاڤسکی** لە هەموو ژیانیدا، پرۆسەی نواندنی خۆی و ئەکتەرەکانی؛ چۆنیەتیی نواندن و دۆزینەوەی کارەکتەر و بنەماکانی نواندنی، خستبووە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنێکی وردی تیۆری و پراکتیکییەوە. **ستانیسلاڤسکی** ئەوەندەی کاریگەریی تەوژمە مۆدانیزم و ئەڤانگاردەکانی سەردەمی خۆی بەسەرەوە بووە، هێندەیش کاریگەریی ئەو بەسەر تەوژمەکانەوە هەبووە، هاوکات سەرچاوەی کارەکانی لە **سروشتگەرایی**، **سمبۆلیزم**، **فۆرمالیزمە ڕووسەکان**، **پاڤلۆڤ**، **زانستی دەروونناسی**، ئەمە جگە لە دیدە ئێستاتیکییەکانی **پوشکین**، **گۆگۆل** و **تۆڵستوی**، وەرگرتووە.

**ستانیسلاڤسکی** لە کتێبی (**ژیانی هونەریم**)دا، چ وەک ئەکتەر و چ وەک ڕیژیسۆر زۆر بە چڕی و بە ووردی باسی سەرەتاکانی خۆی لەنێو چوارچێوەی ماڵەکەیاندا، دەستپێکی چالاکییە هونەرییەکانی، دامەزراندنی **شانۆی هونەریی مۆسکۆ** و گەشتەکانی، دەکات. هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ هەموو پرۆژەیەکی نوێدا مێتود و سیستێمەکەی بونیاد دەنێت، تاقیی دەکاتەوە، لەسەری دەنووسێت، هەڵوێستەیان لەسەر دەکات، لە هەندێکیان پەشیمان دەبێتەوە، دایاندەڕێژێتەوە و سەرلەنوێ لە فۆرمێکی تردا تاقییان دەکاتەوە و دەیانخاتەوە ژێر تیشکی سەرنج و لە شێواز و ستایلە هونەرییەکەی دەدوێت. لە سەرەتای کتێبەکەیدا باسی هەندێک لە یادگارەکانی منداڵیی خۆی دەکات، ئەو کاتەی تەمەنی سێ چوار ساڵ بووە و ڕۆڵی بینیوە، بەپێی ڕۆڵەکە، جلوبەرگێکی لۆکەی پۆشیوە و دەستی بۆ چەند مۆمێکی داگیرساو بردووە و لە ئەنجامدا ئاگر لەسەر شانۆکە دەکەوێتەوە. ئەمە ترسێکی گەورە دەخاتە دڵی **ستانیسلاڤسکی**ی بچکۆلە.

لەبەر ئەوەی **ستانیسلاڤسکی** لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەنددا بووە، بەپێی نەریتی ئەوسای **ڕووسیا**، بەردەوام سەردانی بالێت، **شانۆی بووکەڵە** و ئۆپێرای **ئیتالی**ی کردووە و ئەو سامانەی بۆی ماوەتەوە بۆ پرۆژە هونەرییەکانی خۆی تەرخانی کردووە.

(**سێرگی فلادیمێرۆڤیچ**)ی باوکی ساڵی ١٨٧٧ لە خانووە هاوینەییەکەی خۆیاندا، شانۆیەکی بە هەموو پێداویستییەکانیەوە بۆ کوڕەکەی دروست دەکات، ئەمەیش بۆ **ستانیسلاڤسکی** بوارێکی گرنگ بووە بۆ تاقیکردنەوە شانۆییەکانی. (یەکەم نمایشی من لە ١٨٧٧/٩/٥دا پێشکەش کراوە. لەبری ئەوەی بەم یەکەم کارەم دڵخۆش بم، تووشی بیرکردنەوە و ڕاچڵەکان بووم) دوای ئەوەی یەکەم کارە شانۆییەکانی لەسەر ئەم شانۆیە نمایش دەکات، گەشتە دوورودرێژەکەی ژیانی وەک ئەکتەر و ڕیژیسۆر

و پێداگۆگ و نووسەر دەست پێ دەکات، لەدوای ئەم سەرەتایەیشەوە دەکەوێتە نووسینەوەی یاداشتەکانی، تۆمارکردنی کۆی ئەزموونی خۆی سەبارەت بە ئەکتەر و هونەری نواندن بەگشتی. لە ئەنجامی شەنوکەوکردنێکی زۆر و ورددا، ئەو سیستێمە شانۆییە دێتە دی، کە دواتر بە سیستێمی **ستانیسلاڤسکی** ناوزەد کرا.

دەستەواژەی (**لە ڕۆڵەکەتدا بژی**) دەبێتە بنەمای کارکردنی **ستانیسلاڤسکی**. ئەمەیش بەمانای وەرگرتنی کارەکتەر دێت، وەک چۆن لە ژیانی ڕاستەقینەدا دەژیت، بۆیە **ستانیسلاڤسکی** هانی ئەکتەرەکانی داوە لاسایی خەڵک و شێوازی ژیانی ڕاستەقینەیان بکەنەوە، جلوبەرگی هاوشێوەی ئەوان بپۆشن و تێبینیی هەڵسوکەوتیان بکەن، بۆ نموونە خۆیشی لە ساڵی ١٩٠٠دا، کە سەردانی **یاڵتا** دەکات، هەموو بەیانییەک لە بەرگی کارەکتەرەکانیدا، بە نێو شەقام و گوێ ڕووبار و باخچە و شوێنە گشتییەکاندا دەسووڕێتەوە.

**ستانیسلاڤسکی** ساڵی ١٨٨٥ بۆ ماوەیەکی کورت لە قوتابخانەیەکی شانۆیی لە **مۆسکۆ** وەردەگیرێت و دەست دەکات بە خوێندن، لەم قوتابخانەیەدا قوتابییەکان لەسەر ئەوە ڕادەهێنران لاسایی کلێشە شانۆییەکان بکەنەوە و وابەستەی دابونەریتگەرایی بن، کە مامۆستاکانیان بە هەمان شێوە کاریان دەکرد. شێوازی خوێندنی هونەری نواندن لەم قوتابخانەیەدا بۆ **ستانیسلاڤسکی** دەبێتە نائومێدییەکی گەورە، ناتوانێت پەیڕەوی ئەو شێوازی خوێندنە بکات و دوای دوو هەفتە واز لە خوێندن دەهێنێت. لەبری ئەوە ڕوودەکاتە (شانۆی بچووک)، کە یەکێک بووە لە شانۆ پرۆفیشناڵەکانی ئەو دەمە و دەیکاتە ئەو شوێنەی شانۆی لێوە فێر دەبێت. **ستانیسلاڤسکی** دەڵێت: (من بۆ هەموو نمایشێکی شانۆی بچووک بە باشی خۆم ئامادەدەکرد. گرووپێکی بچووکم لە چەند

کەسێک دروست کردبوو، کە پێکەوە ئەو دەقەی لە ڕێپورتوارەکەدا بوو دەخوێندەوە و هەموو ئەو لێکۆڵینەوە و نووسینانەیشی سەبارەت بەو دەقە دەستمان بکەوتایە، دەمانخوێندەوە. دوای ئەوە پێکەوە دەچووین و نمایشەکەمان دەبینی، دواتریش باسی ئەو کاریگەریانەمان دەکرد، کە نمایشەکە لای بەجێی هێشتبووین، دوای ئەوە دەچووین و سەرلەنوێ نمایشەکەمان دەبینییەوە و پێکەوە گفتوگۆمان لەبارەوە دەکرد. لەم گفتوگۆیانەوە بە ڕوونی بێئەزموونی و نەشارەزاییمان لە زۆر ڕووەوە لە بوارەکانی هونەر و زانستدا دەردەکەوت. هەوڵێکی زۆرمان دەدا تا لە ڕێگەی ئامادەکردنی سیمیناری گشتی و تایبەتیشەوە هەڵەکانمان چاک بکەینەوە و زانیاریی تەواو کۆبکەینەوە. شانۆی بچووک بووە ئەو هێزەی ڕۆڵێکی گەورەی لە گەشەی هۆشیاریی ئێمەدا هەبوو. ئێمە تەنها لە بواری شانۆدا قووڵ نەدەبووینەوە، بەڵکو هەندێک لە ئەکتەرەکانیشمان دەخستە ژێر لێکۆڵینەوەوە) **ستانیسلاڤسکی** بە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر هەندێک لە ئەکتەرەکانی ئەو شانۆیەیش قایل دەکات، کە لە نمایشە ئەماتۆرییەکانی ئەواندا پێکەوە کار بکەن. (بۆ یەکەمجار لەسەر شانۆ لەگەڵ ئەکتەری ڕاستەقینەدا، کە توانایەکی گەورەیان هەبوو، وەستام. ساتێکی گەورە بوو لە ژیانمدا! بەڵام ترس خستمیە ڕەوشێکی نائارامییەوە، تەریقبوومەوە و لە خۆم تووڕە بووم و بە شەرمەوە گوتم "تێدەگەم" بەڵام لە ڕاستیدا لە هیچ شتێک لەوەی ئەوان بۆیان باس دەکردم، تێنەدەگەیشتم).

**ستانیسلاڤسکی**، دوای کارکردنی لەگەڵ ڕێژیسۆری بەتوانای ئەو کاتەی **ڕووسیا**، **ئەلێکساندەر فۆدۆتۆڤ**، بیرۆکەی دروستکردنی گرووپێکی گەورە، کە لە ئەماتۆر و ئەکتەری شانۆکانی تر پێکبهێنێت، بە پێویست دەزانێت. (ئەوە یەکەمجار بوو ڕێژیسۆرێکی بەتوانا و بلیمەتی وەک **ئا. ف. فۆدۆتۆڤ** ببینم،

کارکردن لەگەڵ ئەو و پرۆڤەکردن لەژێر دەستی ئەودا باشترین قوتابخانە بوو بۆ من) **فۆدۆتۆڤ** پسپۆڕی ئەو هونەرە بووە، کە توانیویەتی ئەو شورایەی لە نێوان ئەکتەر و ڕۆڵدا بەرز بووەتەوە، بڕوخێنێت.

**ستانیسلاڤسکی**، وەکو لە کتێبەکەیدا باسی لێوە دەکات، کاریگەری هەژموونی نمایشی شانۆی بێگانەیشی بەسەرەوە بووە، بەتایبەتییش گرووپە ئیتاڵییەکان. هاوکات گرووپی مینینگین لەگەڵ ڕیژیسۆرەکەیان (شرۆنێگ)، کە دێنە **مۆسکۆ**، دەرگایەکی گەورە بە ڕووی **ستانیسلاڤسکی**دا دەکرێتەوە، **ستانیسلاڤسکی** دەڵێت (تەنها یەک نمایشی ئەوانم لەکیس نەدەچوو، من تەنها نەدەچووم بۆ سەیرکردنی ئەم نمایشانە، بەڵکو لیم دەکۆڵینەوە) **ستانیسلاڤسکی** لەم قۆناغەدا، لە بەردەم ئاوێنەی گەورەدا کاری لەسەر تەکنیکی دەرەوەی ئەکتەر کردووە، ئاماژە، گوزارشتی سیما و دەموچاو، جووڵەی پلاستیکی و تەنانەت هەوڵی داوە تەکنیکی دەنگیش لەگەڵ ئەو وێنەیەی لەسەر ئاوێنەکە دەیبینی، بگونجێنێت. دواتر سەبارەت بەم تەکنیکە دەڵێت: (من بێئەزموون بووم و نەمدەزانی کارکردن لە بەردەم ئاوێنەدا چ زیانێکی گەورەی هەیە، لەگەڵ ئەویشدا سوودێکی بچووکم دەستکەوت. من لەم ڕێگەیەوە لە هەڵەکانی جەستەی خۆم گەیشتم و لە ئامرازە ڕواڵەتییەکانیش، کە کارم بۆ لەناوبردنیان دەکرد) **ستانیسلاڤسکی** لەو سەرەتا بەراییەدا دەیویست ئەکتەر و نواندنی بەرز بخولقێنێت، بیرە بەرز و هەستە گەورەکان بەرجەستە بکات، بەڵام لە بێئەزموونیدا هەموو شتەکانی بۆ ڕیژیسۆرەکان بەجێ هێشتووە، کە ئەو بە تەنها هەموو شتەکانی دەخولقاند. لەبەر ئەوە و لەم ساتانەدا کاری ڕیژیسۆرەکانی گرووپی مینینگین، کە دواتر بۆ ئەوان دەبێتە قوتابخانەی مینینگین، دەبێتە جێگەی سەرنج و فێربوون. **ستانیسلاڤسکی** لە کتێبەکەیدا دەڵێت: (من بوومە

لایەنگریان و هەوڵی لێکۆڵینەوەی مێتودەکانی شرۆنێگ-م دەدا) **ستانیسلاڤسکی** لەو ڕۆژانەدا، لە ڕێگە ڕووکەشەکان و ڕووکارەکانی دەرەوەدا، بەدوای کارەکتەرەکانیدا دەگەڕا، ئەم شێوازەیش هێدی هێدی بەرەو ڕۆچوونەخوارەوە و ناوەوەی بردووە.

**ستانیسلاڤسکی** لە تەمەنی بیستوپێنج ساڵییەوە، وەکو ئەکتەرێکی ئەماتۆر ناسرابوو، هەر لەم کاتەیشدا پێشنیارێک دەخاتە بەردەم (**فیۆدۆر سۆلۆگیب**) و (**ئەلێکساندەر فۆدۆتۆڤ**) تا کۆمەڵەیەک لە ئەکتەری ئەماتۆر و پرۆفێشناڵ و هونەرمەندی تر دابمەزرێنن. بازرگانییەکانی بنەماڵەی **ستانیسلاڤسکی** لە نێوان ساڵانی ١٨٨٧ و ١٨٨٨دا، قازانجێکی زۆر دەکات، **ستانیسلاڤسکی**یش بەشێک لەو قازانجە بۆ کردنەوەی (**کۆمەڵەی هونەر و ئەدەب**) تەرخان دەکات. خانووبەرەیەکی گەورەی ڕازاوە بۆ ئەم مەبەستە دەگرێت، شانۆیەکی گەورە بۆ خۆی و هۆڵی پێشانگەی تیا دەکاتەوە، ئەمە جگە لە وانەگوتنەوە و کردنەوەی کۆرسی هونەری لە بەشی درامای ئەم کۆمەڵەیەدا.

ئەم کۆمەڵەیە چەردەیەک لە شانۆنامەکانی **مۆلیر**، **شیلەر**، **پوشکین** و **ئەسترۆڤسکی** نمایش دەکەن و **ستانیسلاڤسکی** دوور لە کلێشە شانۆییە سواوەکان و لاساییکردنەوە، ڕۆڵی سەرەکییان تیا دەبینێت. **ستانیسلاڤسکی** لە یاداشتەکانی ئەم قۆناغەیدا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەکتەر بەبێ ویست ناتوانێت بەسەر کارەکەیدا سەرکەوتوو بێت، یەکەم هەنگاوی ئەکتەریش ئەوەیە بتوانێت دەسەڵاتی بەسەر ویستی خۆیدا بشکێت. **ستانیسلاڤسکی** هەر لەم کۆمەڵەیەدا، وەک ڕێژیسۆریش دەردەکەوێت و لەم بوارەیشدا ئەزموون پەیدا دەکات و ئەوەیش دووپات دەکاتەوە، کە بۆ ئەوەی ڕێژیسۆرێکی باش بیت، پێویستە وەک ئەکتەر لەدایک بووبێت. (بوونی ڕێژیسۆر شتێکی گرنگ بوو، لەبەر ئەوەی هیچ

ڕیژیسۆرێکیشمان نەبوو، هەروەها حەزێکی لە ئەندازە بەدەریشمان بۆ نواندن هەبوو، خۆم بووم بە ڕیژیسۆر. ژیان فێری ئەوەی کردین خۆمان خۆمان فێر بکەین و قوتابخانەیەکی پراکتیکی بۆ خۆمان دەستەبەر بکەین). **ستانیسلاڤسکی** لەم قۆناغەدا، وەک ڕیژیسۆر دەگاتە ئەنجامێکی گەلێک گرنگ، لەم ڕووەوە دەڵێت: (هەندێک دەق هەن، کە هەر بۆ خۆیان جێگەی سەرنجن، بەڵام هەندێکی تر دەکرێت ببنە جێگەی سەرنج، ئەگەر ڕیژیسۆر شتێکی نائاسایی و جودایان تیا بدۆزێتەوە) یەکەم کارەکانیشی وەک ڕیژیسۆر دەقێکی **تۆڵستۆی** دەبێت، وەک خۆی دەڵێت لەم کارەوە زۆر شت فێر دەبێت و دەچێتە دونیایەکی ترەوە و شتگەلێکی نوێی بۆ دەردەکەوێت. (لەم پرۆژەیەدا شت زۆر فێر بووم. لاڕێیەکم بۆ ڕۆحی ئەکتەر- لە ڕووکاری دەرەوە بۆ ناوەوە، لە جەستەوە بۆ ڕۆح، لە بەرجەستەکردنەوە بۆ ژیان لە ڕۆڵدا، لە فۆرمەوە بۆ ناوەڕۆک، دۆزییەوە. هەروەها فێری هەڵبژاردنی دەوروبەر و ڕێکخستنی ئەکتەرەکانیش بووم، کە لە سەرەتاوە یارمەتیی ئەوەی دام شانەی دەقەکە پێشان بدەم. ئەو شتە باشەیشی لەگەڵ خۆی هێنا، کە چیتر ڕێگە بە شتە کۆنە خراپەکان نەدەم). **ستانیسلاڤسکی**، ئەم یەکەم پرۆژەیەی خۆی، وەک ڕیژیسۆر لە مانگی دووی ساڵی ١٨٩١دا پێشکەش کردووە. **ستانیسلاڤسکی** لەم نمایشەیدا، وەک ڕیژیسۆر هەمان ئەو مۆدێلە بەکار دەهێنێت، کە ڕیژیسۆرەکانی گرووپی مینینگین لە نمایشەکانی **سیزەر**، **بازرگانی فینیسیا**، **شەوی دوازدەهەم** و هەندێک لە شانۆنامەکانی **شیلەر**، کە لە ساڵی ١٨٩٠دا لە **مۆسکۆ** نمایشیان دەکرد و **ستانیسلاڤسکی** بەوپەڕی توانا و وردەکارییەوە تێی دەڕوانین و شیکردنەوەی بۆ دەکردن. قوتابخانەی مینینگین ڕێبازێکی سروشتگەرایی وردیان پەیڕەو دەکرد و لە ڕووی جلوبەرگ، دیکۆر و کەلوپەلەکانەوە، دەقاودەق لە واقیع و

مێژووەوە، کۆپییان دەکرد. ستانیسلاڤسکی دەیویست ئەو ترادیشونە ڕیالیزمییەی، وەک ئەکتەر لە شەپکین و **گۆگۆل**ەوە فێری بووبوو، لە ڕێگەی دەسەڵاتی ناوەندی ڕیژیسۆرەوە، بە شێوەیەکی ئۆرگانیزمی بەرجەستەی ئێستاتیکای سروشتگەرایی بکات. بۆ ئەو لاساییکردنەوەی ڕۆیشتن و جووڵە، پۆشینی جلوبەرگی ڕۆڵ و شێوازی بەکارهێنانی جەستە، تەنانەت ئەکتەرێکی کەمئەزموون و مامناوەندیش دەتوانێت بیانکات، بەڵام هەر وەک گۆگۆل دەڵێت (بەدەستهێنانی ڕۆحی ڕۆڵەکە، کە ببێتە بەرجەستەیەکی هونەری، تەنها خاوەن بەهرەیەکی ڕاستەقینە دەتوانێت). دواتر **ستانیسلاڤسکی** لە کارە بەراییەکانیدا، وەک ڕیژیسۆر ناچار دەبێت واز لە جلوبەرگە گرانبەهاکان بهێنێت و لەبری دیکۆر هەوڵی ئەوە بدات، لە دیدی خۆیەوە، شتی هونەری بدۆزێتەوە.

**ستانیسلاڤسکی** لە ساڵی ١٨٩٤ بەدواوە، بەتایبەتییش لە نمایشی **ئۆتێلۆی شەکسپیر**ەوە بە شێوەیەکی ورد، هەموو تێبینی و نەخشە و پلانەکانی بۆ دەقەکە و چۆنیەتیی کار و بەرجەستەکردنی تۆمار دەکرد، کە بە هیچ جۆرێک لە کاتی مەشق و پرۆڤەکاندا لاینەداوە لێیان و ئەوەی تۆماری کردووە، لەگەڵ ئەکتەرەکانی جێبەجێی دەکرد. پرۆڤەش بۆ ئەو یاسایەکە، کارە هونەرییەکە دەگەیەنێتە ئاستی گەشە و پێگەیشتن.

هەموو ئەو شتانەی، کە **ستانیسلاڤسکی** لە بواری نواندندا بیری لێ دەکردنەوە و لەسەر شانۆیش وەک ئەکتەر دەیبینین، تاقی دەکردنەوە. هەندێک جار ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە مەسەلە زانستییەکان ئەویان نەگەیاندۆتە ئەنجامەکان، بەڵکو مێتودە تەکنیکییەکانی گەمەکە پاڵی پێوەناوە بۆ گەیشتن بە ڕاستی و هەستکردن بە ڕاستی باشترین ڕێگەیە بۆ چوونە ناو ڕۆڵ و توانای بەخۆزانین و خوڵقاندنەوە. هەر لەم ڕێگەیەوە دەگاتە

ئەنجامێک، بۆ نموونە: ئەگەر تۆ دەتەوێت ڕۆڵی مرۆڤێکی پیاوچاک ببینیت، بەدوای لایەنە شەڕانییەکەی ئەو مرۆڤەدا بگەڕێ، هەروەها بەدوای لایەنە چاکەکەی مرۆڤە شەڕانییەکەدا (کە تۆ ڕۆڵی پیاوێکی خراپ دەبینیت، بەدوای لایەنە باشەکەی ئەم مرۆڤەدا بگەڕێ. کە ڕۆڵی پیرەمێردێک دەبینیت، بەدوای کوڕە گەنجەکەی ناوەوەیدا بگەڕێ، کە ڕۆڵی مرۆڤێکی گەنجیش دەبینیت، ئەوا بەدوای لایەنە پیرەکەی ئەو مرۆڤەدا بگەڕێ... هتد)

**ستانیسلاڤسکی**، دوای دیدارێکی درێژخایەن لەگەڵ **فلادیمییر نمیرۆڤیچ دانچنکۆ**، کە پسپۆڕ بووە لە شیکردنەوەی دەق و مەسەلە پێداگۆگییەکان، لە ساڵی ١٨٩٨دا بڕیاری دامەزراندنی (**شانۆی هونەریی مۆسکۆ**) دەدەن. ئەمەیش دامەزراندنی شانۆیەکی پرۆفیشناڵی لێ دەکەوێتەوە، کە دواتر لە سەرتاسەری دونیادا بووەتە پێشەنگ.

**ستانیسلاڤسکی** کار و پرۆژەکانی **شانۆی هونەریی مۆسکۆ** دابەش دەکات بەسەر سێ قۆناغدا: یەکەمیان لە دامەزراندنی ئەم شانۆیەوە دەست پێ دەکات، واتە لە ساڵی ١٨٩٨ەوە تا شۆڕشی ١٩٠٥، قۆناغی دووەمیش لە ساڵی ١٩٠٦ تا شۆڕشی ئۆکتۆبەر و سێیەمیشیان لە شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە تا دوا ڕۆژەکانی ئەم شانۆیە. **شانۆی هونەریی مۆسکۆ** لە بنەماکانی مێتودێکی کاری دیاریکراوەوە نمایشەکانیان پێشکەش کردووە؛ خوێندنەوەیەکی چڕ و بەردەوام، شیکردنەوەی هەموو وردودرشتێکی دەق، پرۆڤەیەکی بەردەوام، کە هەموو ئەکتەرێک، گەر ڕۆڵێکی بچووکیشیان هەبوایە، بە هەموو ئەو قۆناغانەدا ڕۆیشتوون.

لە ساڵی ١٨٩٨دا **ستانیسلاڤسکی** بە هاوبەشیی **نمیرۆڤیچ** شانۆنامەی (**نەوڕەس**)ی **چێخوف** پێشکەش دەکەن، نمایشەکە سەرکەوتنێکی گەورە دەبێت بۆ **شانۆی هونەریی مۆسکۆ** و گەڕانەوەی **چێخەف**یش بۆ شانۆ. زۆربەی ڕەخنەگرەکانی ئەو

دەمەی **ڕووسیا**، **نەوڕەس**ی **چێخەف** و **شانۆی هونەریی مۆسکۆ**یان بەرز نرخاندووە و ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە **نەوڕەس** یەکێکە لە چالاکییە هەرە گەورەکانی مێژووی **شانۆی ڕووسی** و گەشەیەکی نوێ و بەرەوپێشەوچوونێکی گرنگی درامای جیهانی. سەرکەوتنی نمایشەکەیش دەگەڕایەوە بۆ دیقەتێکی ورد، بەرجەستەکردنی وێنەیەکی ڕاستگۆی ژیانی ڕۆژانە و هاوکارییەکی گەورەی نێوان ئەکتەرەکان و هەموو گرووپ و شانۆکە. دوای ئەوە **ستانیسلاڤسکی** بە شێوەیەکی سەرکەوتوو، بەردەوام بوو لە پێشکەشکردنی دەقەکانی تری **چێخەف**دا؛ **خاڵە فانیا** ١٨٩٩، **سێ خوشک** ١٩٠١ و **باخی گێلاس** ١٩٠٤. **ستانیسلاڤسکی** سەبارەت بە **چێخەف** دەیگوت: (لەسەر شانۆ، **چێخەف** لە ئاستێکی بەرزدا دەسەڵاتی بەسەر ڕووکاری دەرەوە و ناوەوەی ڕاستییەکاندا دەشکێت) لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر جار **ستانیسلاڤسکی** دەگەیشتە بەردەم ڕێگەیەکی داخراو، دڵەڕاوکێ و هەستکردن بە سەرنەکەوتن، بەتایبەتی لە کارکردن لەسەر **چێخەف**.

**ستانیسلاڤسکی** دەیویست مێتودێکی وا بدۆزێتەوە، کە بەکەڵکی هەموو ئەکتەرێک بێت و هەموو ئەکتەرێک، لە سەرتاسەری دونیا بتوانێت سوودی لێ وەربگرێت. **ستانیسلاڤسکی** کاری لەسەر ئەوە دەکرد، ئەکتەر بگاتە ڕەوشێکی تەواو ڕاستگۆ لەگەڵ ڕۆڵەکەی و بتوانێت لەنێو ڕۆڵەکەیدا بە شێوەیەکی سەراپاگیر بژی، بۆیە ئەوەی بە تیۆری بیری لێ دەکردەوە و ئەوەی دەینووسی، لە پرۆسەیەکی کردەییدا بە شێوەیەکی پراکتیکی جێبەجێی دەکرد، بۆ نموونە **ستانیسلاڤسکی** لە هەنگاوە بەراییەکاندا یارمەتیی ئەکتەرەکانی دەدا یادەوەرییەکانی خۆیان بۆ دەستەبەرکردنی هەست و سۆزەکانیان بەکاربهێنن، دوای ئەوە گەیشتە ئەو ئەنجامەی ئەکتەر لە ڕێگەی تێکستی دەقە شانۆییەکانەوە بە

فەنتازیا و بڕوایەکی پتەو، نەک یادەوەرییەکانی خۆی، کە زۆر جار هەست و هۆشێکی پڕ لە ئازاریان دەورووژاند لە کارەکتەرەکانەوە، نزیک بێتەوە.

**مایرهۆڵد**، کە یەکێک دەبێت لە ئەکتەرە باش و چالاکەکانی **شانۆی هونەریی مۆسکۆ**، دوای چوار ساڵ ئەم شانۆیە بەجێ دەهێڵێت و دەگەڕێت بەدوای ڕێگە و شێوازێکی تری هونەریدا. **ستانیسلاڤسکی** لە قۆناغێکی پڕ لە دوودڵی و بێهیواییدا، سەرلەنوێ **مایرهۆڵد** دەبینێتەوە، بڕیار دەدات یارمەتیی بدات و ستۆدیۆیەکی ئەزموونگەری بۆ دەکاتەوە. **ستانیسلاڤسکی** سەبارەت بە **مایرهۆڵد** دەڵێت (جیاوازیی نێوانمان ئەوە بوو، کە من بە بەردەوامی بەدوای نوێدا دەگەڕام، بەبێ ئەوەی هیچ ڕێگەیەک و ئامرازێکم دۆزیبێتەوە تا ئەو شتە نوێیەی پێ بەرجەستە بکەم، بەڵام **مایرهۆڵد** لە سەرەتاوە لەوە دەچوو ڕێگە تازە و مێتودەکانی دۆزیبێتەوە، بەبێ ئەوەی توانیبێتی بە تەواوی بیانخوڵقێنێت) **ستانیسلاڤسکی** دوای ساڵێک بەسەر دامەزراندنی ئەم ستۆدیۆیەدا، کە هیچ بەرئەنجامێکی ئەوتۆی بۆ **ستانیسلاڤسکی** نابینێت، ناچار دەبێت دایبخات. **ستانیسلاڤسکی** ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەکتەرەکان تەنها وەکو قوڕێکی خاو بە دەستی ڕێژیسۆرێکی بەسەلیقەوە لە فۆرمێکی ئەبستراکدا دەجووڵێنەوە. **ستانیسلاڤسکی** ئەوەیش دووپات دەکاتەوە، کە ئەو هونەرە نوێیەی **مایرهۆڵد**، بۆ ئەوەی تەنها نەبێتە فۆرمێکی مۆدێرنی بێ هەست و گیان، پێویستی بە ئەکتەری نوێ و تەکنیکی تەواو نوێ هەیە تا بتوانێت ناخی پڕ لە هەست و سۆزی ئەکتەر بورووژێنیت.

**ستانیسلاڤسکی** لە میانی کارکردنی لە شانۆنامەی (**مانگێک لە لادێ**)ی **تورگنێڤ**دا زۆر دەرئەنجامی هونەریی تازەی بۆ دەرکەوتووە سەبارەت بە کارکردنی ئەکتەر لەگەڵ ڕۆڵەکەی، کە

پێشتر بە شێوەیەکی ڕووکەش کاری لەگەڵدا کردبوو، ئەمەیش پێویستی بە تەکنیک، مەشقکردن و هەروەها ویستی ئەکتەرەوە هەبووە.

**ستانیسلاڤسکی** لە کۆتایی کتێبەکەیدا، سیستێمەکەی دابەش دەکات بەسەر دوو یەکەی سەرەکیدا.

یەکەم، کارکردنی ئەکتەر لەگەڵ دیوی ناوەوە و دەرەوەی خۆیدا.

دووەم، کاری دەرەکی و ناوەکی ئەکتەر لەگەڵ ڕۆڵدا.

کارە ناوەکییەکەیش بریتییە لەوەی گەشە بە لایەنە تەکنیکییە سایکۆلۆژییەکان بدات، کە یارمەتیی ئەکتەر دەدات، لە ناوەوەی خۆیدا ڕێگەی خوڵقاندنی ڕەوشە ڕۆحییەکان بدۆزێتەوە، کە لەوێدا سرووش زۆر بە ئاسانی بوونی هەیە. کاری لایەنە دەرەکییەکەیش لەگەڵ خۆدا بریتییە لەوەی، کە جەستە لەسەر ئەوە ڕابهێنرێت بەرجەستەی ڕۆڵەکە بکات و بە تەواوی ژیانە ناوەکییەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە. کارکردنیش لەگەڵ ڕۆڵدا لە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی دیدی کارە درامییەکە؛ لە چ شتێکەوە شانە سەرەکییەکەی سەرچاوەی وەرگرتووە و دەستنیشانی مانا و مانای هەموو ڕۆڵەکان، کە پێکەوە دەقە درامییەکەیان پێک هێناوە، دەست پێ دەکات.

**سەرچاوە:**

K. S. Stanislavskij, Mitt liv i konsten, Froleen&Comp. Stockholm 1951.

# بۆ ئەکتەر

## -سەبارەت بە هونەری نواندن-

## خوێندنەوەیەک بۆ مێتودی هونەری نواندن لای مایکڵ چێخەف

**مایکڵ چێخەف** ١٨٩١-١٩٥٥ تەنها ئەکتەرێکی گەورە و ڕێژیسۆر نەبووە، بەڵکو پێداگۆگێکی بەسەلیقە و تیۆریستێکی بەتوانا بووە و مێتود و تەکنیکێکی تایبەت بە خۆی، سەبارەت بە هونەری نواندن و پەروەردەکردنی ئەکتەر دامەزراندووە. **چێخەف** توانایەکی گەورەی لە ڕادەبەری لە بەرجەستەکردنی هەموو چەشنە ڕۆڵێکدا هەبووە و بە شێوەیەکی بەهێز لەنێو پرۆسە شانۆییەکاندا گەشەی کردووە. زۆربەی ڕەخنەگرەکان کۆکن لەسەر ئەوەی، کە هەموو ئەو ڕۆڵانەی **چێخەف** لە **شانۆی هونەریی مۆسکۆ** بینیویەتی، لە خودی ژیان گەورەتر بوون. ئەو ڕۆڵانەی ئەو بەرجەستەی کردوون، تەنها نواندنی ئاسایی نەبوون، بەڵکو نواندنێکی هێندە چڕ بوون، کە لەوانە بووە، تەنها لە خەونەکانماندا شتی وا ببینرێت، هەر لەبەر ئەوەیشە ئەو کارەکتەرانەی ئەو بەرجەستەی کردوون دیدێکی گشتگریان لەخۆ گرتووە، کە چەمکەکانی ژیان و مردن، خۆشەویستی و ڕق،

جوانی و ناشیرینییان تیا ڕەنگ داوەتەوە. ئەو ڕەخنەگرانەی شیکارییان بۆ تواناکانی **چێخەف** کردووە، باس لەوە دەکەن، کە بەهرە هونەرییەکەی **چێخەف** شتێک بووە لە سەرووی توانا ئاساییەکانی مرۆڤەوە بووە. **چێخەف** هێزێکی پڕ لە ڕاز و نیاز بووە، کە زیاتر لە ئەفسوون چووە، نەک ئەکتەر و مرۆڤێکی ئاسایی.

**مایکڵ چێخەف** کوڕی برای نووسەری گەورەی **ڕووس "ئەنتوان چێخەف"** و ئەکتەری سەرەکیی **ستانیسلاڤسکی** و **شانۆی هونەریی مۆسکۆ** بووە. **چێخەف** جگە لە **ستانیسلاڤسکی،** لەگەڵ **مایرهۆڵد**، **ڤاختانگۆڤ** و ساڵێکیش لە **بەرلین** لەگەڵ **ماکس ڕاینهارت** کاری کردووە، هاوکات بەشدارییەکی کارای لە ستۆدیۆکانی **ستانیسلاڤسکی** لە **شانۆی هونەریی مۆسکۆ**دا هەبووە. ئەم بەرکەوتن و ئەزموونانەیش ڕۆڵێکی گەورەی لە پرنسیپەکانی هونەری نواندن و داهێنانی تەکنیکێکی نوێ و مێتودەکەی خۆیدا گێڕاوە. **چێخەف** لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا لە **مۆسکۆ**، یاداشتەکانی، کە زیاتر لە فەلسەفەی هونەر دەچێت، بە ناونیشانی (**ڕێگەی ئەکتەر**)ەوە بڵاو دەکاتەوە، لە پاڵ یاداشتەکانی **ستانیسلاڤسکی** (**ژیانی هونەریم**) بە باشترین بیۆگرافیای ئەکتەر دادەنرێت، کە لە **ڕووسیا** نووسرابێت.

**چێخەف** لە ساڵی ١٩٢٨ەوە ناچار دەبێت لە **ڕووسیای ستالین** ڕابکات و تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی لە تاراوگە بژی: سەرەتا لە **لاتڤیا** و **لیتوانیا**، دوای ئەوە دەچێتە **فەرەنسا**، **نەمسا**، **ئینگلتەرە** و دواجاریش لە **ئەمریکا** جێگیر دەبێت. **چێخەف** ئەم کتێبەیشی (**بۆ ئەکتەر**) لە ساڵی ١٩٥٣دا بە **ئینگلیزی** چاپ و بڵاو کردووەتەوە.

تەکنیک و مێتودی هونەری ئەکتەر و نواندنی **چێخەف** هەژموونێکی گەورەی بەسەر بەشێکی زۆری ئەکتەرە گەورەکانی **ئەمەریکا** و **هۆلیوود**ەوە هەبووە، بۆ نموونە **مارلین مۆنرۆ**،

**ئەنتۆنی هۆپکینس** و **جاک نیکۆڵسن**، ئەمڕۆیش تەکنیک و میتودەکەی بە یەکێک لە میتودە گرنگەکانی پەروەردەکردنی ئەکتەر لە جیهاندا دادەنرێت. بەشێکی زۆری ئەکتەرە گەورە و پەیمانگاکانی هونەری نواندن میتود و شێوازەکانی تەکنیکی هونەری نواندن بەپێی سیستێمەکەی **چێخەف** بەکار دەهێنن؛ کە لە مەشقەکانی جووڵەی جەستە، چۆنیەتیی ئاخاوتن، ئازادکردنی بەربەستەکانی جەستە، دیوی ناوەوە و دەرەوەی ئەکتەر، کارکردن لەسەر کارەکتەر و ئامراز و پێکهاتەکانی تری ئەکتەر و بەرجەستەکردنی دەگرێتەوە.

**چێخەف** قوتابییەکی زیرەکی **ستانیسلاڤسکی** بووە و وەک ئەکتەر توانیویەتی لەگەڵ سیستێمەکەی مامۆستاکەیدا گەورە بێت، هاوکات توانیویەتی لە بنەماکانی میتود و سیستێمەکەی مامۆستاکەیەوە، شتێکی تر، قووڵتر، بەرفراوانتر، چڕتر و هەروەها ساکارتر دروست بکات و میتودێکی تایبەت بەخۆی دەستەبەر بکات. **ستانیسلاڤسکی**، وەک هونەرمەندێکی گەورە، لە ڕەوتی ژیانی هونەریی خۆیدا دید و بۆچوونەکانی سەبارەت بە هونەری نواندن و ئەکتەر گەشە پێداوە، گۆڕانکاریی تیا کردووە و بە تیۆری و پراکتیک هەوڵی بەرجەستەکردن و نووسینەوەی داوە، لەبەر ئەوەیشە، کە گرانە وەڵامێکی ڕێک و ڕاستت سەبارەت بە کۆی سیستێمەکەی **ستانیسلاڤسکی** دەست بکەوێت، بۆ نموونە میتود و کارەکانی **ستانیسلاڤسکی**یەکی گەنج هەمان میتود و چۆنیەتیی کاری ئەو **ستانیسلاڤسکی**یەی، کە لە کۆتاییەکانی ژیانیدا خستوونیەتییە ڕوو، نییە. بێگومان **ستانیسلاڤسکی** کاریگەرییەکی بەهێزی بەسەر **چێخەف**ەوە هەبووە، بەڵام **چێخەف** لە سەرەتاکانی ژیانی هونەریی خۆیدا، هەوڵی ئەوەی داوە لە لاسایی ئەکتەرە گەورەکان دووربکەوێتەوە و میتودێکی خۆی دەستەبەر بکات، کە لە زۆر ڕووەوە جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ

مامۆستاکەیدا هەبووە. **چێخەف** بڕوایەکی تەواوی بە ئەکتەرێکی مەشقپێکراوی سەراپاگیر لە بوارەکانی سایکۆلۆژی-فیزیکیدا هەبووە، هەروەها دووپاتی لایەنە ناوەکییەکانی ئەکتەر دەکاتەوە، بەڵام ژیانی تایبەتی ئەکتەر بەکارناهێنێت بۆ پێگەیاندنی ئەکتەر، وەک **ستانیسلاڤسکی** کاری لەسەر دەکرد، بۆ نموونە **ستانیسلاڤسکی** لە ڕێگەی (ئەگەری) ئەفسووناوییەوە، ئەکتەرەکانی دەخستە نێو ڕەوش و بارودۆخە جیاوازەکانی ڕۆڵەکانیانەوە، **چێخەف** ڕێگەیەکی تر بۆ نزیکبوونەوەی ئەکتەر لە ڕۆڵەکەی دەگرێتەبەر. **چێخەف** هانی ئەکتەر دەدات، کە بەر لە دەستکردن بە پرۆڤە، بە خەیاڵ و فەنتازیا لە ڕووکاری دەرەوەی ڕۆڵەکەی بڕوانێت، دوای ئەوە هەر بە خەیاڵ و فەنتازیا هێڵە سەرەکییەکانی کارەکتەر، ڕەوش، شوێن و کات دادەڕێژێت و هەنگاو بە هەنگاو لە ڕۆڵەکەی نزیک دەبێتەوە. **چێخەف** دەڵێت (پێویستە ئەکتەر جیاوازی لە نێوان خۆی و ستایلی ژیانی لەگەڵ کارەکتەرەکەیدا بکات و بە تەواوی خۆی لە ویست و هەست و سۆز و ئەو شتانەی لە ژیانی ڕۆژانەیدا لەسەری ڕاهاتووە دووربکەوێتەوە، لەبری ئەوە خۆی لە دونیا فیزیکییەکەی کارەکتەرەکەیدا ببینێتەوە).

**چێخەف** هەر وەک **ستانیسلاڤسکی** بەدوای ماناکانی ژیاندا دەگەڕا، هاوکات تێگەیشتن لە بنەما بنەڕەتییەکانی هونەرەکەی خۆی بگات و ستراکتورێکی فەلسەفی و ڕۆحیی بۆ داڕێژێت. **چێخەف** لە دیدێکی قووڵی ڕۆحی، تێڕوانینێکی دینییەوە لە شانۆی دەڕوانی، هونەر و ژیان دوو جەمسەری پێکەوە بەستراون و یەکتر تەواو دەکەن.

فەنتازیا مەودایەکی هونەری و پانتاییەکی ئازاد بە ئەکتەر دەبەخشێت، ئەکتەر تەنها جەستە و هەندێک هەست و سۆز و تەکنیکێکی ساکار و ڕووکەش نییە، بەڵکو ئەکتەر دەبێت ئەو

تەکنیک و میتودەی هەبێت، کە گۆڕانکاری لە خودی خۆیدا دەکات و ڕاستەوخۆ و بڕواپێکراوە. **چێخەف** دید و بۆچوون و تەکنیکی میتودەکەی لە کتێبی (**بۆ ئەکتەر**) -سەبارەت بە هونەری نواندن-دا کۆکردووەتەوە، ئەم کتێبەیش هێندە دەوڵەمەندە، تەنها کتێبێک نییە بۆ کاری ئەکتەر، بەڵکو ڕیژیسۆر، شانۆنامەنووس، دراماتۆرگ، ڕەخنەگری شانۆ، تەکنیکاران و تەنانەت بۆ مێژوونووسانیش گرنگ و بەسوودە. **چێجەف** لە پێشەکییەکی کورتی ئەم کتێبەدا دەڵێت (سەرەتای پرۆسەی کارکردنم، لە چەندین ساڵ لەمەوبەرەوە لە **ڕووسیا** و **شانۆی هونەریی مۆسکۆ**وە دەست پێ دەکات، کە بۆ ماوەی شانزە ساڵ لەوێدا کارم کردووە. لەو دەمەدا لەگەڵ **ستانیسلاڤسکی**، **نمیرۆڤیچ**، **ڤاختانگۆڤ** و **سیلوێریتسکی**، وەکو ئەکتەر، ڕیژیسۆر، مامۆستا، هاوکات وەک بەڕێوبەری هونەری هەندێک لە شانۆکانی تری **مۆسکۆ**، کارم دەکرد و توانیم گەشە بە میتودەکانی ئەکتەر و ریژی بدەم و هەر لەو ڕوانگەیەیشەوە تەکنیکێکی تر بخوڵقێنم، کە ئەم کتێبەی لێوە هاتووەتە بەرهەم).

لە ساڵی ١٩٣٦دا، **دیردری هێرست** و **بیاتریس سترەیتی**، بە مەبەستی خوڵقاندنی شانۆی **چێخەف**، پەیمانگەیەکی هونەری نواندن لە هۆڵی **دارتنیگتن** لە **دیڤۆنشایر** لە **ئینگلتەرە**، دەکەنەوە. بەڵام ئەم پەیمانگەیە بە هۆی دووەم جەنگی جیهانییەوە دادەخرێت، **چێخەف**یش ناچار دەبێت بەرەو **ئەمریکا** بڕوات، لەوێش شانۆیەکی پرۆفیشیناڵ، لە شێوەی ستۆدیۆدا بە ناوی (**شانۆی چێخەف**)ەوە دادەمەزرێنێت و لەسەر کار و گەشەی تەکنیک و میتودەکەی بەردەوام دەبێت. ئەم شانۆیە، لە ڕوانگەی ڕێپۆرتوارێکی کلاسیکییەوە، ئەو ڕێگە نوێیە بۆ پرنسیپێکی تری هونەری نواندن و تەکنیکی ئەکتەر و پەیڕەویکردنی میتودێکی نوێ دەکاتەوە. کتێبی (**بۆ ئەکتەر**)یش لە دوانزە بەشدا، بە چڕی

ئەزموونی ئەو هەموو ساڵەی **چێخەف** لە زمانێکی ساکار و لە کۆمەڵێک مەشقی ئەکتەر و لە چەندین شیکاری ورد و لە ڕێنماییکردنی ئەکتەر و ڕیژیسۆرەکاندا، خۆی دەبینێتەوە. جەستەی ئەکتەر و سایکۆلۆژی، فەنتازیا و بەرجەستەکردنی وێنە ناوەکییەکان، ڕاگوزاری و گرووپی شانۆیی، ئەتمۆسفێر و هەست و سۆزی خودگەرا، ئاماژە سایکۆلۆژییەکان، ڕۆڵ و بەرجەستەکردنی ڕۆڵ، خوڵقاندنی خودگەرایانە، کۆمپۆسیشونی نمایش، نمایشی جۆراوجۆر، چۆن لە کارەکتەرەکەت نزیک دەبیتەوە، چەند نموونەیەکی ڕاگوزاری، بەشەکانی ئەم کتێبە پێکدەهێنن، هاوکات کتێبەکە پاشکۆیەک و دوا گوتەیش، باسێکی تێروتەسەلە لەسەر **مایکڵ چێخەف**، لەخۆ دەگرێت.

**چێخەف** لەبەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا، ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە ئەکتەر دەبێت جەستەی وەک ئامێرێکی گرنگی پیشەکەی خۆی ببینێت، کە بەو جەستەیە گوزارشت لەو دیدە بەرجەستەکراوەی خۆی لەسەر شانۆ دەکات، هاوکات دەبێت بەدوای هارمۆنیەتێکی سەراپاگیر و گشتگری تەواودا، لە نێوان جەستە و ڕۆحدا بگەڕێت. بۆ بەدەستهێنانی ئەم هارمۆنیەتەیش، تەنها مەشقی فیزیکی ئەکتەر ناگەیەنێتە ئەنجامەکان، بەڵکو دەبێت ئەکتەر بە شێوەیەکی قووڵ گەشە بە هەست و سۆزی بدات تا بگاتە ئاستە فراوانەکانی خوڵقاندنی ڕەوشە دەروونییە جیاوازەکان. لەبەر ئەوە دەبێت جەستەی ئەکتەر تێکەڵاوی ڕەوش و ئاستە جیاوازە دەروونییەکان بێت: بە شێوەیەک، کە ئەو هەست و هۆشی و چینە قووڵ و جیاوازە دەروونییانە، هەنگاو بە هەنگاو گۆڕانکارییان بەسەردا بێت و وەرگرێکی نێرەرەکە، کە وێنە، هەست و سۆز و ئاڕاستە و خواستەکانی کارەکتەرەکەن.

**چێخەف** دەیەوێت لە دیدێکی ماتریالیزمەوە هەنگاو بۆ بنەمایەکی ڕۆحی بنێت و ئەکتەر ئاوێزانی ستراکتورێکی تر بکات،

کە زیاتر چەمکێکی ڕۆحی و تێڕوانینێکی دینی لەخۆ دەگرێت. هەژموونی دیدە ماتریالیزمییەکە، ئەکتەر ناچار دەکات ڕێگەیەکی پڕ مەترسی بگرێتە بەر، کە هەموو چەمک و بنەما سایکۆلۆژییەکان لە هونەرەکەیدا دەسڕێتەوە و بایەخ بە بەهاکانی جەستەی ئەکتەر نادات. بە بڕوای **چێخەف** ئەکتەر ئەو هونەرمەندەیە، بە هەموو ماناکانی ئەو وشەیە، ئەو توانایەی هەیە ئەو شتانە ببینێت و هەستیان پێ بکات، کە بۆ کەسانی ئاسایی شاراوە و نەبینراوە. ئەکتەر دەبێت بەو شێوە سیستێماتیکە کار بکات، کە جەستەی تەنها بەرهەمهێنەری شتە ماتریالییەکانی ژیان نەبێت، بەڵکو بتوانێت ئەو هەستە ناوەکییە هونەرییە بخولقێنێت، کە بەرجەستەی چینە قووڵەکەی ناوەوەی مرۆڤ دەکات. **چێخەف** لەم ڕووەوە دەڵێت (دەبێت جەستەی ئەکتەر سەرلەنوێ فۆرمی خۆی لە ناوەوە بخولقێنێتەوە) دوای ئەوە **چێخەف** وەک قۆناغی دووەم کار لەسەر دەوڵەمەندی ڕەوشە دەروونییەکان دەکات، لەم بارودۆخەیشەوە دەڕوانێتە سەر ئەو فۆرمەی، کە چۆن جەستە و دەروون گوێڕایەڵی ئەکتەر بن. ئەو دەیەوێت ئەکتەر ببێت بە ئاغای خۆی و پیشەکەی و بە تەواوی هەموو شتێکی (ڕێکەوت) لە بیر خۆی بەرێتەوە و لەبری ئەوە بنەمایەکی بەهێز بۆ بەهرەکانی خۆی دروست بکات. تەنها دەسەڵات بەسەر جەستە و دەروونداا، دڵنیابوون، ئازادی و هارمۆنی، کە پێویستن بۆ خولقاندن، دەبەخشێت بە ئەکتەری هونەرمەند. **چێخەف** ئاماژە بۆ ئەوەیش دەکات، کە لە هەموو بەرهەمێکی هونەری ڕاستگۆ و گەورەدا، چوار بەها هەن، کە ئەو هونەرمەندە لە کارەکەیدا ڕەچاویان دەکات: ساکاری، فۆرم، جوانی و تەواوێتی. بە هەمان شێوە، دەبێت ئەم چوار چۆنایەتییەیش لای ئەکتەر گەشە بکات.

یەکێک لە مێتودە گرنگەکانی **چێخەف** کارکردنە لەسەر خەیاڵ و فەنتازیا. لە ڕێگەی فەنتازیاوە وێنەکان لە ناوەوە دەبینیت و بۆ

هەر وێنەیەکیش سایکۆلۆژیای خۆی بۆ دەستەبەر دەکرێت، هەروەک ئەو مرۆڤانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا بەریان دەکەویت. **چێخەف** بە هۆی فەنتازیاوە جیاوازییەکی گەورە دەبینێت؛ لە ژیانی ڕۆژانەدا مرۆڤەکان تەنها لە ڕووکاری دەرەوەیانەوە شتەکان دەبینن و تەنها گوزارشتی سیمای دەموچاو، جووڵە، ئاماژە، دەنگ و بە هەڵە حاڵیبوون و دوور لە ژیانی ناوەوە. (بەڵام ئەو وێنانەی خۆم بە فەنتازیا دەیانخوڵقێنم هەمان شێوە نین، ژیانی ناوەوەیان بە تەواوی بۆ دید و تێڕوانینی من کراوەن و دەیانبینم: هەستەکانیان، چۆنیەتیی کارەکتەرەکانیان، بیرکردنەوەیان، بۆچوونەکانیان و هیواو داخوازییە قووڵەکانیان بە کراوەیی لە بەردەستماندا دەبن، بە هۆی فەنتازیاکانمانەوە کار دەکەین تا ژیانی ناوەوەی دەبینین).

**چێخەف** چەندین مەشقی بۆ بەهێزکردنی فەنتازیا و چۆنیەتیی بەکارهێنانی هێناوەتەوە، بۆ نموونە کارەکتەرێک لەنێو خۆتدا و بۆ خۆت بخوڵقێنە و دەست بکە بە گەشەپێدانی ئەم کارەکتەرە، شەنوکەوێکی باشی هەموو وردەکارییەکانی بکە، بۆ چەندین ڕۆژ و هەفتە، لە ڕێگەی ئاڕاستەکردنی پرسیار و وەڵامی دیار و بینراوەوە کاری لەسەر بکە، بیخەرە نێو چەندین ڕەوش و ژینگە و کەشی جیاوازەوە، چاودێریی پەرچەکردارەکانی بکە، لە سیمای کارەکتەرەکەیدا قووڵ ببەرەوە. گوێ لە پەیڤەکانی بگرە و بیهێڵە با قسەت بۆ بکات و هاوشان و هاوڕێگەی ئاواتەکانی، هەست و سۆزەکانی و جۆری بیرکردنەوەکانی بە. بە شێوەیەک خۆتی بۆ بکەرەوە، کە ژیانە ناوەکییەکەی کار بکاتە سەر ژیانە ناوەکییەکەی خۆت. هاوکاری بکە و پێکەوە کار بکەن و بە (پێشنیازەکانی) ئەگەر جێگەی ڕەزامەندیی تۆن، قایل بە. ژیانێکی درامی و هەروەها خێستێکی کۆمیدییشی بۆ بخوڵقێنە.

چەمکەکانی ڕاگوزاری و پانتاییەکی فراوانی سەربەست بۆ جووڵەی ئەکتەر پێویستییەکی گەورەیە، ئەکتەر بە نێو چینە جیاواز و هەمەچەشنەکانی کارەکتەرەکەیدا قووڵ دەکاتەوە و لەو سەربەستییە ڕەهایەوە، لە ڕاگوزارییەکی فرەمەودای فەنتازیئامێزەوە دەگاتە ئەنجامێکی سەراپاگیر. ئەو ئەکتەرەی خۆی سنووردار دەکات و تەنها کار لەسەر ئەو دیالۆگ و ڕستانە دەکات، کە شانۆنامەنووسەکە بۆی داناوە و تەنها ڕێنماییەکانی ڕێژیسۆرەکەی بەرجەستە دەکات، بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەست کار لەسەر بنەما ڕاگوزارییەکان بکات، کویلەیە و خۆی ڕادەستی کەسانی تر دەکات، بەبێ ئەوەی توانای خوڵقاندنی هەبێت. ئەکتەر هونەرمەندێکی خوڵقێنەرە و لەبەر ئەوە دەبێت بنەمایەکی بۆ بیرکردنەوەیەکی قووڵ و گەڕانێکی هونەری هەبێت تا بتوانێت سیستێمێکی فەلسەفی خۆی دەستەبەر بکات. بێگومان ئەگەر ئەو سەربەستییەی ئەکتەر، کە **چێخەف** باسی دەکات، بنەما و ئاڕاستە و ئامانجێکی دیاریکراوی نەبێت، ئەوە دەبێتە سەربەستییەکی تەواو بێسوود.

زۆر جار نواندن و ئاخاوتنی سەرپێی (ڕاگوزاری) ئەتمۆسفێر دەخوڵقێنێت، کە کارەکتەرەکان بە یەکتر و بینەرانەوە دەبەستێتەوە و ڕیتم و ژیانی ناوەوەی نمایشەکە بەرەوپێشەوە دەبات. ئەتمۆسفێر بە هێزێکی گەورەوە کار دەکاتە سەر نواندن و بە شێوەیەکی لاشعوری هەموو جووڵەکان، پەیڤ، چۆنیەتیی نواندنەکە، بیرکردنەوە و هەست و سۆز لە ئەتمۆسفێرێکی بەهێزدا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و دەسەڵاتێکی ڕەهایان بەسەر ئەکتەر و نمایشەکەدا دەبێت. ئەو ئەکتەرانەیشی، کە کارەکتەرەکانی خۆیانیان دۆزیوەتەوە و هەست بە گرنگیی ئەتمۆسفێر، لە نمایشەکەدا دەکەن، دەزانن چ پێوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئەوان و بینەراندا دروست دەبێت. ئەتمۆسفێرێکی دروست و بەهێز بینەران

ڕادەکێشیتە نێو نمایشەکەوە و لەگەڵ ئەکتەرەکاندا پێکەوە دەبنە یەک گرووپ. هەموو نمایشێکی بێئەتمۆسفێر، جۆرە وێنەیەکی میکانیزمی بێڕۆح دروست دەکات، هەرچەندە بینەران هەست بە توانای ئەکتەر و ئەو تەکنیکە بەرزەی بەکاری دەهێنن، هەروەها بەهای دەق و هێزی ریژی و ئێستاتیکا دەکەن، بەڵام بەبێ هێز و ئەفسوونی ئەتمۆسفێر نمایشێکی سارد و بێگیان و بێژیانمان پێشکەش دەکەن.

ئەکتەر دەبێت بە باشی لەوە بگات، کە جیاوازی لەنێوان هەست و سۆزە خودگەراکەی کەسایەتیی کارەکتەرەکە و ئەتمۆسفێری دیمەنەکەدا هەیە، هەردووکیان و لەسەر ئاستێکی بەرز پەیوەستن بە هەست و سۆزەکانەوە، بەڵام بەیەکەوە کار ناکەن و دەکرێت بوونیان بە تەنیشت یەکترییەوە هەبێت، هەرچەندە هەردووکیان بە تەواوی بە دوو ئاڕاستەی جیاوازدا کار دەکەن.

**چیخەف** لەم کتێبەیدا، گرنگییەکی گەورە بە ژێستە (بزاوت) سایکۆلۆژییەکان دەبەخشێت، ئەکتەر دەبێت بزانێت ئامانجی سەرەکیی ڕۆڵەکەی چییە؟ کەی ئەمەی بۆ دەرکەوت، ئەوسا هێدی هێدی ژێستە سایکۆلۆژییەکانی بونیاد دەنێت، ئەمەیش لە سەرەتادا بە تەنها بە بەکارهێنانی قۆڵ و باڵ و دەستەکانت. کارکردن و دۆزینەوەی ژێستە سایکۆلۆژییەکان دەتکات بە بەشێک لە ڕۆڵەکەت، ویست و هەست و سۆزەکانت بە هۆی ئەم ژێستانەوە دەجووڵێنەوە و زیندوو دەبنەوە، دوو جۆریش ژێستی سایکۆلۆژی هەن، یەکێکیان لەسەر شانۆ و لە ژیانی ڕۆژانەیشماندا بەکاریان دەهێنین، کە بە ژێستە واقیعی و ئاساییەکە ئاماژەی بۆ دەکرێت. ئەویتریان دەکرێت بە ژێستە

ناوکۆییەکـــان نـــاوزەد بکـــرێن، کە **چـــێخەف** بە ژێـــستە سایکۆلۆژییەکان ئاماژەی بۆ دەکات. ژێستە واقیعییەکانی ژیانی ڕۆژانە، ویـــستی ئەکـــتەر بە ئاگـــا نـــاهێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم ژێستانە سنوودار و بێهێز و تایبەتمەندن. هاوکات پابەندی هەموو جەســتە، ژیــانی دەروونــی و ڕۆحمــان نــابنەوە، بەڵام ژێــستە سایکۆلۆژییەکان سەراپاگیرە و جەستە و ڕۆح و ژیانی ناوەوەی ئەکتەرەکە بۆ فیگوری کارەکتەرەکان ئامادە دەکات.

ژێستە سایکۆلۆژییەکان پەیوەستن بە ڕیتمەوە، ئێمە هەموومان لە ژیاندا ڕیتمی خۆمان هەیە، ئەمەیش پەیوەندیی بە مەزاج و چارەنووسمانەوە هەیە. هەروەها ڕۆڵی کارەکتەرەکانیش لە هەموو دەقێکدا مەزاج و چارەنووسی خۆیان هەیە. بە هەمان شێوە ڕیتمی دەرەکی و ڕیتمی ناوەکی هەیە، هەندێک جار ئەم ڕیتمانە پێکەوە کار دەکەن و یەکتری تەواو دەکەن، هەندێک جاریش بە تەواوی جیاوازن و دژ بەیەک کار دەکەن.

**چێخەف** لەم کتێبەدا، بە وردی باسی جۆرەکانی دەق و نمایش دەکات، هەموو دەقێک، تراجیدی، دراما، میلۆدراما کۆمیدی یان ساتیر و تەنانەت نمایشی لێبوکئاسایش، لەسەر شانۆ فۆرم و تەکنیکی تایبەت بە خۆیان بۆ بەرجەستەکردنیان، دەوێت. **چێخەف** دەڵێت لێبوک لە تراجیدی دەچێت، بەڵام بە ئاڕاستەیەکی جیاواز، سایکۆلۆژیای لێبوکێک جیاوازە لە سایکۆلۆژیای کارەکتەرێکی کۆمیدی یان تراجیدی: پەرچەکرداری کارەکتەرێکی کۆمیدی لە مەودا و مەدارێکی ناتورالیزمیدا دەسووڕێتەوە، بۆ نموونە، کە شتێکی مەترسیدار ڕوو دەدات، ترس دایدەگرێت، تووڕە دەبێت ئەگەر ڕەوشەکە ئەوە بخوازێت و هەمیشە هاوشانی مۆتیڤە کۆمیدییەکانی خۆی دەبێت. بەڵام لای لێبوکێک بە پێچەوانەوەیە،

به شێوەیەکی ناتەبا پەرچەکرداری دەبێت، جووڵانەوە و پەیوەندییەکانی بە دونیای دەرەوە، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراوە. دەکرێت لێبوکێک لە دیمەنێکدا لە شتێک بترسێت، کە بە هیچ شێوەیەک ترسناک نییە، لەوانەیە بگری، کە ئێمەی بینەران چاوەڕوانی قاقای پێکەنینین، یان مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ژیانی، هیچ بایەخێکی نەبێت. پەڕینەوە لە هەست و سۆزێکەوە بۆ یەکێکی تر پێویستی بە هیچ جۆرە قووڵبوونەوە و بنەمایەکی سایکۆلۆژی نییە. پەژارە و دڵخۆشی، تووڕەبوونێکی نائاسایی، هێمنییەکی بێسنوور، پێکەنین و گریان، بەبێ هیچ هۆکارێکی دیاریکراو، بە شێوەیەکی ساکار و لەپڕ بەدوای یەکتریدا دێن. ئەوەی لە کارەکتەرێکی یان ئەکتەرێکی لێبوکدا پێویستە، ڕاستگۆییەکی ڕەهایە، لێبوک دەبێت بڕوایەکی تەواوی بەوە هەبێت، کە دەیکات و دەیڵێت و ئەو منداڵە بێت، کە لە بەرگی کەسێکی گەورەدا ڕەفتار دەکات. لێبوک ئەو منداڵە هەمیشەیی و بێکۆتایەی ناوەوەت بەئاگا دێنێتەوە، کە لە هەمان کاتدا دووپاتی دوا ئاستەکانی ئەو ساکارییە قووڵەی لای هەموو هونەرمەندە گەورەکان هەیە، دەکاتەوە.

**چیخەف** بایەخێکی گەورە بە چۆنیەتیی نزیکبوونەوەی ئەکتەر لە ڕۆڵەکەی دەبەخشێت، ئەمەیش بە ناوەندێکی گرنگی میتودەکەی دادەنرێت و هەموو چەمک و بەشەکانی تری تەکنیکەکەی، بۆ نزیکبوونەوەیەکی قووڵی ئەکتەرە، لە ڕۆڵەکەیەوە. بە بۆچوونی **چیخەف**، یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکانی نزیکبوونەوەیش لە ڕۆڵ، خەیاڵ و فەنتازیایە، بۆ ئەم مەبەستەیش ڕێنمای ئەکتەر دەکات، هەر ئەوەندەی ڕۆڵەکەی خۆی وەرگرت، بۆ چەندین جار دەقەکە

بخوێندرێتەوە تا دەسەڵاتی بەسەر هەموو دەقەکەدا دەشکێت. دوای ئەوە فۆکوس بخرێتە سەر ڕۆڵەکەی خۆی و دیمەن لەدوای دیمەن لەسەر شانۆ بهێنێتە پێش چاوی خۆی. لەو ساتانە ڕامێنێت (ڕەوشێک، ڕێنماییەک، دیالۆگێک)، کە سەرنجی ڕادەکێشێت. بەم شێوەیە بەردەوام بە تا ژیانی ناوەوەی کارەکتەرەکە، بە هەمان شێوەی ڕووکاری دەرەوەی دەبینێت، دوای ئەوە چاوەڕوان بە تا هەست و هۆشی خۆت بەئاگا دێننەوە.

**چێخەف** ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە وێنەکانی خەیاڵی خۆمان لە هەموو جۆرە بەربەستێک دوورن، لەبەر ئەوەی ئەو وێنانە بەرهەمی ئەو ئانوساتەن و بە شێوەیەکی خۆرسک و ڕاستەوخۆ لە خەیاڵ و فەنتازیاماندا خوڵقاون. هەموو ئەو شتانەیشی، کە کاری ئەکتەر پەک دەخات، دەگەڕێتەوە بۆ جەستەیەکی گەشەنەکردوو، یان بەربەستە سایکۆلۆژییەکان، بۆ نموونە سەرقاڵبوون بەخۆوە، نەبوونی متمانە و ترس لە هەڵەکردن. فەنتازیا بەبێ ئەتمۆسفێری کارەکتەر و نمایشەکە لاسەنگ دەبێت، ئەتمۆسفێری ڕۆڵ و نمایش چەندین نهێنی و چینە جیاوازەکانی دەقەکە بۆ ئەکتەر ئاشکرا دەکات و ڕیتمی ڕۆڵ لە نمایشەکەدا ڕادەگرێت. ڕیتمی کارەکتەرەکە، بەشەکانی تری کاری ئەکتەر چڕ دەکاتەوە و دەیانبەستێتەوە بەیەکەوە، بۆ نموونە ڕیتم بەهایەکی گرنگی بۆ خەیاڵ و هەروەها ئەتمۆسفێریش هەیە. ئەمە جگە لەوەی ژێستە سایکۆلۆژییەکان زیاتر قووڵ دەکاتەوە و لەگەڵ ڕۆڵەکەی دەیانبەستێتەوە بە بەشەکانی تری کاری ئەکتەرەوە. **چێخەف** لە ڕێگەی مێتودەکەیەوە، هەم هەمئاهەنگی لە نێوان

ڕیتمی ناوەوە و ڕیتمی دەرەوەی کارەکتەرەکەدا دروست دەکات و تەرازووی ناوەوە و دەرەوەی کارەکتەرەکە ڕادەگرێت.

ئامادەبوونی بینەر لە یەکەم ڕۆژەکانی مەشق و پرۆڤە لە خەیاڵی ئەکتەر و ڕیژیسۆردا، بەهایەکی گەورەی دەبێت. **چێخەف** ڕۆڵێکی گەورە بەو ئامادەبوونەی بینەر، بەر لە ئامادەبوونیان بۆ نمایشەکە، لە خەیاڵی ئەکتەردا دەبەخشێت؛ ئەکتەر و ڕیژیسۆر بەم ئامادەکارییە سایکۆلۆژییە ئەندێشەییەی بینەر، ئەو کەرەستەیە بەدەست دەهێنن، کە چۆن بتوانن بە شێوەیەکی قووڵتر، بنەما و چینە جیاوازەکانی دەقەکە بدۆزنەوە و متمانەی بینەران بەدەست بهێنن.

**سەرچاوە:**

Michail Tjechov, Till skodespelaren-Om skodespelarkonsten- Oversettning av Lars Karlsson i samarbete med Asa Salvesen. Schildts o Soderstroms, 2014

# خۆشت بوێم و بنووسە

## نامەی خۆشەویستیی نێوان ئەنتوان چێخەف و ئۆڵگا کنیپەر

بۆ یەکەمجار **ئانتۆن چێخەف** ١٨٦٠-١٩٠٤ و **ئۆڵگا کنیپەر** ١٨٦٨-١٩٥٩ لە نۆی مانگی نۆی ساڵی ١٨٩٨، لە یەکێک لە پرۆڤەکانی شانۆنامەی (**نەورەس**) لە **شانۆی هونەریی مۆسکۆ**، کە هێندە نەبوو دامەزرابوو، یەکتری دەبینن.

**ئۆڵگا کنیپەر** تەمەنی بیستونۆ ساڵ و لە سەرەتاکانی ژیانی هونەریدا، **چێخەف**یش تەمەنی سیوهەشت ساڵ و یەکێک لە نووسەرە گەورەکانی ئەو دەمەی **ڕووسیا**، دەبێت. **چێخەف** بەرلەوەی، لە پانزەی هەمان مانگدا بەرەو **یاڵتا** سەفەر بکات، دوو پرۆڤەی **نەورەس** و پرۆڤەیەکی (**تسار فیۆدۆر**)ی **تۆلستۆی**یش دەبینێت.

**چێخەف** لەبەر باری تەندروستی بە زستانان لە **یاڵتا** دەژیا. لە نامەیەکیدا، کە لە مانگی دەی ساڵی ١٨٩٨دا بۆ (**سیوڤۆرین**)ی هاوڕێی نووسیوە، باسی ئەو بەرکەوتنە ڕاستەوخۆیەی لەگەڵ ئۆڵگا کنیپەر و ئەو شانۆ نوێیەی، چەند پرۆڤەیەکیان دەبینێت،

دەکات. (بەرلەوەی لە **مۆسکۆ**وە سەفەر بکەم، پرۆڤەیەکی **فیۆدۆر ئیۆنۆڤیچ**م بینی، خۆشحاڵی کردم، بەو تۆنە زیرەکە سەرسام بووم، ئەوەی بینیم هونەرێکی ڕاستەقینە بوو، کە لەسەر شانۆکەوە زاخاوی مێشکی دەدامەوە، هەرچەندە هیچ بەهرەیەکی گەورەی ئەوتۆیش لەسەر شانۆکە دەوریان نەدەبینی. **ئەرینا** (**ئۆڵگا کنیپەر**) بە بۆچوونی من زۆر جوان بوو؛ دەنگی، ڕۆحی، ڕاستگۆییە قووڵەکەی، کە وا دەکات پیاو تفی بۆ قووت نەدرێت. **فیۆدۆر** زۆر باش نەبوو، **گودیونۆف** و **سیۆسکی** باش بوون، پیرەمێرد نایاب بوو. **ئەرینا** لە هەموویان باشتر بوو. ئەگەر من لە **مۆسکۆ** بمایەتەوە، ئەوە ئاشقی ئەو **ئەرینا**یە دەبووم).

هەرچەندە **چێخەف** هەست بە ترپەی دڵی خۆی بۆ **ئەرینا** دەکات، بەڵام تا مانگی چواری ساڵی داهاتوو، **چێخەف** و **ئۆڵگا کنیپەر** ئەو بوارەیان بۆ نارەخسێتەوە یەکتری ببیننەوە، لەم ماوەیەیشدا، **شانۆی هونەریی مۆسکۆ**، لە ١٧ی مانگی دوانزەی ساڵی ١٨٩٨دا، **نەورەس** بە سەرکەوتنێکی گەورەوە نمایش دەکەن. **ستانیسلاڤسکی** لە یاداشتەکانیدا (**ژیانی هونەریم**) سەبارەت بەم نمایشە دەڵێت: (شانۆ تازەکەمان لەدایک بوو. ئەم نمایشە بۆ **چێخەف** و مێژووی شانۆ مانایەکی تایبەتمەند لەخۆ دەگرێت، بەبێ ئەم سەرکەوتنە، بەبێ هیچ گومانێک دوو دەقەکەی تری **چێخەف**، **سێ خوشک** و **باخی گێلاس** بە هیچ شێوەیەک لەدایک نەدەبوون). بێگومان **چێخەف**یش نەدەبووە ناوەندگەرایەکی هێندە گرنگی شانۆی هاوچەرخی جیهانی.

**ئۆڵگا کنیپەر** لە خێزانێکی هونەرپەروەردا گەورە دەبێت، دایکی گۆرانیبێژ و مامۆستای دەنگ و گۆرانی بووە، براکەی مۆسیقاژەن و خۆیشی ئەکتەر. لە نمایشەکەی (**نەورەس**) لە **شانۆی هونەریی مۆسکۆ**، ڕۆڵی **ئەرکادینا** دەبینێت، هەرچەندە ئەو زۆر گەنج بووە بۆ ئەو ڕۆڵە، بەڵام سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێت. **ئۆڵگا**

**کنیپەر**، دواتر لە هەموو دەقەکانی تری **چێخەف**، کە لەسەر **شانۆی هونەریی مۆسکۆ** نمایش کراون، ڕۆڵی سەرەکیی بینیوە.

**چێخەف** بەسەردانێکی چاوەڕواننەکراو دەگاتە **مۆسکۆ**، زیاتر لە **ئۆڵگا کنیپەر** نزیک دەبێتەوە و لە سەرەتای مانگی پێنجیشدا، **شانۆی هونەریی مۆسکۆ**، هەرچەندە ڕێپورتواری شانۆکەیان کۆتایی پێ هاتبوو، **نەورەس** بە تەنها بۆ **چێخەف** نمایش دەکەن. نمایشێکی تایبەتمەند، لەسەر شانۆیەکی ڕووت و بەبێ هیچ جۆرە کالوسێک، **چێخەف** زۆر لە نمایشەکە ڕازی نابێت، بەتایبەتییش لە **ستانیسلاڤسکی** لە ڕۆڵی (**تریگۆرین**) و **ڕۆکسانۆڤا** لە ڕۆڵی (**نینا**)دا ناڕازی دەبێت، هەر لەم سەردانەشیدا ئەو وێنە بەناوبانگە گیراوە، کە **چێخەف** لە ناوەڕاستی ئەکتەرەکانی نمایشی (**نەورەس**) دانیشتووە و دەقەکەیان بۆ دەخوێندرێتەوە. دواتر **ئۆڵگا کنیپەر** لە نامەیەکیدا دڵنەوایی چێخوف دەکات و بۆی دەنووسێت (دوێنێ "**نەورەس**"ی ئازیزمان خستە سەر شانۆ، بە خۆشحاڵییەوە نمایشمان کرد. شانۆکە پڕ بوو (...) نواندنەکان باش بوون، "**ستانیسلاڤسکی**" دەڵێت ڕۆڵی من هەرگیز وا چاک نەبووە، ئەو دیمەنەی کە "**تریگۆرین**"ی تیایە ئێستا باشترە، لە یەکەم دیمەن زۆر ڕازی نیم. تووڕە دەبم و بە پەرۆشەوە جووڵەکانم بەجێ دێنم. نووسەری ئازیز لەم لایەنەوە دڵنیا بن، دەڵێن "**ڕکسانڤا**" زۆر باش بووە، شوێنی وەستانەکانی چاک ئەنجام داوە، بۆڵەی نەکردووە، "**مایرهۆڵد**" پێی گوتم تێکڕای بینەران بە حاڵەتێکی جیاجیاوە گوێیان لێ دەگرت. پەردەی سێیەم ئاسایی بینەرانی زۆر خەمبار کرد و پەردەی چوارەم زیاتر چێژی دانێ و وروووژاندنی).

لە شانزەی مانگی شەشدا **چێخەف** یەکەم نامە بۆ **ئۆڵگا کنیپەر** دەنووسێت. نامەیەکی کورتی تەوسئامێز و پرسیاری ئەوە دەکات، کە **ئۆڵگا** (نووسەرەکەی) لە بیرچووەتەوە (نووسەر لەیاد کراوە،

چەندە بێبەزەییت، چەند دڵڕەقیت، هەموو سڵاویان هەیە. ئێرە هیچ هەواڵی تازەی تیا نییە، لێرە هیچ مێشێک نافڕێت، هیچ، تەنانەت جوانەگایش گاز ناگرێت). ڕۆژی دوایی نامەیەکی تر دەنووسێت و لەو تۆنە گاڵتەئامێز و تەوسئاسایەوە دووردەکەوێتەوە و بۆ یەکەم جار دەنووسێت: (من ئێوەم خۆش دەوێت، ئێوە دوا لاپەڕەی ژیانی منن، ئێوە گەورەترین ئەکتەری خاکی **ڕووسیان**) دوای هەفتەیەک بە وەڵامەکەی **ئۆڵگا کنیپەر** نامە گۆڕینەوەکەیان، کە پێنج ساڵ دەخایەنێت دەست پێ دەکات، لە نامەکانی **چێخەف** تەنها چوارسەد و پەنجایان لە فەوتان ڕزگارکراون.

نامەگۆڕینەوەی نێوان **چێخەف** و **ئۆڵگا کنیپەر**، بەو شێوە بەرفراوانە، بە شێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە زۆربەی پەیوەندییەکەیان و دواتریش هاوسەرگیرییان، بە جیا و دوور لە یەکترییەوە دەژیان: **چێخەف** لەبەر نەخۆشی لە **یاڵتا** و **ئۆڵگا کنیپەر**یش لە **مۆسکۆ**، وەکو ئەکتەر لە **شانۆی هونەریی مۆسکۆ** کاری دەکرد. بێگومان پێکەوە دەژیان، بەڵام لە ماوەی کورت کورتدا، بەتایبەتی بە هاوینان، هەندێک جاریش **چێخەف** دەهاتە **مۆسکۆ**. نامە تەنها ڕێگە و ئامرازی پەیوەندی و پێکەوەژیانییان و هەروەها دیالۆگێکی بەردەوامیش، لەسەر هەموو ئاستەکان، بووە. لەم نامانەدا، بە وردی ژیانی هاوبەشی **چێخەف/ئۆڵگا کنیپەر** خراوەتە ڕوو؛ سەرەتای پەیوەندییەکەیان، دەرکەوتنی هەست و سۆزەکانیان، یەکەم نامەکانیان، گەشتە سەرەتاییەکەی **ئۆڵگا کنیپەر** بۆ **یاڵتا**، قووڵبوونەوەی خۆشەویستییەکەیان و دواتریش هاوسەرگیرییەکەیان. **چێخەف** لە یەکێک لە نامەکانی ساڵی ١٩٠٤یدا دەڵێت: (تۆ دەبێت ئەوە بزانیت، من بەبێ نامەکانی تۆ ناتوانم بژیم).

**چێخەف** پایزی ساڵی ١٩٩٠ دەست دەکات بە نووسینی (**سێ خوشک**)، لە دووتوێی نامەکانیشەوە، بەشێک لە پرۆسەی

نووسینی ئەم دەقەمان بۆ دەردەکەویت. (لەبارەی شانۆنامەکەوە دەبێت بڵێم، کە زوو یان درەنگ تەواوی دەکەم، ڕەنگە لە سێپتەمبەر، ئۆکتۆبەر یان نۆڤەمبەردا بێت، وەلێ مەیموونە ئازیزەکەم، تەواوکردنی بۆ ئەم وەرزەی شانۆ هێشتا ناتوانم هیچ بڵێم، ڕەنگە لای منەوە بڕیارێکی پێچەوانە هەبێت، لەبەر ئەوەی یەکەم لەوانەیە تەواو نەبێت و هەروەک ئێستا لەسەر مێزەکەم ڕاکشابێت و جێگە خۆش بکات، دووەمیش دەبێت خۆم لە کاتی پرۆڤەکردندا ئامادە بم! چوار ڕۆڵی زۆر گرنگی ژن، چوار ژنی گەنجی ڕووناکبیر، لەگەڵ هەموو ڕێزێکمدا بۆ هەست و هۆشی "**ستانیسلاڤسکی**"، بەڵام ناتوانم بیدەمە دەستی. دەبێت خۆم نیمچە چاودێرییەکی پرۆڤەکەی بکەم (...).) **چێخەف** لە مانگی دەی هەمان ساڵدا، بە دەقەکەیەوە دێت بۆ **مۆسکۆ**، بە ئامادەبوونی خۆی لە **شانۆی هونەریی مۆسکۆ** دەخوێندرێتەوە. **چێخەف** دوو مانگ لە **مۆسکۆ** دەمێنێتەوە، لە نزیکەوە لەگەڵ **ستانیسلاڤسکی** و **نمیرۆڤیچ** و ئەندامەکانی تری **شانۆی هونەریی مۆسکۆ** دەژی، بەشداریی گفتوگۆ و پرۆسە هونەرییەکەیان دەکات و لە نزیکیشەوە، لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا لەگەڵ **ئۆڵگا کنیپەر** دەژی. لە سەرەتای مانگی دوانزەدا بەرەو شاری (**نیس**) لە **فەڕەنسا** دەکەوێتەڕێ و هەموو زستانەکە لەوێ بەسەردەبات. لەم سەفەرەیدا بە دەقەکەیدا دەچێتەوە، هەندێک گۆڕانکاریی تیا دەکات و بە تەواوییش پاکنووسی دەکات، لە هەمان کاتدا لە **مۆسکۆ** پرۆڤەی تیا دەکەن. **چێخەف** لە وەڵامی نامەیەکی **ئۆڵگا کنیپە**ردا، سەبارەت بە پرۆڤەکانی (**سێ خوشک**) دەڵێت: (هیچ نەبێت باسی "**سێ خوشکەکە**"م بۆ بکە. ئایا دەکرێت شتی بۆ زیاد بکەیت، یان لێی کەم بکەیتەوە؟ تۆ باش دەور دەبینیت ئازیزەکەم؟ بڕوانە، لە هیچ کام لە پەردەکاندا خۆت وا پیشان مەدە، کە خەمباریت، تووڕە بە، بەڵام غەمگین مەبە. ئەو کەسانەی لە ناوەوەیاندا غەمبارن ناتوانن

قسه باش بکەن و لە بیرکردنەوەدا بزر دەبن. زۆر جار لەسەر شانۆ، کە خەڵکی قسە دەکەن تۆ خەم داتدەگرێت. تێدەگەیت؟ بێگومان تێدەگەیت، چونکە تۆ زیرەکیت (...).) **چێخەف** لە ڕێگەی نامەکانی **ئۆڵگا کنیپەر** و هەروەها **ستانیسلاڤسکی**یشەوە، ئاگاداری ڕەوشی پرۆڤە و خوێندنەوەی دەقەکە بووە، لە زۆر ڕووەوە نائارام بووە و زۆر جار هەستی کردووە، لە دەقەکە ناگەن. لە وەڵامی یەکێک لە نامەکانی **ئۆڵگا کنیپەردا** دەڵێت: ("**سێ خوشکەکە**" چیی بەسەرهات؟ لە نامەکانتدا وا دەردەکەوێت، کە هەمووتان هەر لە فشەتان داوە، دەنگەدەنگ لە پەردەی سێیەمدا؟ بۆ دەنگەدەنگ؟ دەنگەکان هەموویان دوور لە دەرەوەی شانۆکە و لەسەرخۆن، بەڵام لەسەر شانۆکە هەموویان خەواڵوون و وەنەوز دەدەن، ئەگەر پەردەی سێیەم خراپ بکەن هەموو نمایشەکە خراپ دەبێت و لەم سەرەتای کاری نمایشنامە نووسینەمدا ناوم دەزڕێنن و لە شانۆم وەدەردەنێن). **ئۆڵگا کنیپەر** لە (**سێ خوشک**)دا ڕۆڵی (**ماشا**) دەبینێت.

(**سێ خوشک**) بۆ یەکەم جار لە **شانۆی هونەریی مۆسکۆ**، لە کۆتایی مانگی یەکی ساڵی ١٩٠١دا نمایش دەکرێت، هاوکات **چێخەف** لە ڕێگەی **ئیتالیا**وە دەگەڕێتەوە، ئەو نامە و تەلگرافانەی بە بۆنەی سەرکەوتنی نمایشەکەوە بۆی دەنێرن، ناگەنە دەستی، بۆیە **چێخەف** دەگاتە ئەو بڕوایەی، کە نمایشەکە سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، لە پانزەی مانگی دوودا دەگاتەوە **یاڵتا**، ئەوسا هەواڵی سەرکەوتنی دەق و نمایشەکەی بەدەست دەگات.

**چێخەف** دەیویست لەگەڵ **ئۆڵگا کنیپەر** لە پەیوەندییەکی کراوەدا بژی، حەزی بە هاوسەرگیری و زەماوەند نەدەکرد و بە هەموو شێوەیەک خۆی لەو مەسەلانە دەدزییەوە، **ئۆڵگا کنیپەر**یش بەمە ڕازی نەدەبوو، ئەو دەیویست ژیانی هاوسەرگیری پێک بهێنن. **چێخەف** پزیشک بوو، دەیزانی نەخۆشە و هێندەیشی

نەماوە لە ژیاندا، لەوەوبەر پەیوەندییەکی زۆری بە ئافرەتی ترەوە هەبووە و هەرگیز نەیویستووە ژیانی هاوسەرگیری پێک بهێنێت. بەڵام لە ئەنجامدا بە داواکارییە بەردەوامەکەی **ئۆڵگا کنیپەر** قایل دەبێت و لە بیستوپێنجی مانگی پێنجی ساڵی ۱۹۰۱دا ژیانی هاوسەرگیری و خێزانێکی پەرتەوازە پێک دەهێنن. **چێخەف** هەروەک جاران بە تەنها لە **یاڵتا** دەژی و **ئۆڵگا کنیپەر**یش لە **مۆسکۆ**.

زۆر جار **ئۆڵگا کنیپەر** لە نامەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە هەست بە ئازاری ویژدان دەکات، بەتایبەتی کە **چێخەف** نەخۆشە و ئەو لەوێ نییە و ناتوانێت یارمەتیی بدات، بەڵام **چێخەف** سوورە لەسەر ئەو جۆرەی ژیانیان؛ ئەو لە **یاڵتا** و **ئۆڵگا کنیپەر**یش لە **مۆسکۆ**. ساڵی ۱۹۰۲ کێشە و قەیرانەکانیان قووڵتر دەبێتەوە، تەندروستیی **چێخەف** خراپتر دەبێت، **ئۆڵگا کنیپەر**یش لەم ساڵەدا منداڵێکی لەباردەچێت، کە دەشبێتە هۆی هەوکردن و نەخۆشی و ڕەوشێکی گران و ناخۆش بۆ هەردووکیان دروست دەکات. هاوینی ئەم ساڵە، میوانی **ستانیسلاڤسکی** دەبن، لە خانووە هاوینەکەی، لە دەرەوەی **مۆسکۆ**وە، لەم شوێنە کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن و سەرلەنوێ لە چیرۆکی ئیشقی یەکدا دەژین، هەر لەم شوێنە **چێخەف** دەقی (**باخی گێلاس**) لە هزریدا چەکەرە دەکات.

**چێخەف** پایزی هەمان ساڵ، لە **یاڵتا** دەژی و خەریکی نووسینی (**باخی گێلاس**) دەبێت، **ئۆڵگا کنیپەر**یش لە **شانۆی هونەریی مۆسکۆ** دەکەوێتەوە کار و ڕێپێرتوارێکی تر دەست پێ دەکاتەوە. هاوینی ۱۹۰۳ پێکەوە لە **یاڵتا** دەبن، لە مانگی نۆیشدا (**باخی گێلاس**) تەواو دەکات و لە ناوەڕاستی مانگی دەدا دەینێرێت بۆ **شانۆی هونەریی مۆسکۆ**، کە لە چاوەڕوانییەکی بێپایانی ئەو **باخی گێلاس**ەدا دەبن. **چێخەف** لە نامەیەکی دوانزەی ئۆکتۆبەردا،

بۆ **ئۆڵگا کنیپەر** دەنووسێت: (باشە مایپەر خودا بە ئارام گرمان قبووڵ بکات، نمایشنامەکە تەواو بوو، بەڕاستی تەواو بووە و سبەینێ یان ئەوپەڕی لە ١٤ی ئۆکتۆبەردا دەینێرم بۆ **مۆسکۆ**، هەندێک سەرنج و تێبینی لەگەڵدا دەنێرم. ئەگەر گۆڕانێکی بووێت لام وایە زۆر نییە، خراپترین شت لەم نمایشنامەیەدا ئەوەیە، کە من یەکژەمی و بێ وەستان نەمنووسیوە، بەڵکو ماوەیەکی زۆری ویست تا تەواو بوو، هەر ئەمەیشە ڕەنگە کەمێک بێزارکەربێت. بزانم چی دەبێت). **چێخەف** لە مانگی دوانزەدا دێت بۆ **مۆسکۆ** و بەشداریی پرۆڤەکان دەکات. (**باخی گێلاس**) لە حەڤدەی مانگی یەکی ساڵی ١٩٠٤دا نمایش دەکرێت و لە هەمان کاتدا یادی بیستوپێنج ساڵەی **چێخەف**، وەکو نووسەر دەکرێتەوە.

نامەگۆڕینەوەی نێوان **چێخەف** و **ئۆڵگا کنیپەر** لەسەر هەموو ئاستەکان بەردەوام دەبێت، ژیانی ڕۆژانە بە هەموو ساکارییەکیەوە، بە هەموو دژوارییەکییەوە لەخۆ دەگرێت؛ باری تەندروستیی **چێخەف**، ڕەوتی شانۆ، پێکەوە ژیان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی، هاوکات قۆناغێکی گرنگی **شانۆی هونەریی مۆسکۆ**، کە بەشێکی گرنگی مێژووی شانۆی جیهانییە، لەم نامانەدا جێگەیان بووەتەوە. نامەکان چەندە بە قووڵی باسی پەیوەندییەکانی خۆیان و ڕۆڵی هونەر و شانۆ دەکەن، هێندەیش لایەنێکی پڕ لە خەندە و گاڵتەوگەپ لەخۆ دەگرن و **چێخەف** زۆر جار بە تۆنێکی کۆمیدی و زمانێکی تەنزئاسا دەنووسێت. هەندێک جار پرسیار و وەڵامەکان لە ساکاریدا قووڵ دەبنەوە و دەبنە ڕامانێکی فرەمەودا بۆ بوون و ژیان و پێکەوە بوون، **ئۆڵگا کنیپەر** لە نامەیەکی ساڵی ١٩٠٤دا، لە ئەنجامی دڵەڕاوکێیەکی بێهودەدا بۆ **چێخەف** دەنووسێت: (ئازیزەکەم **ئانتۆن**، مانای ژیان چییە؟ من هیچ تێناگەم، هەست دەکەم گێلم. هەست بە پەژارەیەکی گران دەکەم و وا دەزانم بارێکی گرانم

بەسەر شانەوەیە). **چێخەف**یش لە وەڵامدا، بە ساکاری دەڵێت: (لێت پرسیوم ژیان چییە؟ وەک ئەوە وایە بپرسیت: گێزەر چییە؟ گێزەر گێزەرە، ئەمەیش هەموو شتێکە سەبارەت بە گێزەرێک بیزانین)، بەڵام شانۆ هەردەم ڕۆڵێکی گەورەی ناوەندگیری لەم نامانەدا هەیە، ئەمەیش شتێکی ئاساییە، **ئۆلگا کنیپەر** لە هەموو شانۆنامەکانی **چێخەف**دا ڕۆڵی سەرەکیی بینیوە، **ئۆلگا کنیپەر** تاکەکەسێک بووە، کە **چێخەف** گفتوگۆی سەبارەت بە شانۆ لەگەڵ کردووە، هەروەها **ئۆلگا کنیپەر** تەنها کەسێک بووە، بە بەردەوامی چی لەنێو پرۆڤەکانی **شانۆی هونەریی مۆسکۆ**دا ڕووی داوە، بۆ **چێخەف**ی باس کردووە. **چێخەف** باسی کارەکتەرەکانی خۆی دەکات، ئاماژە بۆ ئاست و توانای هەندێک لە ئەکتەرەکان دەکات، زۆر جار ڕۆڵەکانیان هەڵدەسەنگێنێت و ڕەخنەی توندیان لێ دەگرێت. هەر لەم نامانەدا سەرەتاکانی ئەو ناکۆکییە قووڵەی نێوان **ستانیسلاڤسکی** و **نمیرۆڤیچ**مان بۆ دەردەکەوێت، **چێخەف** و **ئۆلگا کنیپەر**یش لایەنگیری **نمیرۆڤیچ** دەگرن. خوێندنەوەکانی **ستانیسلاڤسکی** بۆ شانۆنامەکانی **چێخەف** و چۆنیەتیی مامەڵەکردن و بەرجەستەکردنی ڕۆڵەکان، کێشەیەکی گەورە لە نێوان **ستانیسلاڤسکی، نمیرۆڤیچ** لە لایەک و **چێخەف** لە لایەکی ترەوە دروست دەکەن. ئەم ناکۆکییە بە تەواوی لە نمایشی (**باخی گێلاس**) دەردەکەوێت؛ **چێخەف** و **ستانیسلاڤسکی** لە دوو دیدی تەواو جیاوازەوە سەیری ئەم دەقەیان کردووە، **چێخەف** لە یەکێک لە نامەکانیشیدا، کە بۆ **ئۆلگا کنیپەر**ی نووسیوە، دەڵێت (دیمەنێک، کە لەسەر شانۆ پێویستە تەنها دوانزە دەقیقە بخایەنێت، لای ئێوە چل دەقیقە دەخایەنێت).

(**باخی گێلاس**) بۆ **ستانیسلاڤسکی** شانۆنامەیەکی تراجیدی بووە، هەر لەم دیدەیشەوە کاری لە نمایشەکەیدا کردووە، ئەمەیش پێچەوانەی تێگەیشتنی **چێخەف** بووە و بۆ ئەو وەک نووسەری

شانۆنامەکە (**باخی گێلاس**) شانۆنامەیەکی کۆمیدی بووە. **ئۆلگا کنیپەر** بۆ **چێخەف** دەنووسێت، کە **ستانیسلاڤسکی** (**باخی گێلاس**)ی خوێندەوە، دەگریا. **چێخەف**یش لە وەلامدا، بە سەرسوورمانەوە دەلێت: (گریا؟ ئەمە کۆمیدییە! **ستانیسلاڤسکی** نابێت ئەم دەقە بشێوێنێت!) دواتر **ئۆلگا کنیپەر** لە یاداشتەکانی خۆیدا سەبارەت بەم نمایشە دەلێت: (دەتوانم بلێم کارکردن لەسەر **باخی گێلاس** ئازاراوی بوو، لە نێوان نووسەرەکەی و ستافی کارەکەدا لێکتێگەیشتن نەبوو، بەلام هەموو شتێک بە چاکی کۆتایی هات).

هەرچەندە **چێخەف** لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ **ستانیسلاڤسکی** ناکۆک بووە و هەندێک جار بە توندی ڕەخنەی لە **شانۆی هونەریی مۆسکۆ** گرتووە، بەلام ئەو ڕاستییەیشی زانیوە، کە تەنها **شانۆی هونەریی مۆسکۆ**، شانۆنامەکانی ئەویان بەرەو سەرکەوتن بردووە و توانیویانە بەردەوامی پێ ببەخشن، ئەگەر ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی (**نەورەس**) نەبوایە، ئەوە بەبێ هیچ گومانێک **چێخەف** چیتر بۆ شانۆی نەدەنووسی، لەم ڕەوشەیشدا نە (**سێ خوشک**) و نە (**باخی گێلاس**) نەدەنووسران.

**سەرچاوە:**

دلــدارە هەرە ئــازیزەکەم، نــامەی خۆشەویــستیی نێــوان ئــانتۆن چێخەف و ئۆلگا کنیپەر، وەرگێڕانی لە فارسییەوە ڕەووف بێگەرد. بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، ٢٠٠٨

# شەکسپیر هاوچەرخمانە

ئەم کتێبەی ڕەخنەگری **پۆڵۆنی (یان کۆت)** لە بواری لێکۆڵینەوە لە شانۆنامەکانی **شەکسپیر**دا بەهایەکی ئێجگار گەورەی هەیە، چونکە خوێندنەوەیەکی قووڵتری بۆ دونیابینینیی **شەکسپیر** خستە ڕوو. **یان کۆت** کۆدە شاراوە و نهێنییەکانی شانۆنامەکانی **شەکسپیر**، بە کلیلێکی مۆدێرن و بۆچوونە سەرەتاییەکان، لە هەمان کاتدا دیدێکی پۆست مۆدێرنیزمەوە دەکاتەوە.

**هاملێت**، **لیری پادشا**، **ریشاردی سێیەم**، **کۆریۆلانس** سەر بە زەمەنێکی جیاواز و ڕابردوو نین، ئۆتێلۆ و دەزدێمونە تەنها چەند فیگورێکی ڕۆمانتیکی و خەونەئامێزی سەردەمە دێرینەکان و کارەکتەری وەهمی و فەنتازیایەکی ئەبستراکت نین، بەڵکو چارەنووس و کردارەکانی ئێمە، لەم ڕۆژگارەدا بەرجەستە دەکەن و ئێمەیش بە هەمان شێوە ڕەفتار دەکەین. ژیانی ئەو کارەکتەرانە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیانی ئێمەوە هەیە و تراجیدیاکانی ژیانی ئەوان تراجیدیای ئێمە و ئەم سەردەمەی ئێمەن. (**شەکسپیر** دەقەکانی نووسیوە، بەڵام ئەو ڕۆڵەکانی دابەش نەکردووە، بەڵکو ڕۆژگار دابەشیان دەکات. هەموو سەردەمێک، ڕۆژگارە

هاوچەرخەکان پۆلۆنیەسەکانی خۆیان، فۆرتینبراسەکەی، **هاملێت** و **ئۆفیلیا**کەی دەخاتە سەر شانۆ.)

**یان کۆت** ئا بەم شێوەیە لە **شەکسپیر** دەکۆڵێتەوە و بەم شێوەیەیش لە کتێبەکەیدا (**شەکسپیر هاوچەرخمانە**) سەرلەبەری دونیای **شەکسپیر** و لێکۆڵینەوەکانی بواری **شەکسپیر** هەڵدەگێڕێتەوە و شۆڕشێک لە دید و بۆچوونەکانی هەموو پسپۆڕ و شەکسپیرناسەکاندا بەرپا دەکات. بۆ ئەم نووسەرە **شەکسپیر** هاوچەرخ و دەروازە و هاودیدی **بێکێت**، **یۆنسکۆ** و **سارتەرە**. شانۆنامە و دراماکانی **شەکسپیر** لە هەناوی ئەو میکانیزمە گەورەیەدا بەرجەستە دەبن، کە ڕێگە بۆ گەمەی دەسەڵات و بنەما زیندووەکانی درامایەکی مۆدێرندا دەکاتەوە. بەپێی بۆچوونەکانی **کۆت** ئەو سیاسەتەی، کە میکانیزمێکی فرەڕەهەند و قووڵی دونیادیدەی **شەکسپیرە**، هیچ بوارێکی بۆ دادپەروەری و بێلایەنی تیا نییە. یاسای شانۆنامەکانی **شەکسپیر** لەسەر بنەماکانی خێر و شەڕ یان ناکۆکییەکانی دووبەرەکی و دژایەتی ڕۆنەنراوە، بەڵکو لەسەر کوشتن و کوژران، لەسەر سڕینەوەیەکی خوێناوی ئەویتر و هەمان چارەنووسیش بۆ بکوژەکان ڕۆنراوە. دراماکانی **شەکسپیر** هەر لە شانۆنامە مێژووییەکانیەوە، کە بەرجەستەی گەمەیەکی خوێناویی دەسەڵاتە، تا دەگاتە تراجیدیا و دوا شانۆنامەکانیشی، باسی ئەو دڵڕەقی و توندوتیژییە دەکەن. (ئەو دونیایەی لەم سیناریۆیەدا پیشان دەدرێت توندوتیژە، بەڵام هەموو یەکێک لە ئێمە ئەزموونی خۆی لەم دونیا توندوتیژەدا هەیە. هەندێک ڕووبەڕووی ئەو توندوتیژییە دەبنەوە و لە دژی ڕادەپەڕن، هەندێکی تر وەک یاسایەک پێی قایل دەبن، بەڵام هەردووکیان، ئەوانەی ڕادەپەڕن و ئەوانەیشی پێی قایل دەبن، تێک دەشکێنرێن). **یان کۆت** چەندە باسی توندوتیژییەکی فیزیکی دەکات، هێندەیش توندوتیژییەکی فەلسەفی، کە ڕەگوڕیشەکەی

دەگەڕێتەوە بۆ **سەردەمی ئێلیسابێسی**. ئەو فەلسەفە توندوتیژەیش، کە لە دەقەکانی **شەکسپیر**دایە، تەنها شانۆیەکی هاوچەرخ و مۆدێرن دەتوانێت چارەسەری هونەری بۆ بدۆزێتەوە. ئەم فەلسەفە توندوتیژەی لە دەقەکانی **شەکسپیر**دا هەن، چەند لایەنێکیان هەیە، بۆ نموونە فیزیکی، دەروونی، خودگەرا و ستراکتورێکی بەهێزی لەنێو سیستێمە حوکمڕانییەکانی دەسەلاتیشەوە هەیە، کە مەسەلە ئێکستێنتیالیزمەکان دووچاری کێشە دژوارەکان دەکاتەوە. **شەکسپیر** چەندان کێشە ئاوێزانی شانۆنامەکانی دەکات و ڕەهەندێکی هەمەلایەنیان پێ دەبەخشێت، بۆ نموونە لە **هاملێت**دا کێشەی سیاسی، توندوتیژی و موڕاڵ و ئەو پرسانەیش، کە کێشەی نێوان تیۆر و پراکتیکە دەخاتە ڕوو و لە ئامانجی ڕەها و ماناکانی ژیاندا قووڵیان دەکاتەوە. لە هەمان کاتدا **هاملێت** تراجیدیای خۆشەویستییە، تراجیدیای بنەماڵە و ولاتێکیشە؛ هەروەها تراجیدیایەکی فەلسەفی و میتافیزیکییانەیشە، ئەمە جگە لەوەی لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی لەسەر بنەما سایکۆلۆژییەکان ڕۆناوە. (دیالۆگەکانی **هاملێت**، بۆ نموونە ڕستەی "**ببیت یان نەبیت-ئا ئەمە مەسەلەکەیە**" دیالۆگێکی ناوەکییە لە نێوان لۆژیک و سیاسەتدا. "**من هەم**" (بوون) بۆ **هاملێت** مانای ئەوە دەگەیەنێت، تۆڵەی باوکی بکاتەوە و پادشا بکوژێت "**یان نەبیت**" (نەبوون) مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە واز لە تۆڵەی باوکی بهێنێت).

**کۆت** خوێندنەوەیەکی خودگەرایی بۆ **شەکسپیر** دەکات، لەم ڕوانگەیەیشەوە چارەنووسی پاڵەوانەکان دەکەونە ناوەندێکی گرنگی ڕووداوەکانەوە و مەسەلە خودگەراییەکانیش پەیوەندییەکان و زەمەنە فەلسەفییەکەی شانۆنامەکان دیاری دەکەن. پاڵەوانەکان لە پانتاییەکی فەلسەفی و دوور لە زەمەنە تەقلیدییەکانەوە دەجووڵێنەوە و مەودای زەمەنێکی فەلسەفی و

فیزیکی تێهەڵکێشی مەسەلە خودییەکان دەکەن. بەمەیش وێنەیەکی تەواو و گشتگیری گەردوون، بەرجەستەی ڕووداوەکان دەبێت.

**کۆت** لە دیالۆگەکانی **ئۆتێلۆ** و **یاگۆوە** شیکاری بۆ مەسەلەکانی خێر و شەڕ لە گەردوونێکی گلوباڵیزمەدا دەکات، سنوورەکانی ژان و ئازار و بەرگەگردنی مرۆڤ و جیاوازییەکانی ساتە زۆر کورت و چاوتروکاندنەکانی نێوان لەدایکبوون و مردن بە ستراکتورە مۆدێرنەکانی کۆمەڵگە دەبەستێتەوە. **ئۆتێلۆ** دەبەستێتەوە بە **لیری پادشاوە**، هەمان چارەنووس لە دوو ئاڕاستەی جیاوازدا، **ئۆتێلۆ** و **لیر** بەرەو شێتی دەڕۆن و لە ئەنجامدا **ئۆتێلۆ** بە هەمان زمانی **لیر** دەپەیڤێت. هەروەها **لیری پادشا** لە بنەماکانی شانۆنامەی کۆتایی گەمەی **بێکێت**ەوە دەخوێندێتەوە و فەلسەفەیەکی توندوتیژی هاوبەش لە نێوان ئەم دوو شانۆنامەیە، وەک دوو زەمەنی جیاواز و دوو دونیابینیی جیاوازدا دەدۆزێتەوە. لە هەمان کاتدا ئاماژەیش بۆ ئەوە دەکات، کە نە شانۆیەکی ڕۆمانتیکی و نە ناتورالیزمیش دەتوانێت مامەڵەیەکی هونەری و ئێستاتیکی بۆ ئەم چەمکە توندوتیژە بکات و لەسەر شانۆ بەرجەستەی بکات، بەڵکو تەنها شانۆیەکی نوێ ئەو توانایەی هەیە، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ تووخمە بەهێزە گرۆتێسکەکانی شانۆی نوێ، کە لە دەرەوەی کارەکتەرەوە بەرگە تەقلیدییەکانی شانۆنامەکە دادەماڵێت و ڕێگە بۆ دۆزینەوەی شانە فەلسەفییە توندوتیژەکانی دەکاتەوە. ئەو توندوتیژییەی لە شانۆنامەکانی **شەکسپیر**دایە، چەندە بنەمایەکی گرۆتێسکیان هەیە، هێندەیش واقیعێکی بەهێز لە دەرەوەی هەموو کات و شوێنێکەوە

کۆیان دەکاتەوە و پاڵەوونەکانی هەمیشە لە گەشە و نوێبوونەوەدان.

**کۆت** لە نموونەیەکدا ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە (**فریدریش دێرنمات**) بە تێکەڵاوکردنی چەمک و فۆرمە جیاوازەکان، (**برتۆڵد برێشت**) بە شانۆ داستانییەکەی و (**سامۆییل بێکێت**) بەو شانۆ نۆییەی خوڵقاندوویەتی لە **شەکسپیر** و **شانۆی ئێلیزابێسی** نزیک دەبنەوە. لەم ڕووەیشەوە ئەم شانۆ نوێیە بە شانۆی دژەشانۆ ناوزەد دەکات. **کۆت** ئەوەیش دووپات دەکاتەوە، کە لەو ڕۆژەوەی شانۆ لە دابونەریتە تەقلیدییەکانی **ئێلیزابێسییەت** دوور کەوتووەتەوە، **شەکسپیر**یش ڕەهەندە ڕەسەن و پڕ لە ڕاز و نهێنییەکانی خۆی لەدەست داوە. ئەم نووسەرە لەم کتێبە دەگمەنەدا، شانۆنامەکانی **شەکسپیر** لە سێ بەشدا؛ شانۆنامە مێژووییەکان، تراجیدیا و کۆمیدی لە بنەما نوێیەکانی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ و سیستەمێکی مۆدێرنی ئەمڕۆی جیهانەوە شی دەکاتەوە.

(**شەکسپیر هاوچەرخمانە**) دەرگایەکی گەورەی بۆ خوێندنەوەی **شەکسپیر** لەسەر شانۆکان کردۆتەوە و ڕێژیسۆرەکان، بە دیدێکی جودا و کراوەوە گەڕاونەتەوە سەر ئەم کتێبە. **پیتەر بروک**، کە پێشەکیشیی بۆ چاپە ئینگلیزییەکەی ئەم کتێبە نووسیوە، لە بنەما دراماتۆرگی و تیۆرییەکانی (**کۆت**)ەوە ستراکتورێکی **بێکێت**یانەی بۆ نمایشی (**شا لیر**) دۆزیوەتەوە. **بروک** لە کتێبی (**خاڵی وەرچەرخان**)دا، کە ساڵی ١٩٨٧ بڵاوی کردووەتەوە دەڵێت (**شەکسپیر** هاوچەرخی **یان کۆت**ە، **یان کۆت**یش هاوچەرخی

**شەکسپیرە**، هەر لەبەر ئەمەیشە زۆر بە ئاسانی لە سەری دەدوێت)

(**یان کۆت**) ساڵی ١٩١٤ لە **پۆلۆنیا** لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٣٨ەوە دەچێتە **پاریس** و لەوێ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بزووتنەوەی سوریالیزمەکانەوە و لە کاتی دووەم جەنگی جیهانیدا یەکێک دەبێت لە سەربازە چالاکەکانی بەرگریکردن لە شاری **وارشۆ**. لە نێوان ساڵانی ١٩٤٩-١٩٥٢ دەبێتە پرۆفیسۆری زمانی ڕۆمانی، لەنێوان ساڵانی ١٩٥٢-١٩٦٦یشدا لە **زانکۆی وارشۆ** وەک پرۆفیسۆری ئەدەبی **پۆڵۆنی** کار دەکات. لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەچێتە **ئەمریکا** و لەوێ لە زۆربەی زانکۆکاندا دەست بە کار دەبێت، ئەمە جگە لەوەی وەکو سەرنووسەر و ڕەخنەگریش لە کۆمەڵێک گۆڤاری گرنگدا کاری کردووە.

**سەرچاوە:**

Jan Kott, Shakespeare vor samtid. Till svenska av Lan Kunicki och Carin Leche, natur och kultur. Stockholm 1972

## خاڵی وەرچەرخان

### شانۆ، ئۆپێرا و فیلم (١٩٤٦-١٩٨٧)

کە **پیتەر بروک** لە ساڵی ١٩٦٨دا کتێبی (**پانتایی بۆش**)ی بڵاوکردەوە، نەک هەر بووە جێگەی سەرنج و گفتوگۆی تێکرای شانۆکارانی جیهان، بەڵکو زاراوەی (**شانۆی بۆش**)یشی داهێنا، کە تا ئێستا وەک چەمکێکی هونەری کاری لەسەر دەکات و کاریگەریشی بەسەر تێکڕای ڕەوتی شانۆی جیهانیشەوە هەبووە.

بروک هەر لە شەستەکانەوە بەدوای ڕێگەی جودا و فۆرمی تازە و شێوازی تری شانۆیدا گەڕاوە و بینەرێکی زۆری لە پرۆژەکانی کۆکردووەتەوە.

"**باخی گێلاس**" و "**کارمن**" سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێنا، بەڵام ئەو کارانەی زیاتر لە حەفتا و هەشتاکاندا بوونە جێگەی سەرنج، ئەو نمایشانە بوون، کە لە داستان و میتۆلۆژیا ڕۆژهەڵاتییەکانەوە سەرچاوەیان وەرگرتووە: **ئیک** ١٩٧٥، **کۆنفرانسی باڵندەکان** ١٩٧٩، **مەهابەهاراتا** ١٩٨٧ بەشێکن لە

گرنگترین ئەو بەرهەمانە. **بروک** دواتر ڕەوشی کار و ئەزموون و وردەکارییەکانی ئەم کارانە و میتود و هەندێک لە بۆچوون و پەیوەندییەکانی خۆی بە شانۆ و ڕەوتی شانۆی جیهانییەوە لە کتێبی (**خاڵی وەرچەرخان**) ١٩٤٦- ١٩٨٧دا بڵاو دەکاتەوە.

ئەم کتێبە بە پێچەوانەی (**پانتایی بۆش**)ەوە، کۆکردنەوەی چەندین باس و دیدار و نامە و سیمینار و گفتوگۆیە، کە **بروک** بە درێژایی ئەو چل ساڵە ئەنجامی داون، کۆنترین بابەتیشیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤٧. هەرچەندە ئەم کتێبە یەکەیەکی فکری یان هونەری کۆیان ناکاتەوە، بەڵام خاڵێکی هاوبەش ئەو هەموو بابەتە جودایانە پێکەوە دەبەستێتەوە و ئەزموونی **بروک** لە پرۆسە شانۆییەکەیدا، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەخاتە ڕوو. هەندێک جار کتێبی لەم چەشنە، کە لە بابەتی جۆراوجۆر پێک هاتووە و لە زەمەنی جیاوازدا نووسراون، گرانە بخرێتە خانەیەکی دیاریکراوەوە. **بروک** بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە لە کتێبەکەیدا چارەسەر بکات، بابەتەکانی بەپێی ڕیزبەندی و ساڵی نووسینیان دانەناوە، بەڵکو لەژێر چەند ناونیشانێکدا کۆیکردوونەتەوە و دابەشی کردوون بەسەر نۆ بەشدا، بۆ نموونە: هەستکردن بە ڕێباز، مرۆڤ لەسەر ڕێگەکان- گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، توندوتیژی و شێتی و جەنگ، **شەکسپیر** کێیە؟ بەکارهێنانی پانتایی بۆش، شەڕی چل ساڵ، سینەمای ژیان و چوونە دونیایەکی ترەوە.

**بروک** لە تەمەنی بیستویەک ساڵیدا، بە شانۆنامەی **ڕۆمیۆ و ژولێت** لە **ستراتفۆرد** پێگەی خۆی وەک ڕێژیسۆرێکی بە توانا لە **شانۆی ئینگلیزی**دا تۆمار دەکات، چەند ساڵێک لەوەوبەریش بڕیاری ئەوەی دابوو ببێت بە ڕێژیسۆر. دوای ئەوەی فیلمێکی ئەماتۆری لە **زانکۆی ئۆکسفۆرد** دەردەهێنێت، دەچێت یەکێک لە بەرهەمهێنەرەکانی سینەما دەبینێت و دەڵێت، دەمەوێت ببم بە ڕێژیسۆری سینەما. بەرهەمهێنەرەکە، ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت،

**بروک** وەک یاریدەدەری ڕیژیسۆر دابمەزرێنێت، پێشی ڕادەگەیەنێت دوای حەوت ساڵ لەم کارەت، لەوانەیە ئەو هەلەت بۆ هەڵبکەوێت، کە خۆت بتوانیت فلیمێک دەربهێنیت.

**بروک** بەم کارە قایل نابێت و ڕوو دەکاتە بواری شانۆ؛ هەر دوای چەند کارێک، کە لە ژێرزەمین و شانۆ بچووکەکان و هۆڵە ساکارەکاندا پێشکەشی دەکات، بانگێشت دەکرێت تا شانۆنامەیەک لە یەکێک لە شانۆکاندا پێشکەش بکات.

ئەم هونەرمەندە، هەر لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا تووشی شۆکێکی گەورە دەبێت، کە دواتر لە هەموو ژیانی هونەرییدا سوودی لێ وەردەگرێت. **بروک** چەند مانگێک لەوەوبەر بە باشی خۆی ئامادە دەکات، لە ماڵەوە و بە یارمەتی و بەکارهێنانی پارچە کاغەزی بچووک، کە فیگوری ئەکتەرەکانی پێ دروست دەکات و لەسەر مۆدێلی سینۆگرافیاکەی دەیانجووڵێنێت: لە سەرەوە بۆ خوارەوە، لە لاتەنیشتەوە بۆ پشتەوە، لە پێشەوە بۆ دواوە، هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوە و جووڵەی پەیوەندیی ئەکتەرەکان بە یەکترەوە دیاری دەکات. کە یەکەم ڕۆژی پرۆڤەیش دێت بە فایلێکی ئەستووری نەخشەی جووڵەی ئەکتەرەکانیەوە دێتە ژوورەوە، بەڵام ئەوەی ئەو لە ماڵەوە ئامادەی کردبوو، سەرلەبەری لەسەر تەختەی شانۆ وەک کۆشکێکی بە کاغەز دروستکراو دەڕوخێت. جەستەی ئەکتەرەکان و ئەو شێوازەی ئەوان لەسەر تەختەی شانۆکە پێی دەجووڵێن، لەگەڵ دەفتەرەکەی ئەو ڕێک ناکەوێت. **بروک** ئا لەم ساتەدا لەوە دەگات، کە ئەکتەر و هونەری نواندن پرۆسەیەکە، بە هیچ شێوەیەک ناکرێت لە ماڵەوە وەک بووکەڵەی بێگیان مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت.

ساڵێک دواتر شانۆنامەی (**ڕۆمیۆ و ژولێت**) نمایش دەکات و چەندین قسەوباسی لەبارەوە دەکرێت، هەندێک لە ناوەندە

هونەرییەکە، بەتایبەتییش کۆنخوازەکان بە سکەندالٚ ئاماژەی بۆ دەکەن. **بروک** بە بوێرییەوە کار لەم شانۆنامەیەی **شەکسپیردا** دەکات و هەموو ئەو بنەما و دابونەریتانەی تا ئەو دەمە کاریان پێ دەکرا، تێک دەشکێنێت و **شەکسپیرێ**کی تر و جیاواز پێشکەش دەکات. ئەم ڕیژیسۆرە ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە توندوتیژی، عیشق، درۆ و شیعر، بەشێکی چەندە گرنگ بوون لە ژیانی **ئێلیزابێسی**یەکان، بە هەمان گرنگییەوە لە شانۆکەیاندا و لەو شێوازەی، کە **شەکسپیر**ییان تیا پێشکەش کردووە، ڕەنگیان داوەتەوە. هەروەها ئاماژەیش بۆ ئەوە دەکات، کە لە سەردەمی **شەکسپیر** خۆیدا دوو کوڕی گەنج و جوان ڕۆڵی **ڕۆمێو و ژولێت**یان بینیوە، ئەمەیش مەودایەکی تری سێکسی و خوێندنەوەیەکی تر دەبەخشێت بە شانۆنامەکە، کە بۆ ساڵی ١٩٤٧ نەگونجاوبووە، هەروەها **بروک** باسی ئەوەیش دەکات، کە **بێکێت** و **هارۆڵد پینتەر** وایان لێ کردووە بە شێوەیەکی تر لە واقیع بگەن و بە شێوەیەکی تر مامەڵەی لەگەڵ بکەن، ئەمەیش ئەو کاریگەرییەیان لە لای **بروک** بەجێ هێشتووە، کە بتوانێت بە شێوەیەکی تر **شەکسپیر** نمایش بکات. هەر لەم دەروازەیەوە **بروک** باسی وەرگێڕانی دەقەکانی **شەکسپیر** بۆ سەر زمانەکانی تر دەکات و ئەو مەسەلانە دەورووژێنێت، کە تا چەند بینەرانی شەکسپیر لە دەرەوەی **ئینگلتەر**اوە ئەوەی دەیبینن **شەکسپیرە**، چونکە بەشێکی زۆری ئەو وەرگێڕانانەی لە وڵاتانی تر بەکار دەهێنرێن کۆنە و وێنەیەکی ڕاستەقینەی **شەکسپیر** ناخاتە ڕوو، هەروەها **بروک** باسی ئەوە دەکات، کە چەندین نەوە لە بینەرانی شانۆ، ئەکتەر و ڕیژیسۆرەکان... هتد لە هەموو ئەو توێژاڵە دەوڵەمەندەی دەقەکانی **شەکسپیر** نەگەیشتوون.

**بروک** لەم کتێبەدا، پرۆسەی نواندن لە دوو خاڵدا کۆدەکاتەوە: یەکەمیان کاری پرۆڤە و ئەو شێواز و دابونەریتەی لەم پرۆڤانەدا

بەکار دەهێنرێن، دووەمیشیان خودی نمایشەکەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی بینەراندا. ئەوەی لە هونەری نواندیشدا گرنگە: چی لە کاتی نمایشەکاندا ڕوودەدات، چۆن ئەکتەر لە خودی خۆیەوە دەبێت بە کەسێکی تر و پەیوەندییەکانی ئەکتەر بە پانتایی شانۆ و سیحری بینەرانەوە دەخولْقێت.

**بروک** ئاماژە بۆ کتێبەکانی **ستانسلاڤیسکی**، بەتایبەتی (**کاری ئەکتەر لەگەڵ خۆی**) دەکات و ئەم کتێبە بە پێویستییەکی گەورە دەزانێت، بەتایبەتی لە ڕووی تێگەیشتنی ڕۆنانی کارەکتەرەوە. بەڵام ئەم کتێبانە ئەکتەر و ڕێژیسۆریان لەو بۆتەیەدا گیر کردووە، کە شانۆ و هونەری نواندن ببێتە پرۆسەیەکی کارکردن و خۆلەبیرچوونەوە، لەبری ئەوەی باسی ئەو پەیوەندییە زیندوو و دینامیکییەی نێوان ئەکتەر و بینەران بکات. بروک تا ئەو ئاستە ئامادەیە ئەوە دووپات بکاتەوە، کە هیچ زمانێکی وا نەخولْقاوە باسی ئەوەمان بۆ بکات، کە چی بەسەر ئەکتەردا دێت، لە کاتێکدا ڕووبەڕووی بینەرەکانی دەبێتەوە.

**بروک** لە شەستەکاندا، کە کار لەسەر شانۆنامەی **مارا-سادی پیتەر ڤایس** دەکات، میوانداریی **گرۆتۆڤسکی** بۆ **لەندەن** دەکات تا کار لەگەڵ ئەکتەرەکانی بکات و ڕێگەیەکی تریان لە جەستەوە بۆ بکاتەوە. ئەم کارە هاوبەشەی **بروک/گرۆتۆڤسکی** ئەنجامێکی چاوەڕواننەکراوی بۆ ئەکتەرەکان و بۆ **بروک** خۆیشی دەبێت، کە دەیانخاتە بەردەم دوڕیانێک و لە دیدێکی قووڵەوە لە خودی پیشەی (ئەکتەر) بڕوانن. **بروک** لەم کتێبەیدا باسی **گرۆتۆڤسکی** دەکات و بە دیاردەیەکی دانسقە و تایبەت لە شانۆدا ناوزەدی دەکات (ئەوەندەی من ئاگادار بم، هیچ کەسێک لە جیهاندا هێندەی **گرۆتۆڤسکی**، لە **ستانیسلاڤسکی**یەوە لە گەوهەر و سروشتی نواندن، لە ماناکانی، لە زانستی پرۆسە فیکرییەکەی، لە ڕووی

جەستە و لە ڕووی هەست و سۆزەوە، بە شێوەیەکی قووڵ و تەواوی نەکۆڵیوەتەوە).

**بروک** لە بەشێکی تایبەتیشدا باسی گوێزانەوەی خۆی لە **لەندەن**ەوە بۆ **پاریس** و دامەزراندنی مەڵبەندی شانۆیی بۆ لێکۆڵینەوە و دواتریش مەڵبەندی نێونەتەوەیی بۆ داهێنانی شانۆیی دەکات. هەر لە **پاریس**یشەوە گەشتە هونەرییە دوورودرێژەکانی بۆ **ئەفەریقا** و **ئێران** و **هندستان** دەست پێ دەکات و شانۆیەکی میتۆلۆژی دەخوڵقێنێت. **بروک** هەوڵ دەدات لەم شانۆ میتۆلۆژییەدا ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە پرۆسەیەکی شانۆیدا پێکەوە ببەستێتەوە، گرنگترین بەرئەنجامەکانی ئەم گەشتانەیش لە نمایشەکانی (**ئۆرگاست، کۆنفرانسی باڵندەکان و مەهابەهاراتا**)دا بەرجەستە دەبن.

هەرچەندە **بروک** لە ئۆپێرا گەورەکانی دونیاوە، بە بەردەوامی داوای ئەوەی لێ کراوە، شاکارە ئۆپێرایییەکان نمایش بکات، بەڵام لە چەند بەرهەمێکی ئۆپێرایی بەولاوە، کە لە شانۆکەی خۆی لە **پاریس** کاری تیا کردوون، کاری لە ئۆپێرادا نەکردووە. لەو بەشەی کتێبەکەیشیدا، کە باسی ئەزموونی خۆی لە بواری ئۆپێرادا دەکات، ناوناوە (**شەڕی چل ساڵ**) زۆر شتمان سەبارەت بە پەیوەندییەکانی **بروک** و هونەری ئۆپێراوە بۆ ڕوون دەکاتەوە. یەکێک لەو هۆکارانەی **بروک**یان لە کاری ئۆپێرا دوورخستووەتەوە، ئەوەیە ئۆپێرا دوای کارێکی زۆر و ماندووبوونێکی بێسنوور، تەنها چەند جارێک نمایش دەکرێت. **بروک** چەند ئۆپێرایەک بۆ شانۆ گەورەکان پێشکەش دەکات، بەڵام لە ساڵی ١٩٨١دا (**کارمن**) لە شانۆکەی خۆی (**بوف دی نوور**) بە پێی هەلومەرجەکانی خۆی و دیدی ڕیژی و ڕێپۆرتوار و سیاسەتی شانۆکەی پێشکەش دەکات. بروک لەم پرۆژەیەدا، دوای زیاتر لە دووسەد جار نمایشکردن و گەڕان بە هەموو دونیادا،

پێداگری لەوە دەکات، کە هونەری ئۆپێرا، هەروەک شانۆ لە پرۆسەیەکی بەردەوامی نمایش و ڕووبەڕووبوونەوەی بینەراندا، گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و مەودایەکی قووڵ و ستراکتورێکی گشتگر و پەیوەندییەکی تری نێوان کارەکە و بینەران لەخۆ دەگرێت.

**بروک** لەم کتێبەیدا، دووبارەی ئەو بۆچوونە ڕادیکاڵەی خۆیمان بۆ دەکاتەوە، کە شانۆ دەبێت هەمیشە لە لێکۆڵینەوەیەکی بەردەوامی سنوورەکانی خۆیدا بێت تا چەند و چۆن شانۆکار دەتوانێت دابونەریت و سنووره دیاریکراوەکان ببەزێنێت و شتێکی تر لە دەرەوەی هەموو بنەما باوەکانەوە دروست بکات. ئەگەر کاری شانۆیش ئەو ڕێچکەیە وەرنەگرێت، ئەوە هەموو کارەکانمان دەبێتە ڕۆتینێکی بێڕەنگی دووبارەکراوە.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم، کە ئەم کتێبە هەموو ئەزموونی **بروک** دەخاتە ڕوو، نەک هەر ئەوە، بەڵکو دەتوانین بڵێین خاڵی وەرچەرخان، خاڵی سەرەتا و بەرەوپێشەوەچوون و کامڵبوونی هونەرمەندێکە، کە شانۆ دەکاتە ئامڕازێکی گرنگ بۆ تێگەیشتن لە خودی خۆ و لە ژیان و نزیکبوونەوە لە مەرگیش.

**سەرچاوە:**

بیتــر بــروک، الـنقطە المتحــولە، اربعــون عامــا فــی استکـشاف المسرح، ترجمە و تقدیم فاروق عبد القادر

# دەرگا کراوەکە

## بیروڕا سەبارەت بە نواند و شانۆ

**پیتەر بروک** لە کتێبی (**دەرگا کراوەکە**)دا، کە ساڵی ١٩٩٥ بڵاوی کردووەتەوە، بە چڕی و بە شێوەیەکی کراوە، بە پشتبەستن بە ئەزموونی دەوڵەمەندی چەند ساڵەی خۆی، باسی ژیان لە شانۆ و هونەری نواندن و چەمکەکانی شانۆ و ڕۆڵ و بەهای بینەران دەکات. چەمکەکانی پانتایی بۆش ڕوون دەکاتەوە و سەرلەنوێ لە ئەزموونێکی پەنجا ساڵەی خۆیەوە، بە دیدێکی ترەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکاتەوە. **بروک** لە سەرەتای کتێبەکەیەوە، باسی بەکارهێنانی پانتایی بۆش دەکات و دەیبەستێتەوە بە فەلسەفەی ئەو شێوازەی شانۆوە، کە ئەو کاری لەسەر دەکات. ئەگەر بتەوێت شتێکی بە بەها ڕوو بدات، دەبێت هەوڵی خولْقاندنی پانتاییەکی بۆش بدەیت، پانتاییە بۆشەکان ئەو دەرفەتە دەرەخسێنن تا ڕەوشە تازەکان بۆ ناو ژیان بێنە دەرەوە، لەبەر ئەوەی هەموو شتێک، کە تایبەتە بە ناوەڕۆک و مانا و گوزارشت و زمان و مۆسیقا، ناکرێت بەبێ ئەزموونێکی باش و پێگەیشتوو، بوونیان هەبێت.

**پیتەر بروک** کار لەسەر ئەو پرنسیپە دەکات، کە ژیان لە شانۆ جیاناکرێتەوە، لەبەر ئەوەی شانۆ سەبارەت بە ژیانە و دەربارەی ژیانە. ئەمەیش خاڵی سەرەتا و بنەما گەوهەرییەکەی شانۆیە لای شانۆکارێکی وەک **بروک**، **هیچ** شتێکی تریش نییە، کە بە سەرەکیتر دابنرێت: شانۆ ژیانە. لەوانەیە شانۆیش یەکێک بێت لە گرانترین هونەرەکان، لەبەر ئەوەی لە شانۆدا سێ پێوەندیی سەرەکی هەن، کە دەبێت لە یەک کاتدا و بە شێوەیەکی تەواو بە ئەنجام بگەن: پێوەندیی نێوان ئەکتەر و ژیانی ناوەکی خۆی، پێوەندیی نێوان خۆی و ئەکتەرەکانی تری گرووپەکە، هاوکات پێوەندیی نێوان خۆی و بینەران. لە هەمان کاتدا ناکرێت بگوترێت، کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان ژیان و شانۆدا نییە. خەڵکی دەچن بۆ شانۆ تا لەوێ ژیان ببینن، بەڵام ئەگەر هیچ جیاوازییەک لەنێوان ژیان لە دەرەوەی شانۆ و ژیان لەسەر شانۆ و ناو شانۆدا نەبێت، ئەوە شانۆ هیچ مانایەکی نابێت. هیچ خاڵێکی دیاریکراویش بۆ ئەمە لە ئارادا نییە، ئەگەر بیرۆکەی ژیان لەسەر شانۆمان وەک شتێکی بینراو و تەواو، زیاتر لەوەی لە دەرەوەی هەیە، قبووڵ کرد، لەوکاتەدا وەکو خۆی دەیبینین، لە هەمان کاتدا جیاوازیشە. هەر لێرەیشەوە دەتوانین شتێکی تری بخەینە سەر: ژیان لەسەر شانۆ زیاتر شایەنی خوێندنەوەیە، هەروەها بەهێزتریشە، لەبەر ئەوەی زیاتر چڕکراوەتەوە، پرۆسەی کورتکردنەوەی پانتایی و پاڵەپەستۆ و چڕکردنەوەی کات، جۆرە دیقەتێکی تایبەتی دەخوڵقێنن.

**بروک** لە زۆربەی کارەکانیدا تەنها فەرشێک بەکاردەهێنێت تا بەمە، شوێنی پانتایی گەمەی نمایشەکە دیاری بکات، ئەمەیش بە ڕای **بروک**، لە پێناوی ئامانجێکی زۆر ئاشکرادایە: (ئەکتەر لە دەرەوەی ئەم فەرشەوە، لە ژیانی ڕۆژانەیدا، دەتوانێت چیی بووێت، بیکات؛ وزەی بە فیڕۆ بدات، خەریکی جۆرە

جووڵانەوەیەکی وا بێت، کە گوزارشت لە هیچ شتێک نەکات، سەری دەخورێنێت، دەنوێت... بەڵام هەر ئەوەندەی خۆی لەسەر فەرشەکە بینییەوە، ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییەی لەسەر شانە، کە ئەوەی دەیکات ڕوون و ئاشکرا بێت، لە ئاستی ئاستە بەرزەکانی ژیاندا بێت، ئەمەیش هەر زۆر بە ئاسانی، لەبەر ئەوەی بینەرێک چاودێریی دەکات) گرنگترین توخمەکانیش بۆ **بروک** چاوی بینەرانە، ئامادەبوونی بینەر و کاری بینەر لە هۆڵی نمایشەکەدا، تایبەتمەندییەکی بە بەهای هەیە. بەشدارییپێکردنی بینەران لە دیدی **بروک**ەوە ئەوە ناگەیەنێت، بینەران بەشداریی ڕووداوەکانی سەر شانۆ بکەن و هەوڵی ئەوە بدەن پەردە لەسەرخۆیان هەڵماڵن، وەک لە شەستەکاندا بەشداریی بینەران لە چوونە سەر تەختەی شانۆ و بوون بە بەشێک لە ئەکتەرەکاندا، خۆی دەبینییەوە، بەڵکو بینەران بە ئامادەبوونێکی هۆشیارانە و وریاوە، بەشدارییەکی هەمیشەیی نمایشەکە دەکات. ئەم ئامادەبوونەیش لە ڕێگەی پەرچەکردارێکی پۆزەتیڤەوە، هەستی پێ دەکرێت. (بینەران دەبێت شەریکێکی ڕاستەقینەی "**تاوانی ڕووداوەکان**" بن و بەوە قایل بن، کە بوتڵێکی شووشە تاوەری (**ئیڤل**) بێت یان ساروخێکە بەرەو ئاسمان دەڕوات) بۆ ئەم ڕۆڵەیش ئەندێشە کاری خۆی دەکات، بە ئەندێشە ئەو بوتڵە شووشەیە لە هەست و نەستی بینەراندا دەبێت بەو تاوەرە گەورەیەی سەری لە کەشکەلانی فەلەکە، ئەمەیش بە مەرجێک ئەکتەر بتوانێت لە دەرەوەی (شوێن)ە دیاریکراوەکاندا بجووڵێتەوە؛ هەر ئەوەندەی یەک لە توخمەکانی شوێن، شوێنێکی دیاریکراو بۆ ئەکتەر دیاری بکات، بڕواکردن بەو سروشتە دیکۆرئاسایە، گران دەبێت و بینەران دەخاتە نێو سنووری لۆژیکی دیمەنەکەوە. ئەکتەریش لەم هاوکێشەیەدا، ڕۆڵێکی پڕ لە بەهای هەیە: هزر و سۆز و جەستە؛ ئەکتەر دەبێت دیدێکی ئاشکرا و ڕوونی هەبێت،

لەگەڵ هزرێکی هۆشیار، هەست و سۆزێکی ڕاستگۆ و جەستەیەکی پتەو، ئەم توخمانەیش لە یەکەیەکی هونەری و هارمۆنیایەکی بەهێزدا یەکانگیر بێت، هاوکات ڕیتمێکی ناوەکی و دەرەکی ئەم سێ توخمە کۆدەکاتەوە، ڕێکیان دەخات و پارسەنگی ئەکتەر و هونەری نواندن ڕادەگرێت و بەرجەستەیان دەکات. ئەمەیش بۆ **بروک** ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەکتەر بە هەمان شێوەی سەمازانێک مەشقی جەستەیی پێویست بێت، ئەکتەر دەبێت جەستەیەکی گوزارشتئامێزی، بە شێوازی خۆی هەبێت. هەروەک ژیان، ئەکتەری کورت، درێژ، قەڵەو، ئەوانەی گورجوگۆڵن و ئەوانەیشی خاووخلیچکن، هەبن، ئەمەیش پێویستە، چونکە ئەوەی نمایشی دەکەن، ژیانە، ژیانی ناوەکی و ژیانی دەرەکی، کە بە هیچ شێوەیەک لە یەکتری جیا ناکرێنەوە. لەم ڕووەوە ئەکتەر دەبێت خاوەنی هەستێکی بەهێز بێت، بە شێوەیەک لە هەموو ساتێکدا لە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆدا بێت بە جەستەیەوە، لە کاتێکیشدا دەست دەکات بە جووڵەیەک بە تەواوی هەموو شوێنێکی ئەندامەکانی جەستە و ماسوولکەکانی لەشی دەزانێت لە کوێدان و چۆن دەست دەکەن بە کارەکانیان.

بروک لەسەر ئەو بنەمایە کار دەکات، کە هەموو شتێک لە گۆڕانکارییەکی بەردەوامدایە، تەنانەت تا دوارۆژی نمایش گۆڕانکاری لە جووڵە و ئاڕاستەی ئەکتەر و پڕکردنەوەی پانتایی و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی ستراکتورە هونەرییەکەدا دەکاتەوە. (بنەما سەرەکییەکە، ئەوە دەخوازێت، کە هەموو شتێک تا ساتی کۆتایی لە ڕەوشێکی ئامادەکردندایە، کەواتە دەتوانیت ئەوە بخەیتە هزری خۆتەوە، کە هیچ بڕیارێک کۆتایی نییە و بەردەوام بیت لەسەر تاقیکردنەوە بەردەوامەکانت).

**بروک** لەم کتێبەیدا، بەردەوام ئاماژە بە دووپاتکردنەوەی چەمکی (**پانتایی بۆش**) دەکاتەوە، چونکە دیکۆر و قەرەباڵغکردنی

سەر شانۆ هزری بینەر ئامادە دەکات. **پانتایی بۆش** هیچ چیرۆکێک ناگێڕێتەوە، دوای ئەوە ئەندێشەی بینەران و هەموو پرۆسە هزرییەکەی بە شێوەیەکی سەربەست دەمێنێتەوە و هیچ شتێک ڕێگریی لێ ناکات. (نائامادەیی دیکۆر داواکارییەکی یەکەم و سەرەکییە بۆ ئەوەی ئەندێشە بەکاری خۆی هەڵبستێت).

**بروک** زۆر جار لەم کتێبەیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەر باسکردنی بەکارهێنانی فەرشێک وەک پانتایی یان سەکۆی ئەو شانۆیەی کاریان لەسەر کردووە، بۆ نموونە لە حەفتاکاندا یەکێک لەو کەرەسە زۆر گرنگانە لە گەشتەکانیاندا بۆ **ئەفەریقا** و وڵاتانی تری دونیا لەگەڵ خۆیان بردوویانە، فەرشێک بووە. باشترین ڕێگەیش بۆ کارکردن لەسەر **شەکسپیر** و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شانە گرنگەکانی دەق و تەکنیکی نواندن و شێوازی بەرجەستەکردن، لە دیدی **بروک**ەوە سەرلەنوێ ڕۆنان و دروستکردنەوەی **شانۆی ئێلیزابێسی** نییە، بەڵکو زۆر بە ساکاری مەشقی ڕاگوزاری بووە لەسەر فەرشێک. (دەکرێت دەست بکەین بە دیمەنێک لە کاتێکدا بە پێوە وەستاوین، بە دانیشنەوە کۆتایی پێ بهێنین، کە جارێکی تر بە پێوە دەوەستین، خۆمان لە وڵاتێکی تر یان کاتێکی تردا دەبینینەوە، بەبێ ئەوەی ڕیتمی چیرۆکەکە بزر بکەین/.../) **شەکسپیر** شانۆی بۆ شوێن و کاتێکی دیاریکراو نەنووسیوە. لەبری هەموو ئەو شتانە، کە لای **بروک**، بۆ نموونە یەکەی کات و شوێن ئەو ڕۆڵەی نامێنێ، فۆکوس دەخرێتە سەر پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان؛ کاریگەرییەکانی مرۆڤێک بەسەر مرۆڤێکی ترەوە... هتد.

**بروک** لە ئەزموونی چەندان ساڵەی خۆیەوە باسی مانا و چەمکەکانی کولتوور دەکات، کولتووریش بۆ ئەو، لە ڕووی بەها کولتوورییەکەیەوە، مانای وەستان و چەقبەستن دەگەیەنێت، واتە فۆرمێکی وەستاو، کە هیچ گۆڕانکارییەک لە خۆیدا هەڵناگرێت.

ئەوەی لەنێو چەمکەکانی کولتووریيشدا بەرهەم دەهێنرێنەوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان شتێکی مردوون، بەڵام هەمیشەیش لە هەندێک کولتووردا، بەتایبەتی لەو فۆرمە کۆنانەی کولتووردا، چەند بنەمایەکی ناتەبای وایان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، کە لە دونیای ئەمڕۆیشدا ڕەنگ دەدەنەوە. هەموو شێواز و فۆرمێک شایەنی مردنە (هیچ شێوازێک نییە -لە خۆمانەوە بیگرە- کە ملکەچی یاسا بنەڕەتییەکەی گەردوون نەبێت: یاسای نەمان. هەموو دینەکان، هەموو ڕامان و بیرکردنەوەکان، هەموو کولتوورەکان، هەموو حیکمەتێک، هەموویان ملکەچی یاسای لەدایکبوون و مردنن) لەدایکبوون خوڵقاندنی شێوازێکە، جا مەبەستمان لەو لەدایکبوونە بوونەوەرێکی مرۆڤئاسا یان ڕستەیەک، وشە، جووڵانەوەیەک بێت.

لە سەرەتای هەموو کارێکی شانۆیدا هیچ فۆرمێکمان نییە، ئەوەی هەیە و لە بەردەستدایە بریتییە لە کۆمەڵێک ڕستە و وشە لەسەر کاغەز، کە پێکەوە بیرۆکەیەک پێک دەهێنن. هەموو کارەکەیش دروستکردنی فۆرمە، گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی فۆرمێکی گونجاودا. **بروک** دەڵێت، کە ئەو فۆرمە گونجاوەمان بۆ ئۆپێرای (**کارمن**) دۆزییەوە، بە تەواوی فۆرمێکی نوێ بوو، تا چەندان ساڵ بەرگەی گرت و ئەو دیدەی پێکا، کە بەدوایدا دەگەڕاین. فۆرمی (نمایش)یش، شێوازە دەرەکییەکانی لە هەموو ئەو توخمانەوە وەردەگرێت، کە لەدایکبوونیدا ڕۆڵیان هەبووە. **بروک** بە پێداگرییەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە هەمان نمایش، لە چەند وڵاتێکی تر پێشکەش کران، سەرلەنوێ فۆرمی خۆی لەم شوێن و وڵاتە جیاوازانەیشدا دەدۆزییەوە، چونکە شوێن و ژینگە و ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزری و ڕۆشنبیریی ئەو شوێنانە، کاریگەریی هەبووە بەسەر نمایشەکەوە و پردێکی تر و

جیاواز لە نێوان بابەتی نمایش و بینەرە جیاوازەکانیدا دروست دەکات.

هیچ شتێک لە ژیاندا بەبێ فۆرم نییە، ئێمە ناچارین بەدوای ئەو فۆرمەدا بگەڕێن، هەروەها هۆشیاریش بین بەوەی، کە لەوانەیە ئەو فۆرمە بەربەستێک بێت بەرامبەر بە ژیان، کە فۆرمی نییە، هیچ کەسێکیش ناتوانێت لەم گرفتە ڕزگاری بێت، شەڕەکەیش هەتاهەتاییە: فۆرم پێویستە، بەڵام هەموو شتێکیش نییە.

**بروک** لەم کتێبەیدا، زۆر جار دەگەڕێتەوە سەر ئەو چەمکانەی لە کتێبی (**پانتایی بۆش**)دا باسی کردوون، هەر لە سەرەتاوە ئاماژە بۆ پانتاییە بۆشەکان دەکات، بۆ نموونەیش ئاوڕێکی تر لە (**شانۆی پیرۆز**) دەداتەوە. **شانۆی پیرۆز**یش ئەو شانۆیەیە، کە دونیا نادیارەکان دەکات بە شتێکی بینراو و دیار، ئەو شتە نادیار و نەبینراوەی بروک باسی دەکات، شانۆ سایکۆلۆژییە فرۆیدییەکە نییە، کە بنەمای هەموو شانۆی **ئەورووپی**ی لەسەر ڕۆنراوە، بەڵکو شانۆی پیرۆز مانای شتێکی تر دەگەیەنێت، کە لەژێر ناوچەیەکی تر و بنەما نەبینراوەکاندا هەیە. ئەم دونیا نادیارە وزەیەکی ئێجگار بەهێز لەخۆ دەگرێت، ئەو شتەیشی لەم دونیا نادیارەمانەوە نزیک دەکاتەوە، هۆشیاریمانە بە ئێستا، ئەگەر ئەو ساتەی ئێستا بە شێوازێکی تایبەت و بە هێزێکی گەورەوە دەربکەوێت، لەوانەیە ئەو پریشکە بەهێزە وزەبەخشەی ژیان لەنێو دەنگێکی ڕاست و ئاماژەیەکی بەجێ و تێڕوانینێکی گشتگر و ئاڵوگۆڕێکی ڕاستەقینەوە، دەربکەوێت. نادیارەکە لەنێو هەزارەها فۆرم و شێوازی چاوەڕواننەکراودا، بەبێ مۆڵەت دەردەکەوێت، داواکارییە پیرۆزەکەیش دەبێتە گەشتی گەڕان. پیرۆزی لەم دیدەوە مانای گۆڕانکاری دەگەیەنێت، شانۆیش، کە لەسەر بنەماکانی پەیوەندیی مرۆڤ بە مرۆڤەوە دروست بووە و لە داهێنان و بەرهەمی مرۆڤە، مرۆڤیش پیرۆز نییە، ژیانی مرۆڤایەتی

شتێکی دیار و بینراوە، کە دەکرێت نادیارەکە لەنێو ئەو دیارەدا دونیایەکی تر بۆ پەیوەندییەکانی مرۆڤایەتی بدۆزێتەوە. ئەکتەری ڕاستەقینەیش هەست بە نادیار و نەبینراوەکان دەکات و لە جووڵە و ئاماژە و هەست و جەستەیدا دەیاندۆزێتەوە و لە دیدی ڕیژی و ڕۆحیی نمایشەکەدا، دەیانکات بە شتێکی بینراو و دیار و هەست پێ کراو؛ لەم ڕەوشەدا، سەربەستیی ڕاستەقینە لای ئەکتەر، لەو ساتەدایە، کە لە دەرەوە شتێک دێت و لە ناوەوەیش شتێکی تر، بە هەردووکیان یەکەیەکی گشتگری تەواو پێک دەهێنن. هەموو شێوازێک دروستکراوە، هەموو شێوازێکیش دەکرێت ناڕەسەن و بێمانا بێت، کاری ئەکتەریش ئەوەیە ئەو شێوازە بکات بە شتێکی (ئاسایی)، بەڵام ئاسایی لە بەرجەستەکردن و لە دۆزینەوەی نادیارەکاندا چی دەگەیەنێت؟ ئاسایی، کە دەکرێت بە (سروشتی)یش ئاماژەی بۆ بکەین، مانای ساتی ڕوودانی شتێک دەگەیەنێت؛ هیچ شیکارییەکیش بۆ ئەم مەسەلانە لەئارادا نییە، هیچ کۆمێنتێک، تەنها شتێک دەکرێت بگوترێت، کە ئاماژەیەکە بۆ ڕاستگۆیی. شانۆیش لەم دەروازەیەوە یان چەمکی شانۆ بە شێوەیەکی گشتی هەمیشە گەڕانە بەدوای ماناکاندا، هاوکات ئەو مانایانەیش دەبێت لە لای کەسانی تر (بینەران) مانایەکی هەبێت.

(**هیچ نهێنییەک لەئارادا نییە**) دوا بەشی کتێبەکەیە، کە بە ڕای من گرنگترین بەشەکانی ئەم کتێبەیە و **بروک** بە وردی و چڕی، لە یەکەم هەنگاوەکانی هەڵبژاردنی دەقەوە تا دەگاتە دوا ڕۆژی نمایش، باسی یەکێک لە پرۆژەکانی خۆی (**گەرداوەکە**)ی **شەکسپیر** دەکات: گەڕان بەدوای دەقێکی گونجاو، دۆزینەوەی ئەکتەری شیاو بۆ ڕۆڵەکان، پرۆڤە، خوێندنەوە شیکارییەکەی بۆ دەق، دۆزینەوەی فۆرم، چارەسەری کێشەکان، دیدی ڕیژی، چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ سینۆگرافیا و ڕۆژانی نمایش. **بروک** جگە لە ئەکتەر و بەشدارەکانی تری پرۆژەکانی، ڕێگە بە هیچ کەسێک

نادات ئامادەی پرۆڤەکانی بێت، ئەمەیش وەکو نهێنییەکی کارەکەی سەیری دەکات، لەبەر ئەوە لەم بەشەدا، لە ڕووی پرۆسە پراکتیکییەکەوە، بە وردی باسی چۆنیەتیی کارەکەی دەکات و پەردە لەسەر نهێنییەکان هەڵدەماڵێت.

**بروک** بڕوای تەواوی بە پرۆسەیەکی پڕ لە گۆڕانکاریی هەمیشەیی هەیە، ئەوەی ئەمڕۆ کاریان لەسەر کردووە، لەوانەیە سبەی بە ئاڕاستەیەکی تردا بڕوات و لە فۆرمێکی تردا بەرجەستە ببێت. پرۆسەی گۆڕانکارییش پرۆسەیەکی گەشە و کرانەوەیە (ئەمەیش کلیلەکەیە، نهێنییەکەیە، وەک دەیبینن: **هیچ نهێنییەک لە ئارادا نییە**).

**سەرچاوە:**

بیتر بروک، الباب المفتوح، ترجمه و تقدیم فاروق عبد القادر، ٢٠١١.

ئەم کتێبە لەگەڵ دوو کتێبی تری پیتەر بروک، المساحه الفارغه-النقطه المتحوله-الباب المفتوح- بە ناوی (نحو مسرح ضروری)، کە هەرسێکیان لە وەرگێڕانی فاروق عبدالقادر، بڵاو کراونەتەوە.

## ئەکتەری نەبینراو

ئەکتەری بە نەژاد **ژاپۆنی** (**یۆشی ئۆدیا**) پەنجا ساڵ زیاترە دەستی کردووە بە کاری پیشەیی خۆی، سەرەتا وەک منداڵیک و دواتریش لە شانۆی کلاسیکی (**نوو**) و (**کابووکی**)دا، وەکو ئەکتەر کاری کردووە. بەرلەوەی وڵاتیش بەجێ بهێڵێت، لەگەڵ نووسەر و شانۆنامەنووسی گەورەی **ژاپۆنی** (**یوکیۆ میشیما**) ١٩٢٥-١٩٧٠ چەند پرۆژەیەکی ئەزموونگەری لەسەر شانۆکانی **تۆکیۆ** پێشکەش دەکات. هەرچەندە ئەم هونەرمەندە هیچ زمانێکی **ئەورووپی** نازانێت و زیاتریش لەگەڵ دابونەریتە کلاسیکییەکانی شانۆی (**نوو**)ی **ژاپۆنی** گەورە دەبێت، بەڵام بڕیار دەدات بەرەو **پاریس** بکەوێتە ڕێ. **ئۆدیا** لە **پاریس** و لە ڕێگەی هونەرمەند (**ژان لویس بارۆ**)وە **پیتەر بروک** دەناسێت، هەر زوویش دەبێتە یەکێک لە ئەندامە کاراکانی مەڵبەندی نێونەتەوەیی شانۆ و بەشداری لە گرنگترین پرۆژەکانی ئەو دەمەی **بروک**، هەر بۆ نموونە: **گەرداوەکە**، **کۆنفرانسی باڵندەکان** و **مەهابەهاراتا**... هتد دەکات. ئەم ئەکتەر و شانۆکارە تا ئێستایش لەگەڵ **بروک** کار دەکات و

یەکێکە لە نزیکترین هاوکارەکانی و لە هەموو پڕۆژەکانیدا ڕۆڵی سەرەکی و بەرچاوی هەبووە. **ئۆدیا** جگە لە کاری شانۆ، چەند کتێبێکی گرنگی سەبارەت بە هونەری شانۆ و نواندن نووسیوە، (**ئەکتەری نەبینراو**)یش یەکێکە لەو کتێبە دانسقانە. ڕەخنەگر و ڕێژیسۆر و ئەکتەری **فەرەنسی (لۆرنا مارشەڵ)** وەک نووسەرێکی هاوبەش، چەندین تێکستی گرنگی لەنێو بەشەکانی ئەم کتێبەدا نووسیوە و هەندێک لە بەشەکانی بە ڕوونکردنەوە و کۆمەنتارەکانی دەوڵەمەند کردووە. هەروەها هەڵوێستە لەسەر مەشقەکانی **ئۆدیا** دەکات و باری سەرنجیان لەسەر دەردەبڕێت، هەندێک لە بنەماکانی **شانۆی کلاسیکی ژاپۆنی** شی دەکاتەوە و لەسەر ئاستێکی بەرز لەگەڵ **ئۆدیا** دەدوێت. ئەمەیش هێندەی تر ئەم کتێبە ناوازەیەی دەوڵەمەند کردووە. **مارشەڵ** لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا دەڵێت: "ئەو وام لێ دەکات هەڵوێستەیەک بکەم و جارێکی دی بە خۆمدا بچمەوە و وەڵامەکان شەنوکەو و چەندوچوون پێ بکەم تا لە دواجاردا وەڵامێکی شیاو بۆ ئەو بابەتانە بدۆزمەوە، کە ئەو وروژاندوونی."

**ئۆدیا** وەک نووسەرێکی بەسەلیقە لە بوارێکی گەلێک دژوار و سەخت، کە هونەری نواندنە، بە زمانێکی ساکار و بە تێگەیشتنێکی مامۆستایانەوە، باسی ئەزموونی خۆی و ڕاهێنانی ئەکتەر و مەشقە جۆراوجۆرەکان و ئەکتەرە گەورەکان دەکات. بەم شێوەیەیش کتێبەکە لە ئەزموونی دەوڵەمەندی پراکتیک و کردەیی خۆیەوە سەرچاوە وەردەگرێت، نموونە لە کار و پرۆژەکانی، بەتایبەتی لەگەڵ **بروک** (**مەهاباهاراتا**) و (**ئەو پیاوەی ژنەکەی خۆی لێ دەبێتە شەپقەیەک**) دەهێنێتەوە و لەو ڕێگەیەوە مێتودەکانی خۆیمان سەبارەت بە هونەری نواندن بۆ شی دەکاتەوە. ئەم نووسەرە لە پێشەکیی کتێبەکەیدا دەڵێت: "کاری تۆ وەک ئەکتەر خستنەڕووی ئەوە نییە، کە تۆ چەندە باش نمایش

دەکەی، بەڵکو لە ڕێی نمایشی خۆتەوە کارێکی وا ئەنجام بدەی، کە گیان بە تەختەی شانۆ ببەخشێت. هەر کاتێکیش ئەوە ڕووی دا، ئیدی بینەران لەگەڵ خۆت هەڵدەگریت و تێکەڵ بەو جیهانەی دەکەیت، کە تەختەی شانۆ خوڵقاندوویێتی/.../"

**پیتەر بروک** لە پێشەکییەکی کورتدا سەبارەت بەم کتێبە دەڵێت (**یۆشی ئۆدیا** ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو، کە چۆن نهێنی و تەلیسمەکانی نواندن، هێزێکی جیانەکراوەن لەو زانستە کۆنکرێتی و پڕ کارامەیی و هەمەلایەنەی لەڕێی ئەزموونەوە فێری دەبین). قسەکەی **بروک** ئاماژەیەکە بۆ پرۆسە چڕ و گرانەکانی هونەری نواندن و **ئۆدیایش** لە ئەزموونی هەڵکشاوی خۆیەوە ڕووبەڕووی ئەم هونەرەمان دەکاتەوە و ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە چەندە گرنگە ئەکتەر خۆی پێشان نەدات، بەڵکو نواندنەکەی پێشان بدات. "نواندن بەلای منەوە خستنەڕووی حزووری خۆم نییە، یان نیشاندانی کارامەیی و تەکنیکی خۆم، بەڵکو لەڕێی نواندنەوە شتێکی دی دەخەیتە ڕوو، شتێک بینەر لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا بەریناکەوێت، یان ڕێکەوتی ناکات".

**ئۆدیا** لە دەروازە بەرینەکانی ئەزموونی خۆیەوە، هەر لە **ژاپۆن**ەوە، لەوانەکانی **شانۆی کابوکی** و **نووی ژاپۆنی** و ڕەهەند و مەشقە گرانەکانی شانۆی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتەوە، هەتا دەگاتە بنەماکانی هونەری نواندن لە ڕۆژئاوا و هاوکارییەکانی لەگەڵ **بروک**، دەخاتە ڕوو. مەشقە شانۆییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، دیدە جیاوازەکان و بنەما فەلسەفییەکانیان پێکەوە دەبەستێتەوە و ئاوێتەی یەکتریان دەکات و وانەیەکی تایبەتمەند، قووڵ و لە هەمان کاتدا ساکارمان سەبارەت بە هونەری نواندن بۆ دەخاتە ڕوو. کتێبەکەیشی دابەشی پێنج بەش کردووە: یەکەم، تێهەڵچوون/خاوێنکردنەوە. ئەم بەشەیش تایبەتە بە چاڵەکانی سەر جەستە، چاو، لووت، گوێ، دەم، کۆم. لەم ڕووەوە دەڵێت (هەر

کاتێک بۆمان ڕەخسا ئاگامان لەو نۆ چاڵە بێ، کە دەکەونە سەر جەستەمان، ئیدی بۆمان دەلوێ بەرەو ئەو ئەندامە گرنگانەی تری جەستەمان پەل بهاوین). لە بەشی دووەمدا جووڵە، ڕاوەستان، پراکتیک و ئاڕاستەکانی جووڵە، دەبنە جێگەی سەرنج و گفتوگۆ. نواندن، کات، بۆشایی، ناوەکی و دەرەکی، جەستە و هەستوسۆز و وردەکاری، باسەکانی بەشی سێیەم پێک دەهێنن. بەڵام لە بەشی چوارەمدا، ئاخاوتن، هەناسەدان، دەنگ، دەق، ڕەنگدانەوەی هەقیقەت، بە شێوەیەکی پراکتیکی و پێداگۆگی شی دەکاتەوە. لە بەشی پێنجەمیشدا، ئەم بەشانە دەبەستێتەوە بە چەمکی فێربوونەوە.

**ئۆدیا** لە خاوێنکردنەوەوە (خاوێنکردنەوەی شوێن، جەستە و ناوەوەمان) دەست پێ دەکات و بە چاڵەکانی جەستەدا گوزەر دەکات، بە ئەندامەکانی جەستەماندا هەڵدەکشێت و هەڵوەستە لەسەر جۆرەکانی جووڵە و هەڵسوکەوتەکانماندا دەکات و لەنێوان دید و پراکتیکدا هەڵیان دەسەنگێنێت. باسی چێژمان بۆ دەکات؛ چۆن چێژ لە مەشقەکانمان وەربگرین تا ببینە ئەکتەرێکی نەبینراو، لەوێشەوە بەنێو بنەما و وانەکانی نواندندا، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، ڕۆدەچێتە خوارەوە. لە پرۆسەی دووپاتکردنەوەدا بۆشایی شانۆ و مامەڵەکردن لەگەڵ کات و شوێن و بنەما ناوەکی و دەرەکییەکان فراوان و قووڵ دەکاتەوە و هەموو بەشەکانیش لە پرۆسەیەکی دینامیکیدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

ئەم شانۆکارە، بۆ هەموو ئەم شتانەی باسیان دەکات، مەشقەکانی وزەی مرۆیی، ڕۆچوونە خوارەوە و تێبینیکردنی خود، ڕاهێنانی جەستە و هەست و سۆز و وردەکارییەکانی تری لە یاد نەکردووە و بە وردی باری سەرنجیان دەخاتە سەر و دەیانبەستێتەوە بە لایەنە پراکتیکییەکەوە.

نووسەر لەم کتێبە ناوازەیەیدا، ئاوڕێکی جیدی لە پەیوەندییەکانی ئەکتەر بە ئەکتەرەکانی ترەوە دەداتەوە و ئەم مەسەلەیە بە هەند وەردەگرێت و دەیبەستێتەوە بە مەسەلەکانی ترەوە، بەتایبەتی چێژوەرگرتن "ئەکتەر خۆیشی لەو پەیوەندییە چێژ وەردەگرێت، کە بە ئەکتەرەکانی دییەوەی وابەستە دەکاتەوە" لەم پرۆسەیەدا پەیوەندییەکانی ئەکتەر بە بینەرانەوە دەگاتە ئاستی ترۆپک و دەبێت "بینەر سەرشار بێت لە ژیان و زیندەگی" جەستەیش تاکە ئامراز و ڕێگەی دوور و درێژی ئەکتەرە.

**ئۆدیا** بۆ ئەوەی ئەمانە هەمووی بگەیەنێتە ئاستی پراکتیکی و سوودبەخشین و ئەکتەر بتوانێت لەسەر شانۆ قسە بکات، هەناسەدان و دەنگ بە وردی شی دەکاتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ لای مامۆستاکانی و نموونە لە ئامۆژگارییەکانیان دەهێنێتەوە "خەڵکانی ئاسایی لەڕێی سنگیانەوە، خەڵکانی هۆشمەند لەڕێی هاوارەوە، خەڵکانی کارامەیش لەڕێی قاچیانەوە هەناسە دەدەن" بۆ ئەوەی ئەمانە هەمووی بچنە قۆناغی کردەییەوە، **ئۆدیا** لە دوا بەشەکانی کتێبەکەیدا باسی (دەق)مان بۆ دەکات و بنەما و ڕایەڵە گرنگەکانی شانۆنامەکان، بە هونەری نواندن و مەشقەکانیانەوە دەبەستێتەوە و هەر لەو ڕێگەیەیشەوە ڕوونیان دەکاتەوە "تۆ دەبێت شوێن مەبەستی نووسەرەکە بکەویت، هەروەها ڕێز لە دەنگی ئەو وشانە بگریت، کە ئەو هەڵیبژاردوون، ئەوجا دەتوانی لەودیو سەمتی چیرۆکەکەوە شتێکی دی بدۆزیتەوە" پاشان ئەوەیشی لە بیر ناچێت، کە هونەری نواندن ڕەنگدانەوەیەکی هەقیقەت و ڕاستییەکانە، بۆ ئەوەی لەم بەهایەیش بگەیت، دەبێت خوێندنەوە و دیدی تازەگەریانە و قووڵبوونەوەت هەبێت. تۆ وەکو ئەکتەر، تەنها لە هەقیقەتەوە "لە بایەخی ڕیتم و خێرایی" تێدەگەیت.

**ئۆدیا** دوا بەشی کتێبەکەی بە وانەیەکی گرنگ بەناوی (**فێربوون**)ەوە کۆتایی پێ دەهێنێت: لە مەشقەکانەوە، لە هونەری

نواندن و له مامۆستاکانمانەوە چی فێر دەبین؟ چۆن دەبێت ڕێچکەی خۆمان، وەکو ئەکتەر بدۆزینەوە. هەر بۆ ئەم مەبەستەیش بە گوتەی ئەکتەرێکی دێرینی **کابووکی**، کە دەڵێت: "من دەتوانم ئەو تەرزی ئاماژەیەت فێر بکەم، کە نیشانەیەکە بۆ تەماشاکردنی مانگ. دەتوانم ئەو جووڵەیەیشت فێر بکەم کە چۆن دەکەویتە سەر نووکی پێت، بۆ ئەوەی تەواویێک ئاماژەکردن بۆ ئاسمان نیشان بدەیت. بەڵام لە سەری نووکی پێتەوە بۆ مانگ ئەوە بەرپرسیاریێتیی خۆتە" دەگاتە دوا ئەنجامەکانی کتێبەکەی. **ئۆدیا** خۆیشی ئەو ڕێگەیەی هەڵبژاردووە و بە قووڵی لەم گوتەیە گەیشتووە. **مارشەڵ** دەڵێت (**یۆشی** بەو جۆرە کار دەکات، ئەو هەرگیز ناڵێت "ئەگەر تۆ جووڵەی (ب) بکەیت، ئەوا ئەنجامەکەی دەگاتە جووڵەی (ج). ئەو زۆر بە سادەیی پرسیار دەکات، یان مەشقێک دەورووژێنێ و ئەنجامەکەی بۆ خۆت بەجێ دەهێڵێت، کە بیدۆزیتەوە)

ئەم نووسەرە زۆر بە بەهاوە لە مەشق و هونەری نواندن دەدوێت، مەشقەکانی هونەری نواندن بە مەشق و شارەزابوونی هونەرە جەنگییەکان بەراورد دەکات و چەندین ڕایەڵەی لێکچوون و شانەی هاوبەش لە نێوانیاندا، جەنگاوەر/ئەکتەر، دەبینێت. هەروەها نووسەر چەندە بنەما تەکنیکی و کردەییەکانی هونەری نواندن و ڕاهێنانی ئەکتەر دەخاتە ڕوو، هێندەیش هونەری نواندن دەبەستێتەوە بە مەسەلە ڕۆحییەکانەوە و مەودایەکی فراوان و هەمەچەشنەیان پێ دەبەخشێت.

**سەرچاوە:**

یۆشی ئۆدیا، ئەکتەری نەبینراو، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە فاروق هۆمەر، دەزگای ئاراس، ٢٠١٣

## یاداشتگەلێکی پڕ لە نهێنی

### خوێندنەوەیەک بۆ بیرەوەرییەکانی ستریندبێرگ

نووسەری **سوێدی، ئاوگوست ستریندبێرگ** ١٨٤٩-١٩١٢ هەموو فۆرم و شێوازەکانی نووسین: ڕۆمان، پرۆسە، شیعر، کورتەچیرۆک، شانۆنامە، ڕێپۆرتاژ، سەفەرنامە، وتار، ڕەخنەی هونەری و ئەدەبی تاقی کردووەتەوە، ئێجگار فرەبەرهەم بووە و بە داهێنانەکانی توانیویەتی زمانی **سوێدی** و دراما و شانۆی جیهانی دەوڵەمەند و نوێ بکاتەوە. تا ئێستا کۆی بەرهەمەکانی لە ٧٢ بەرگدا و نامەکانیشی لە ٢٢ بەرگدا چاپکراون. بەڵام یەکێک لە بەرهەمەکانی، کە دوای سەد ساڵ بەسەر مردنی خۆیدا بڵاو دەکرێتەوە و دەبێتە جێگەی سەرنج و گفتوگۆی ناوەندە کولتوورییەکەی **سوێد**، یاداشتەکانیەتی، کە گرنگترین و شاراوەترین نهێنییە تایبەتمەندەکانی خۆی تیا تۆمارکردووە.

ساڵی ٢٠١١ ئەم بەرهەمە بە بۆنەی تێپەربوونی سەد ساڵ بەسەر کۆچی دوایی **ستریندبێرگ**دا، بۆ یەکەمجار لە سێ بەرگدا چاپ و بڵاو دەکرێتەوە: بەرگی یەکەمیان خودی دەستنووسەکەیە، بەو شێوەیەی، کە نووسیوویەتی؛ بە هەمان قەبارە، بە هەمان جۆری کاغەز و بە شێوەیەکی ڕەنگاوڕەنگ و بە دەستوخەتی

**ستریندبێرگ** خۆی سکانەر کراوە.  بەرگی دووەمیان هەمان دەستنووسە، بەڵام بە چاپکراوی و بەرگی سێیەمیش تایبەتە بە لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەیەکی ورد و هەمەلایەنی یاداشتەکان.

**ستریندبێرگ** پێی وا بووە، کە ئەم یاداشتگەلە گەورەیە، لە هەمان کاتدا خودگەرا و تایبەتمەندە، لەوانەیە کاردانەوەیەکی خراپی بەسەر باری دەروونی خەڵکی و ئەو کەسانەی دەیخوێننەوە، هەبێت، لەبەر ئەوە دەبێت بسووتێنرێت و لەناوببرێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، **ستریندبێرگ** بە قەڵەمێکی ڕەش و بە خەتێکی گەورە لەسەر بەرگی دەرەوەی یاداشتەکانی نووسیویەتی (ڕۆژژمێرێکی نهێنیئامێز١٨٩٦–١٩٠٨، نابێت کەس بیبینێت؛ نابێت چاپ بکرێت، نابێت بدرێتە کتێبخانە فەرمییەکان، کە دەست خەڵک بکەوێت). بێگومان **ستریندبێرگ** لەوەیش دڵنیا بووە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم یاداشتگەلەی هەر چاپ دەکرێت، ئەو هەرگیز حەزی بە دونیای نهێنیئامێز و شاردنەوەی شتگەل نەکردووە و وەک نووسەریش هەمیشە کاری ئەوە بووە پەردە لەسەر نهێنییەکانی خۆی و کەسانی تر هەڵبماڵێت. ئەمڕۆ دوای سەد ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئەم نووسەرەدا، یاداشتەکانی بۆ یەکەم جار وەکو خۆی بڵاو دەکرێنەوە.

**ستریندبێرگ** لە مانگی دووی ساڵی ١٨٩٦دا، کە لە هۆتێلی **ئۆرفیلە** Orfila لە **پاریس** ژیاوە، باری دەروونیی باش نەبووە و بە قەیرانێکی دژواردا تێپەڕیوە، خەریکی دروستکردنی ئاڵتوون بووە. خۆڵ، گۆگرد، ئاسن و زیو و ئامێرەکانی بەکارهێنانی توخمە کیمیاوییەکانی بە چەشنێک لە ژوورەکەیدا کەڵەکە کردووە، کە جێگەی خۆی نەبووەتەوە و بیری کردووەتەوە ژوورێکی تر بۆ شتەکانی بەکرێ بگرێت. هەر لەم کاتەدا بە شێوازی ڕۆژژمێر دەستی کردووە بە نووسینی ئەو ڕووداوانەی، کە لە دەوروبەریەوە ڕوویان داوە، هاوکات لەگەڵ هەست و سۆزی

خۆی، شتە سەیروسەمەرەکان، هەروەها نامۆبوونی خودی خۆی تۆمار کردووە. دواتر لە مانگی پێنج و شەشەوە ڕۆژژمێرەکەی، کارەکتەر و فۆرمی یاداشتنامە لەخۆ دەگرێت و نووسینەوەی شتەکان چڕتر و فراوانتر دەبن. لە مانگی شەشی ساڵی ١٩٠٨یشدا، کە سەرلەنوێ بە قەیران و تەنگژەیەکی تری دەروونیدا دەڕوات، وازی لە نووسینی یاداشتەکانیشی هێناوە.

ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە، ئەوەیە، کە ئەم یاداشتگەلە هەر لە سەرەتاوە فۆرمێکی میتافیزیکی و فرەمانای لەخۆ گرتووە، هەروەها لەبری زمانی **سوێدی**، بە زمانی **فەڕەنسی** نووسیویەتی. بۆ ئەم مەبەستە، لەژێر هەژموون و کاریگەریێتی و بیروبۆچوونەکانی نووسەری گەورەی **سوێدی** "**ئیمانۆئیل سوێدنبۆرگ**" کە لە ساڵەکانی ١٧٠٠ەکاندا ژیاوە، دەست پێ دەکات. بەڵام لە ساڵی ١٩٠٨دا بە چەند وشە و ڕستەیەکی ڕۆژانەی وەک (گوێزامەوە بۆ شەقامی **درۆتنینگ گاتان**، ژمارە ٨٥) کۆتایی بە نووسینی ئەم یاداشتگەلە دێنێت.

ئەوەی ئاشکرایە **ستریندبێرگ** بیرۆکەی ئەم یاداشتگەلەی لە ئەنجامی تەنگەژەیەکی ئێکسنتیالیزمی و دینی، لە ناوەڕاستی ١٨٩٠ەکانەوە لای سەری هەڵداوە، خودی تەنگەژەکەیش لە ساڵی ١٨٩٢ەوە، دوای جیابوونەوەی لە ژنی یەکەمی "**سیری فۆن ئێسن**" بە تەواوی دەرکەوتووە. دواتر "**ستریندبێرگ**" **سوێد** بەجێ دەهێڵێت و لە **بەرلین** نیشتەجێ دەبێت. یەکێک لە نیشانەکانی ئەم ڕەوشە نالەبارەیش ئەوە بووە، کە **ستریندبێرگ** نووسەرێکی فرەبەرهەم بووە، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم بارودۆخەدا چیتر نەیتوانیوە بنووسێت. هۆکارەکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ئەم نووسەرە هەستی بە گوناه و ئازار کردووە، ئەم هەستەیش هەر لە منداڵییەوە لەگەڵیدا بووە، لە کاتی جیابوونەوەیشی لە "**سیری فۆن ئێسن**" زیاتر و چڕ و قووڵتر دەبێتەوە. **ستریندبێرگ**،

کە واز لە نووسینی یاداشتگەلەکەی دەهێنێت، بە تەواوی لە ژنی سێیەمیشی "**هارییەت بوسێ**" جیابووەتەوە و لە خانووبەرە دڵگیرەکەیشیان دەگوێزێتەوە بۆ تاوەرە شینەکەی لە شەقامی **درۆتنینگ گاتان**.

**ستریندبێرگ** بە درێژایی ئەو ساڵانەی کە ئەم یاداشتگەلەی تیا تۆمار کردووە، ژیانی بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیووە و کاریگەرییان بەسەر بەرهەمەکانیەوە هەبووە؛ بۆ نموونە هەر لەو ساڵانەدا، بەتایبەتی لە ساڵی ١٨٩٦دا، وەک لەمەوبەر ئاماژەم بۆ کردووە، بە تەنگەژەیەکی ڕۆحی و دەروونیی دژوار و بەهێزدا تێدەپەڕێت، ئەم تەنگەژەیەیش لە ژیانی **ستریندبێرگ**دا بە قۆناغی "**دۆزەخ**" ناوزەد دەکرێت.

**ستریندبێرگ** لە دەستپێکی نووسینی ئەم یاداشتگەلەدا دەڵێت: (ژیانم کەوتە بارودۆخێکی گرانی ئەوتۆ، کە خۆم بە دۆزەخ ئاماژەم بۆ کردووە. لە ساڵی ١٨٩٧یشدا، بۆ دووپاتکردنەوەیەکی ئەو دۆزەخەی ژیانم کتێبی (**دۆزەخ**)م نووسی، کە بووە خاڵێکی گرنگی وەرچەرخان و گۆڕانکاری لە ژیانمدا). ئەم قۆناغەی ژیانی **ستریندبێرگ**، کە بە تەنگەژەی دۆزەخ ئاماژەی بۆ دەکرێت، لە لایەن چەندین تۆیژەر و پسپۆڕی تایبەتمەندەوە کاری لەسەر کراوە.

**ستریندبێرگ** هەر لەم ساڵانەدا سەفەری زۆری بۆ دەرەوەی وڵات، بەتایبەتی بۆ **بەرلین** و پاریس کردووە، کە لە ژنی دووەمیشی "**فریدا ئول**" جیادەبێتەوە، لە **پاریس** نیشتەجێ دەبێت، کە دەیشگەڕێتەوە بۆ **سوێد**، لەبری **ستۆکهۆڵم**، لە شاری **لوند** جێگیر دەبێت. هەر لەو ساڵانەدا زەماوەند لەگەڵ ئەکتەری شانۆ "**هارییەت بوسێ**" دەکات، شانۆی ئینتیم دادەمەزرێنێت و بە شێک لە شاکارە گەورەکانی، بۆ نموونە **بەرەو دیمەشق**، **خەونەنمایش**،

**سەمای مەرگ، دۆزەخ، ئاڵا ڕەشەکان** و هەرسێ بەرگی کتێبی **شین**... هتد دەنووسێت.

ئەم نووسەرە بەردەوام لەگەڵ خۆی، دەوروبەرەکەی و کۆمەڵگەیشدا لە شەڕ و کێشە و دابڕاندا بووە؛ بە شێوازی تر بیری کردووەتەوە، نووسیویەتی و بە فۆرمی جۆراوجۆر بەرهەمی تری خوڵقاندووە. **ستریندبێرگ** کەسێکی هەمیشە گەڕۆک و نائارام بووە، لە هیچ شوێنێک هەستی بە ئاسوودەیی نەکردووە و بە بەردەوامی هەموو شتەکانی لەدوای خۆیەوە: ڕاستییەکان، بیروبۆچوونەکانی، هاوڕێکانی، ژنەکانی، منداڵەکانی، ناونیشانەکانی، شار و وڵاتەکانی، بەجێ هێشتووە. یاداشتەکانیشی، هەر وەک ڕۆمانەکانی، شانۆنامەکانی، نامە و یادەوەرییەکانی تری وێنەیەکی چڕ و وردی ژیانی خۆی بەرجەستە دەکەن، سەرگوزشتەی هونەرمەندێکی ڕەچەشکێنمان بۆ دەگێڕێتەوە و زیاتر لەم نووسەرەمان نزیک دەکاتەوە.

ئەم یاداشتگەلەی **ستریندبێرگ** لە هەموو ڕوویەکەوە بە دۆکیومێنتێکی بێڕتووش و بیۆگرافیایەکی چڕ و ڕاستەوخۆ و وردی ژیانی **ستریندبێرگ** دادەنرێت. هەر خۆیشی بە ماوەیەکی کورت، بەر لە مردنی باسی ئەوەی کردووە، کە ئەم یاداشتە پڕ لە ڕاز و نهێنییانە، دوا بەشەکانی ژیان و بیۆگرافیای ئەو پێک دەهێنێت. خوێنەر بە هۆی ئەم یاداشتگەلەوە زۆر لە ژیانی ڕۆژانە و بیرکردنەوەی نووسەرێکی گەورەوە نزیک دەبێتەوە، ئەمە جگە لەوەی دونیای هەست و سۆزی بە شێوەیەکی چڕ و ڕاستەقینە، بەبێ هیچ دەمامکێک، دەبینێت. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە دووپاتی بکەمەوە ئەوەیە، کە ئەم یاداشتگەلە بەرهەمێکی ئەدەبیی خاوەن ستایل و فۆرمی تایبەتمەندی خۆی نییە و **ستریندبێرگ**یش بەو مەبەستە نەینووسیوە، بەڵکو هەوڵێکی بێشومار و گەورەی ئەم نووسەرە خۆیەتی بۆ تێگەیشتن لە خودی خۆی و

دەوروبەرەکەی، ئەوەی لەو یاداشتگەلەدا تۆمارکراوە، تەنها بۆ خۆی نووسیوە و لە سەرەتایشەوە مەبەستی بڵاوکردنەوە نەبووە.

تاکو ساتی بڵاوکردنەوەیشی، تەنها بۆ پسپۆڕ و لێکۆڵەرەوانی ئەدەب و بیۆگرافیای **ستریندبێرگ**، ئەوەیش بە شێوەیەکی سنووردار هەبووە، کە ئەم یاداشتگەلە نهێنیئامێزە ببین، بیخوێننەوە و لە کارە شیکارییەکانیاندا سوودی لێ وەربگرن تا بۆ یەکەم جار و لە ساڵی ١٩٦٢دا، دوای پەنجا ساڵ بەسەر مردنی **ستریندبێرگ**دا، ئەم یاداشتانە دەخرێنە بەردەستی پسپۆڕ و لێکۆڵەرەوانی بواری ئەدەب و بەرهەمەکانی **ستریندبێرگ**ەوە.

هەڵبژاردەیەکی کورتی ئەم یاداشتگەلە، بەتایبەتی ئەو بەشەی کە باسی پێوەندییەکانی **ستریندبێرگ** و دوا ژنی "**هارییەت بوسێ**" دەکات، لەگەڵ بەشێک لە نامەکانیان ساڵی ١٩٦٢ بڵاو کراونەتەوە. دەستنووسەکانی ئەم یاداشتگەلە لە بەشی ئەرکیڤی تایبەتمەند بە **ستریندبێرگ** لە **کتێبخانەی پاشایەتی** لە **ستۆکهۆڵم** پارێزراون. هەموو ئەرکیڤی **ستریندبێرگ** دوای مردنی لە مۆزەخانەی باکوور هەڵدەگیرێت، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٢ەوە گوێزراوەتەوە بۆ بەشێکی تایبەتمەند لە **کتێبخانەی پادشایەتی** لە **ستۆکهۆڵم**.

## "هارییەت بوسێ"
## لە یاداشتەکانی ستریندبێرگدا

کە کیژە ئەکتەری قەشەنگ "**هارییەت بوسێ**" لە ساڵەکانی ١٩٠٠ەکاندا دێتە ژیانی ئەم نووسەرەوە، **ستریندبێرگ** سەرلەنوێ دەکەوێتە داوی عیشقێکی ئەبەدی و پڕ لە ژان و ئازارەوە، ئەم یاداشتگەلەیش کارەکتەرێکی تر لەخۆ دەگرێت و ئەو پێوەندییە بەشێکی گەورەی بیرەوەری و خودی ئەم یاداشتانە داگیر دەکات. بە وردی گیروگرفتەکانیان، شەڕەکانیان، نامەکانیان، ساتە خۆش و ناخۆشەکانیان و تەنانەت پێوەندییە سێکسییەکانیشیان تۆماردەکات. لەم قۆناغەی ژیانیدا زمانەکەی تۆنێکی تر لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ دەسەڵاتە نادیار و غەیبییەکاندا ئاشت دەبێتەوە، حەزێکی گەورە باوەش بۆ پاشەڕۆژێکی ڕووناکتر دەکاتەوە. "**هارییەت بوسێ**" وەڵامی ئەم عیشقە دەداتەوە، ئامێزی بۆ دەکاتەوە و لە ٦ی مانگی پێنجی هەمان ساڵدا زەماوەند دەکەن: **ستریندبێرگ** تەمەنی ٥١ ساڵ و **هارییەت بوسێ** ٢٢ ساڵ دەبێت. کە ئەو عیشقەیش تەواو دەبێت و "**هارییەت بوسێ**" واز لە **ستریندبێرگ** دەهێنێت و دوای کەسێکی تر، هاوتەمەنی خۆی

دەکەوێت، یاداشتەکانیش کۆتاییان دێت و **ستریندبێرگ** چیتر یەک وشەی تری تیا نانووسێت، بەم شێوەیەیش یاداشتەکان کۆتاییان پێ دێت. **ستریندبێرگ** لە ١١ی مانگی شەشی ساڵی ١٩٠٨دا دوا وشەکانی لەم یاداشتگەلەدا تۆمار کردووە، هەر لەم ڕۆژەیشدا ئەو خانووەیشی چۆڵ کردووە، کە لەگەڵ زەماوەندکردنی "**هارییەت بوسێ**" چووەنەتە ناویەوە. **ستریندبێرگ** بیستونۆ ساڵ لە "**هارییەت بوسێ**" گەورەتر بووە و ئەم جیاوازییەیش لە تەمەندا کاریگەریی بەسەر ژیانی هەردووکیان و سەرنەکەوتنی ژنومێردایەتییەکەیشیانەوە هەبووە. **ستریندبێرگ** دوای ژیانی چواردە ساڵ لە تاراوگە، دوو ژنی تر و خستنەوەی چەندین منداڵ، نەیدەتوانی "**هارییەت بوسێ**"یەکی گەنج و شۆخ ڕازی بکات و هەر زوو دەکەونە کێشەوە. دواتر "**هارییەت بوسێ**" لە ساڵی ١٩٣٢دا سەبارەت بەو سەردەمە و نامەکانی **ستریندبێرگ** گوتوویەتی (**ستریندبێرگ** بە تەمەن لە من زۆر گەورەتر بوو، ئەو ژیانی خۆی ژیابوو، لەگەڵ شتگەلەکانی ژیاندا تەواو بووبوو، بەڵام من هێشتا هەر دەستم پێ نەکردبوو).

## نووسەرێك لەناو خەون و  یاداشتگەلێكدا

**ستریندبێرگ** لە ماوەی ئەو یانزە ساڵەی، کە یاداشتەکانی تیا تۆمار کردووە، ئێجگار بەرهەمی زۆر بووە، چەندین شاکاری گەورەی نووسیوە، ئەو بەرهەمانەی لەو قۆناغەدا نووسیونی لە سی بەرگی کۆبەرهەمەکانیدا کۆکراونەتەوە و بڵاوکراونەتەوە، بۆ نموونە **ستریندبێرگ** لە مانگی دووی ساڵی ١٨٩٨دا بە چەند ڕۆژێکی چڕ و کارێکی بەردەوام بەشی یەکەمی شانۆنامەی (**بەرەو دیمەشق**)ی لە **پاریس** نووسیوە، لەم بارەیەوە لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی (ئەمڕۆ چەند جارێک دەستم کرد بە گریان، کۆتایی پەردەی سێیەمم نووسی). ئەو گریانەی **ستریندبێرگ** جۆرێک بووە لە گریانی خۆشی، دوای تەنگەژەیەکی ڕۆحی و دەروونیی قووڵ، دابڕان و نەخۆشی، توانیوویەتی سەرلەنوێ دەست بکاتەوە بە نووسین. دیمەن و دیالۆگەکان لە (**بەرەو دیمەشق**) بە شێوەیەکی ناتوری و ساکار پێکەوە و لەناو یەکتریدا گەشەیان کردووە. هەروەها **ستریندبێرگ** لە زۆر بەشی ئەم یاداشتگەلەیدا، بە وردی ئەو خەونانەی، کە بە شەو

بینیوویەتی، گێڕاوەتەوە و هەوڵی داوە لێکدانەوەیان بۆ بکات. هەموو ئاماژەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە **ستریندبێرگ** بەرهەمەکانی **فرۆید**، بەتایبەتی لێکۆڵینەوە دەروونییەکانی سەبارەت بە (خەون) و لێکدانەوەی (خەون)ی نەخوێندووەتەوە. بەڵام دونیای خەون جێگەی سەرنجی ئەو بووە، هەوڵی داوە ڕاڤەیان بکات و کۆدەکانیان شی بکاتەوە و بە ژیانی ڕۆژانەی خۆیەوە پەیوەستیان بکات. **ستریندبێرگ** لە ژیانی خۆیەوە، لە دەوروبەرەکەیەوە، لەو کەسانەوەی، کە پێوەندیی هەبووە پێیانەوە، خەونەکانی لێکداوەتەوە. **ستریندبێرگ** لە ١٩٠٨/٤/١٦ی یاداشتەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە لە خەونیدا لە هۆتێلێکی گەورەدا بەدوای ژوورەکەی خۆیدا گەڕاوە، چووەتە ئەسانسێرێکەوە و دەستبەجێ لە ژێریدا پچڕاوە و بە گرمەگرمێکی گەورەوە کەوتووەتە خوارەوە، بەڵام ئەو قوتار بووە و لەم ڕووداوە کارەساتئاسایەدا هیچی لێ نەهاتووە. **ستریندبێرگ** دەڵێت (خەبەرم بووەوە! بیرم کردەوە ڕەنگە ئەوە شانۆی ئینتیم بێت، من وەکو ئەسانسێرێک پیا سەرکەوتووم و لە ژێرمدا داڕما، یان ئەم خەونە مانای سەرلەنوێ بەئاگاهاتنەوەی عیشقەکەی منە بۆ **هارییەت**، کە گەنج بووەتەوە، هەروەها منیشی پاکژ کردووەتەوە، لەبەر ئەوەی من چواردە ڕۆژە هیچ مەیم نەخواردووەتەوە و بە وردی چاودێریی خۆمم کردووە، ئەم کاتە بە عیشقی خۆی تێپەڕیوە و ئێستایش ئەو عیشقە کەمبووەتەوە و بەرەو نەمان دەچێت). **ستریندبێرگ** لە شاکارە گەورەکەیدا، شانۆنامەی (**خەونەنمایشێک**) زیاتر لە چەمک و ماناکانی خەون نزیک دەبێتەوە، تەکنیکی خەون لە ئاستێکی باڵادا لە ستراکتوری ئەو شانۆنامەیەدا بەکار دەهێنێت و دەرگایەکی نوێیش بە ڕووی شانۆیەکی مۆدێرنی ئەورووپیدا دەکاتەوە.

ئەم یاداشتگەلە جگە لە تۆمارکردنێکی ژیانی ڕۆژانە و لێکدانەوەی خەون و پەیوەندییەکانی بە "**هارییەت بوسێ**" و قسەکردن لەسەر بەرهەمەکانی خۆی و نووسەرەکانی ئەو سەردەمە، نزیکەی سەد پارچە ڕۆژنامەی تیادایە، کە **ستریندبێرگ** ڕۆژانە لە ڕۆژنامەکانی ئەو کاتەی کردووەتەوە و بە لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژژمێرەوەی نووساندووە. هەر بۆ نموونە، یەکێک لە هاوڕێکانی ڕەخنەگری **دانیمارکی** "**جۆرج براندەس**" وتارێکی ڕەخنەئامێزی بە تەنزی سەبارەت بە هەوڵە بێهودەکانی **ستریندبێرگ** سەبارەت بە دروستکردنی ئاڵتوون نووسیوە، **ستریندبێرگ**یش ئەم وتارەی لە ڕۆژنامەکە کردووەتەوە و نووساندوویەتی بە یەکێک لە ڕووپەڕەکانی یاداشتگەلەکەی و لەژێریدا نووسیویەتی (**گەوج و گێل!**) هەروەها لێرەولەوێ لەسەر ڕووپەڕی ئەم یاداشتگەلە هەشتا وێنە، کە **ستریندبێرگ** خۆی دروستی کردوون، هەیە و لەژێر هەر وێنەیەکیشدا بە چەند وشەیەک گوزارشتی لێ کردووە، ئەمە جگە لە ٢٨٢ پارچە کاغەزی تر، کە لەنێو لاپەڕەکانی ئەم یاداشتگەلەدان و **ستریندبێرگ** شتی لەسەر نووسیون. ئەمەیش وەک پاشکۆیەک وایە، کە **ستریندبێرگ** دۆکیومێنت، هەواڵ، بابەتی بڵاوکراوەی ڕۆژنامەکانی کۆکردووەتەوە و دید و بۆچوونی خۆی لەسەر نووسیون و بەمەیش وێنەیەکی کولتووریی ژیانی ڕۆشنبیری ئەو کاتەی **سوید**مان بۆ دەپارێزێت.

**ستریندبێرگ** زۆر جار گەڕاوەتەوە سەر ئەم یاداشتگەلە، شتی لێ کوژاندووەتەوە، لە هەندێک شوێندا فۆرمەلەی نووسینەکانی کردووەتەوە، دێڕ و دەستەواژەی تری بۆ زیادکردوون، هەڵەی زمانەوانیی چاک کردووەتەوە و لە ستراکتورە گشتییەکەدا ڕێکی خستوونەتەوە.

**ستریندبێرگ** لە هەندێک شوێنی یاداشتەکانیدا، بەتایبەتی کە ویستوویەتی مەبەستی نووسینەکەی ئاشکرا نەکات، بە **گریکی** و **لاتینی** و **فەڕەنسی** نووسیویەتی، بەتایبەتی ئەگەر ناوی کەسێکی

ناسراوی نووسیێیت، یان ئەو کەسانەی، کە پەیوەندییەکی گرژی هەبووە لەگەڵیان، هەروەها کە بە شێوەیەکی نزیک و کەسێنی باسی پێوەندییەکانی خۆی، بەتایبەتی پێوەندییە سێکسییەکانی بە "**هارییەت بوسێ**"یەوە دەکات، ئەوە کۆدی شاراوە و **زمانی گریکی**ی کۆن بەکار دەهێنێت. ئەمە جگە لەوەی **ستریندبێرگ** لە هەندێک شوێندا سانسووری دژی خۆی بەکارهێناوە و هەندێک لە تێکستەکانی لێرەولەوێ کوژاندووەتەوە و بە قەڵەمێکی ڕەش خەتی بەسەردا هێناون. دەزگای چاپەمەنیی **نورشتێد**، بە ئامێری لێزەر و تەکنیکێکی باڵاوە هەموو ئەو شوێنانەی، کە **ستریندبێرگ** کوژاندوویەتەوە، پاککردووەتەوە، بەتایبەتی ئەو تێکستانەی باسی وردەکارییەکانی شەوی زاوایەتیی خۆی لەگەڵ **هارییەت بوسێ** دەکات، ئێستا لە چاپەکەدا بە باشی دەخوێندرێنەوە.

## یاداشتگەلی نهێنیئامێز

**ستریندبێرگ** لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٠٠ەکانەوە وشەی نهێنی، بە مانا دینییەکەی، کە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگوڕیشە و چەمکە قووڵە ڕۆحی و دینییە تەموومژاوییەکان، دەنێت بە یاداشتەکانیەوە، بەم شێوەیەیش دەبێتە یاداشتگەلێکی پڕ لە نهێنی. **ستریندبێرگ** هەر لە سەرەتای ئەم یاداشتگەلەدا وتەیەکی لە کتێبە دێرینەکانی دەستپێکی شارستانیەتی یەهودییەکانەوە وەرگرتووە و وەکو سەردێری ئەم یاداشتگەلە تۆماری کردووە. ئەو وتەیەیش بەم شێوەیە دەست پێ دەکات: (ئەگەر تۆ دەتەوێت شتە نەبینراوەکان بناسیت، ئەوە بە دوو چاوی کراوەوە، بە ڕەهەندەوە لە شتە بینراوەکان بڕوانە). ئەم یادەوەرییانە بۆ ئەم نووسەرە جۆرە ئامڕازێک بووە بۆ جیاکردنەوەی ڕەهەندەکان، پاکژبوونەوە، ڕووناککردنەوە و کۆکردنەوەی دید و وەرگرتنی پەیامە ڕۆحییەکان.

**ستریندبێرگ** دەیەوێت لەم یاداشتگەلەدا هەموو شتە بینراوەکان هەر لە ڕووداوی ژیانی ئاسایی ڕۆژانەوە، تا دەگاتە

پێوەندییە ئاڵۆزەکانی بە دەوروبەرەکەی، نێوەندە ڕۆشنبیری و کولتوورییەکەی ئەودەمەی **سوێد،** دەزگا چاپەمەنییەکان، وەرگێڕەکانی و تەنانەت ئافرەتانیشەوە، بە وردی تۆمار بکات. لە هەمان کاتدا شتە نەبینراوەکان؛ هەستکردن بە تارمایی، بیستنی دەنگی ناوەوەی خۆی، تێرامانە هەنووکەییەکان و هەموو ئەو شتە نهێنییانەی لە دەوروبەری خۆی بینیونی و هەستی پێ کردوون، لەم دەروازەیەیشەوە هێز و وزەیەکی ڕۆحیی وەرگرتووە.

**ستریندبێرگ** بڕوایەکی پتەوی بە خوا هەبووە، لە نهێنییە دینییەکانی کۆڵیوەتەوە و تاقیکردنەوەی کیمیایی و دروستکردنی ئاڵتوون، بەشێکی گرنگی ژیانی بووە، ئەمەیش لە یاداشتەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە، باسی کردوون، بە چاوی سەرنجەوە لە دیاردە و ساتە رۆحییەکانی خۆی و هێزە ئەزەلییە ئاسمانییەکانی کۆلیوەتەوە. ڕەهەندە ڕۆحییەکەی ئەم نووسەرە چەندین ئاڕاستە لەخۆ دەگرێت، زۆر جار دیدێکی میتافیزیکی ئاوێزانی بۆچوونەکانی دەبێت و لە دونیایەکی تەمومژاویدا دەسووڕێتەوە، تەنانەت هەندێک لەو وێنانەیشی، کە دروستی کردوون، هێماگەلی دینی لەخۆ دەگرن. ئەم نووسەرە ساڵی ١٩٠٤ لە یەکێک لە نامەکانیدا نووسیویەتی (خاچێکی ڕەشی تەختە و مێژووەکەم! ئەمە تەنها مۆنەمێنتێکە، کە من داوای دەکەم)، ئەو داوایەی **ستریندبێرگ** جێبەجێ کراوە، ئێستا خاچێکی ڕەشی لە تەختە دروستکراو بە ژوورسەری گۆڕەکەیەوە، لە یەکێک لە گۆڕستانەکانی **ستۆکهۆڵم،** بەرز بووەتەوە. **ستریندبێرگ** هەندێک جار دووپاتی ئەوەیشی کردووەتەوە، کە ترسی ئەوەی هەیە لایەنە ڕۆحی و چەمکە نهێنیئامێزەکانی یاداشتەکانی بە هەڵە لێک بدرێتەوە، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەیش کردووە، کە دەیەوێت سیما و مۆرکە دینییەکەی ڕەوتێکی ئاسایی لەخۆ بگرێت.

**ستریندبێرگ** وەک بیۆگرافیایەک سەیری یاداشتەکانی کردووە، بەشێک بووە لەو بەرهەمانەی لە ژیانی تایبەتمەندی خۆیەوە نووسیونی، بۆ نموونە "**ژووره سوورەکە**" و "**کوڕی کارەکەرەکە**" و "**وتاری بەرگریی شێتێک**" و "**تەنهایی**" و "**نامەکانی**" و "**دۆزەخ**"...هتد لە هەندێک لە کارەکانیدا گەڕاوەتەوە سەر یاداشتەکانی، سوودی لێوەرگرتوون و بەکاریهێناون. **ستریندبێرگ** بەتایبەتی، کە ڕۆمانی (**دۆزەخ**) دەنووسێت، گەڕاوەتەوە سەر ئەم یاداشتگەلە و بەشێکی دەقاودەق تێهەڵکێشی ستراکتور و ڕووداو و ڕۆنانی درامیی ڕۆمانەکە کردووە.

# شانۆی ئینتیم

**ستریندبێرگ** لە ساڵی ١٩٠٧دا شانۆ تایبەتمەندەکەی خۆی (**شانۆی ئینتیم**) لە **ستۆکهۆڵم** دادەمەزرێنێت، دامەزراندنی ئەم شانۆیەیش پانتاییەکی گرنگ لە یاداشتەکانیدا لەخۆ دەگرێت. هەر ئەم شانۆیەیش گیروگرفتی ماددیی بۆ دروست دەکات، کرێی شانۆکە، مووچەی ئەکتەرەکانی و دارایی بەڕێوەبردنی شانۆکە دەبنە تەنگەژە و سەرئێشە بۆ **ستریندبێرگ**، هەر بۆ نموونە دەستبەجێ پێویستی بە دوو هەزار کرۆن بووە بۆ ئەوەی یەکەم کرێی شانۆکەی بدات. ئەم ڕەوشە **ستریندبێرگ** ناچار دەکات بە نابەدڵی و بێزارییەوە بیر لە فرۆشتنی یاداشتگەلەکەی بکاتەوە.

**ستریندبێرگ** بۆ ئەو مەبەستە پێوەندیی کردووە بە دەزگای بڵاوکردنەوەی (**بۆنیەر**)ەوە، تاکە مەرجیشی بۆ فرۆشتنی ئەم یاداشتگەلەی ئەوە بووە، کە لای خۆی بمێنێتەوە تا بتوانێت بەردەوام بێت لە نووسینی ڕۆژانەی خۆی. لەم ڕووەوە لە نامەیەکیدا بۆ دەزگای ناوبراو دەڵێت (ئێوە دەبێت ئەو بڕوایەتان بە من هەبێت، کە یاداشتگەلەکە لای خۆم بمێنێتەوە، تا بتوانم بەردەوام بم لە نووسینی یاداشتەکان و بەم شێوەیەیش گەشە

بکات و هەڵبکشێت/.../ من ئەم یاداشتگەلە بۆیە دەفرۆشم تا کرێی شانۆکەمی پێ دابین بکەم، گەرنا ئەمە بازرگانی نییە بەم یاداشتگەلەوە دەیکەم! ئەگەر ئێوە هیچ ڕێگەیەکی تر لەبری ئەمە شک دەبەن، ئەوا پێم بڵێن! بێگومان ئێوە دەتوانن یاداشتگەلەکە لای من ببینن). **ستریندبێرگ** مەبەستی بووە یاداشتگەلەکەی بە بارمتە دابنێت تا بەو شێوەیە شانۆکەی لە قەیرانی دارایی و داخستن ڕزگار بکات. **ستریندبێرگ** لە کاتی فرۆشتنی یاداشتگەلەکەیدا وشەی (**یاداشتگەلێکی پڕ لە نهێنی**) کە لەسەر بەرگی دەرەوەی دەفتەری یاداشتەکانی نووسی بووی، وەک نەزمێکی گاڵتەئامێز دەخاتە ناو دوو کەوانەوە.

**ستریندبێرگ** لە نامەیەکی تریدا بۆ **دەزگای بۆنیەر** دەڵێت (کە بیر لە فرۆشتنی ئەم یاداشتگەلە، وەک شتێکی کەسێنیی خۆم دەکەمەوە، هەست دەکەم لاشەی خۆم، کە شیکاری جەستەیی بۆ کراوە، فرۆشتبێت). **ستریندبێرگ** دەتوانێت لە ٧ی مانگی سێی ساڵی ١٩٠٨دا یاداشتگەلەکەی لە **دەزگای بۆنیەر** بکڕێتەوە، دوای کڕینەوەیشی لە پەراوێزی بەرگی ناوەوەی دەفتەری یاداشتەکانیدا دەنووسێت (ئەم یاداشتگەلە نابێت هەرگیز چاپ بکرێت! ئەمە دوا داوای منە! دەبێت جێبەجێ بکرێت). **ستریندبێرگ** لە نامەیەکدا، کە بۆ (**ئاکسل ستریندبێرگ**)ی برای ناردووە، داوای ئەوەی لێ کردووە، لەدوای مردنی، دەبێت ئەو ئەم یاداشتگەلە لای خۆی هەڵبگرێت و بیپارێزێت.

کە **ستریندبێرگ** بە تەواوی واز لە نووسینی یاداشنامەکەی دەهێنێت و هیچ هیوایەکی بە گەڕانەوەی "**هارییەت بوسێ**" نامێنێت، خۆی تەرخان دەکات بۆ **شانۆی ئینتیم**، نووسینی شانۆنامە، لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، گفتوگۆ و وتاری ڕەخنەیی.

## یاداشتگەلێك لەسەر شانۆ

**شانۆی شار** لە **ستۆکهۆڵم**، بەبۆنەی سەد ساڵ بە سەر کۆچی دوایی **ستریندبێرگ** و بۆ یەکەمجار بڵاوکردنەوەی ئەم یاداشتگەلە نهێنییەی ئەم نووسەرە گەورەیەدا، یاداشتگەلەکەیان کردووە بە شانۆ. یاداشتگەلێکی نهێنی لەسەر شانۆکەی **ستریندبێرگ**، ئەو شانۆیەی سەد ساڵ لەمەوبەر یاداشتەکانی بۆ فرۆشت، **شانۆی ئینتیم** نمایش دەکرێت.

ڕێژیسۆری شانۆنامەکە هەر خۆی لە دیدێکی هونەریی چڕەوە، لە تێڕوانینێکی شانۆیی و لە ڕووبەڕووبوونەوەی نهێنییەکانی **ستریندبێرگ**دا دەقەکەی ئامادەکردووە. ئەم ڕێژیسۆرە بۆ ئەوەی قۆناغەکانی ژیانی **ستریندبێرگ**، لە ماوەی نووسینی یاداشتگەلەکەیدا بەرجەستە بکات، پێنج کارەکتەری **ستریندبێرگ** لە پێنج قۆناغدا دروست دەکات. ئەم پێنج کەسایەتییە، کە بەرجەستەی ژیان و کارەکتەری **ستریندبێرگ** لە پێنج قۆناغی تەمەنیدا دەکەن، ڕووبەڕووی "**هارییەت بوسێ**" دەبێتەوە. لە

هەمان کاتدا بە ناوەوەی خۆیدا ڕۆدەچێت، شەڕ لەگەڵ خۆی دەکات، لە دیاردە نهێنییەکان دەکۆڵێتەوە، دەبێتە کەسێکی جادووگەر، کۆدی نهێنییەکان دەکاتەوە و شتە بینراوەکان، هەستپێکراوەکان، ئاڵۆز دەکات. بەڵام ڕیژیسۆر لە ئامادەکاریی ئەم دەقەدا چەندە گرنگیی داوە بە ژیانی **ستریندبێرگ** لەنێو یاداشتگەلەکەیدا، هێندەیش "**هارییەت بوسێ**" وەک ئافرەت، وەک ئەکتەر، وەک خێزان، هاوڕێ، هاودەم و دوژمن، لە چەقی ڕووداوەکاندا داناوە و بەرجەستەی کردووە.

**ستریندبێرگ** و **هارییەت بوسێ** لەنێو ئەم ڕووداوە پڕ لە ڕاز و نهێنییانەوە، لە ستراکتورێکی نهێنیئەنگیزەوە، دێنە دەرەوە، لە ڕۆژێکی ڕووناکدا، بە بەرچاوی بینەرەکانیانەوە، لە گەشتێکی پڕ لە ژان و ئازار و خۆشەویستیدا، بەیەک دەگەن، لەیەک دادەبڕێن و دەروازەکانی ژیان لە دۆزەخەکەی **ستریندبێرگ**ەوە، بۆ نامە لێوانڕێژەکانی بە خۆشەویستی، ڕق و دەمەدەمەکانەوە دەکەنەوە.

نمایشی "**یاداشتگەلێکی پڕ لە نهێنی**" وێنەیەکی ڕاستەقینەی **ستریندبێرگ**مان، لە نووسینی **ستریندبێرگ** خۆی پێشکەش دەکات.

**سەرچاوە:**

1- Strindberg, August, Ockulta dagboken, August Strindbergs samlade verk 59:1
Norstedts – 2012

2- Karin, Petherich och Göran Stockenström, Ockulta Dagboken, kommentarer,
August Strindbergs Samlade verk, Norstedts, 2011

# گیۆرگ بویشنەر

## شانۆنامە و دەقە پرۆسەئامێزەکان

ساڵی پار دووسەد ساڵ بەسەر لەدایکبوونی نووسەری **ئەڵمانی** (**گیۆرگ بویشنەر**) ١٨١٣-١٨٣٧دا تێپەربوو، بەم بۆنەیەیشەوە زۆربەی شانۆکانی جیهان دەقەکانیان نمایش کردن و دەزگاکانیش سەرلەنوێ بەرهەمەکانیان چاپ کردوونەتەوە و کتێبی تازەیشیان لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی نووسیوە. **بویشنەر** لەو تەمەنە کورتەی ژیانیدا، کە تەنها ٢٣ ساڵ ژیاوە، سێ شانۆنامە (**مەرگی دانتۆن**، **لیۆنتسە و لینا** و **ڤۆیتسەک**) و هەروەها چیرۆکێک بە ناوی (**لێنتز**)ەوەی نووسیوە. جگە لە (**مەرگی دانتۆن**) و دوو شانۆنامەی **ڤیکتۆر هۆگۆ**، کە لە **فەرەنسی**یەوە وەریگێڕابوونە سەر **زمانی ئەڵمانی** و نووسراوێکی تری بە ناوی (تەتەری گوندیی هێسن)، کە دەبێتە هۆی دەستگیرکردنی هاورێکانی و هەڵهاتنی خۆی، هیچ کام لە بەرهەمەکانی تری تا خۆی لە ژیاندا بووە، بڵاو نەکراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا کاریگەرییەکی گەورە و بەهێزی بەسەر ئەدەب و شانۆی جیهانییەوە بەجێ هێشتووە و تا ئەمرۆیشی لەگەڵدا بێت، ڕۆڵی ئەم نووسەرە گەورەیە دیارە. هەر بەم بۆنەیەیشەوە دەزگای (**ئەتلانتیس**) لە **سوید** کۆی بەرهەمەکانی **بویشنەر**، لە وەرگێڕانێکی

نوێدا بڵاو دەکاتەوە. کتێبەکە جگە لە پێشەکییەکی تێروتەسەل و شانۆنامە و چیرۆکەکەی، هەموو نامەکانیشی، کە بۆ خێزان و هاورێ و دەزگیرانەکەی نووسیوە، دەگرێتە خۆ، ئەمەیش یەکەمجارە کۆی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە، لە بەرگێکدا بە **سوێدی** بڵاو بکرێتەوە.

**بویشنەر** لە یەکێک لەو نامانەدا، کە لە ساڵی ١٨٣٤دا بۆ دەزگیرانەکەی نووسیوە، دەڵێت: "من مێژووی شۆڕشم بە باشی خوێندووەتەوە، بەڵام بە لاپەڕە کوشندە و دژوارەکانی تووشی نائومێدییەکی گەورە بووم. وێنەیەکی نەگۆڕاوی پڕ لەترسی سروشتی مرۆڤ دەبینم، بەتایبەتی لەسەر ئاستی پەیوەندیی مرۆڤ بە مرۆڤ و بە مەسەلەکانی دەسەڵاتەوە".

هەرچەندە ئەم نووسەرە سیاسییەکی ڕادیکاڵ بووە و لەگەڵ دەسەڵات لە کێشەدا بووە، هەر لەبەر ئەویش، ناچار دەبێت لە وڵات ڕابکات و لە تاراوگەی **سویسرا** بە گەنجی کۆچی دوایی بکات، بەڵام وەک نووسەرێک بە هیچ قۆناغ و تەوژمێکی دیاریکراوەوە نابەسترێتەوە و تا ئێستایش بیوگرافیا و خاڵە گرنگ و یەکلاکەرەوەکانی ژیانی بە تەواوی تیشکی ڕووناکیان نەخراوەتە سەر و شرۆڤەیەکی سەراپاگیرییان بۆ نەکراوە. تەنانەت نامەکانیشی، کە دادەنرێت بە دۆکیومێنتێکی گرنگی ژیانی، وەک نووسین و دەقەکانی تری نەیانتوانیوە ژیانی ئەم نووسەرە ئاشکرا بکەن و هەموو شتێک هەر لە تاریکیدا ماونەتەوە.

لەگەڵ ئەوەیشدا، بەتایبەتی لە سەرەتای ١٩٠٠ەکانەوە، کەسانێکی زۆر هاوڕا بوون، کە **بویشنەر** کێیە و لە کوێ بووە: سۆشیالیستێکی سەرەتا، بەر لەدایکبوونی سۆشیالیست، هەر دوای ئەوەی لە (**تەتەری گوندیی هێسن**) بۆ هاندانی جوتیار و چینە ڕەشوڕووتەکەی کۆمەڵ، کە دژی دەسەڵاتی ئاغا و دەرەبەگەکان ڕاپەڕن، شکست دەهێنێت، بە دەقە شانۆییەکانی ڕوو

دەكاتە مەسەلەكانی شۆڕش و (**مەرگی دانتۆن**) دەنووسێت. ئەم شانۆنامەیەیشی باسی شۆڕشی فەڕەنسی دەكات و ئایدیولۆژیای شۆڕش و بنەما نەگۆڕ و ستراكتورە گۆڕاوەكانی مێژوو و پشێوی و كەوتنی موڕاڵ و ئاكار و بەرئەنجامەكانی ئەو شۆڕشە دەخاتە ڕوو.

ئەم نووسەرە لە دەروازە فراوانەكانی مێژووەوە، بوونی مرۆڤ دەخاتە نێو پرۆسە و چەمكە ئاڵۆزەكانی شۆڕشەوە و مرۆڤ و مێژوو پێكەوە دەبنە جەمسەری گرێدان و بەستنەوە و خولّقاندنی مێژوو.

زۆر توێژەر و لێكۆڵەرەوەی تر ئەوە دووپات دەكەنەوە، كە **بویشنەر** و دەقەكانی لە بۆتەی ئەدەبێكی ڕچەشكێن و شۆڕشگێڕانەدا دەسووڕێنەوە، ئەمەیش زیاتر دوای ئەوەی، كە ئێسپرێشیونیزمەكان لە ساڵی ۱۹۱۳دا، لە **میونیش** شانۆنامەی **ڤۆیتسەك**، وەک دۆزینەوەیەكی گرنگ پێشكەش دەكەن. بەڵام بە شێوەیەكی گشتی دەقەكانی **بویشنەر** هەندێک تەمومژیان پێوەیە و هیچ كەسێک بە تەواوی لە نەژادی ئەو تێكستانەی، كە ئەو نووسیونی دڵنیا نییە: تەنها (**مەرگی دانتۆن**) لە ژیانی خۆیدا بڵاو كراوەتەوە، بەرهەمەكانی تری دوای ئامادەكردن، پیاچوونەوە، ساخكردنەوە و سەرلەنوێ نووسینەوەی دەستنووسەكان چاپكراون، ئەمەیش بەچەندین ساڵ دوای مەرگی **بویشنەر** خۆی.

هەروەها بویشنەرێكی مۆدانیزم لەدوای پاشەكشێی سروشتگەراكان و ناتورالیزم و دەركەوتنی ڕەوشە سایكۆلۆژییەكانی ئەدەب و هونەر دەردەكەوێت. بنەما و ستراكتورە هونەرییەكانی شانۆنامەكانی و ئەو فۆرم و شێوازەیشی لە نووسینەكانیدا بەكاری هێناوە، وەک ئەزموونگەرێكی گەورە، دوای سەد ساڵ بەسەر مردنی خۆیدا، بە هێزێكی گەورەترەوە دەردەكەوێت و كاریگەرییەكی بەهێزی

دەبێت، هەر بۆ نموونە: شکاندنی ئەندێشە و بەکارهێنانی گۆرانی و دەستەبەرکردنی چەمکی (**نامۆبوون**) کە لە لای **برێشت** بووە فۆرمێکی گرنگی شانۆ، لە لای **بویشنەر** بەکارهاتووە. هەروەها گۆڕانکاری لە ستایلەکاندا، تێکهەڵکێشانی زمانێکی بازاڕی و زمانێکی هونەری و ئەدەبیی بەرز، کۆلاژی دیمەنەکان، هونەری مۆنتاژ، تێکشکاندنی ڕووداوە سەرەکییەکە، بەرجەستەکردنی شتە ورد و مینیاتۆرییەکان، تێکشکاندنی ئەندێشەی گوتاردان، بەکارهێنانی ستایلی ئێکسپرۆشیونیزم، دژەپاڵەوان... هتد. هاوکات لەم زەمەنەی ئێستایشماندا، بەتایبەتی لە **ئەڵمانیا**، **بویشنەر** بە نووسەرێکی چڕی سیاسی، بەر لە **برێشت** ئاماژەی بۆ دەکرێت.

ئەدەبی **بویشنەر** لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەمدا جۆرە گەشەکردنێکی بەخۆیەوە دیوە و کەوتووەتە ژێر تیشکی سەرنج و لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنێکی بەردەوامەوە و هەوڵ دراوە بخرێتە نێو چەندین خانەی جیاوازەوە. هەر لەبەر ئەوە زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە **بویشنەر** پەنجا تا سەد ساڵ بەر لە دەرکەوتنی مۆدێرنیست، مۆدێرنیزم بووە. ئەمە جگە لەوەی، کە بە ڕابەرێکی گەورەی ناتورالیزمەکان دادەنرێت، ئێکسپرۆشیونیزمەکانیش شانۆنامەی **ڤۆیتسەک**یان کردە بنەمای کولتوورێکی گرنگ بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانیان. شانۆیەکی سیاسیی قووڵی فرەمەودایش، لە **برێشت**ەوە دەگەڕێتەوە بۆ **بویشنەر** و لەویشەوە بۆ (**هینری میللەر**) کە ئەویش نووسەرێکی تری **ئەڵمانی**یە و لە ساڵی ١٩٨٥دا پاداشتی **بۆشنەری** پێ دەبەخشرێت، کە بە گرنگترین پاداشتی ئەدەبی **ئەڵمانیا** دادەنرێت. هەروەها **بویشنەر** لەو ژیانە کورتە پڕ لەهەڵکشانوداکشانە شۆڕشگێرانەیدا، بە دوو سەدە بەر لە **مارکس**، کۆمۆنیست بووە و بە کۆمۆنیست ئاماژەی بۆ کراوە، بەڵام کۆمۆنیستێکی بێ تیۆر.

ئەگەر لە (**مەرگی دانتۆن**)دا مێژوو و شۆڕش بکاتە ستراکتۆری داڕشتە ئەدەبییەکەی، ئەوا لە **لیۆنتسە و لێنادا** کۆمێدیایەکی ڕۆمانتیکی و ساتیرێکی سیاسی دەخولقێنێت، بەڵام لە **ڤۆیتسەک**دا بنەما بەراییەکانی لێکۆڵینەوە سیکیاترییەکان دادەڕێژێت. لە **لیۆنتسە و لێنادا**، دیدە ڕۆمانتیکییەکەی زیاتر لەو داوایەدا چڕ دەبێتەوە، کە دەیەوێت هونەرمەند و نووسەر پابەندی ژیانی چینە نزمەکانی کۆمەڵ بن؛ لە ژیانی هەژارەکانەوە، لە بنەما کۆمەڵایەتییەکانی چینەکەی خوارەوە وێنای دونیایەکی تر بکەن و بەو جیهانەدا قووڵ ببنەوە بۆ ئەوەی توانای ئەفراندنی خۆیان بدۆزنەوە.

لە **ڤۆیتسەک**یشدا دەگەڕێتەوە بۆ سەر دۆکیومێنتەکان و وێنەیەکی ئەو مرۆڤانەمان پێشان دەدات، کە کۆمەڵگە و دامودەزگاکان، بەبێ گوێدانە هیچ پرنسیپێک تێکیان دەشکێنن. ئەوەیشمان لە بیر نەچێت، کە (**مەرگی دانتۆن**)یش وەک سەرەتا بەراییەکانی شانۆی دۆکیومێنتاری ئاماژەی بۆ دەکرێت، کە دواتر چ **ئەرڤین بیسکاتۆر** و چ **برێشت** ئەو ڕێچکەیەیان گرتووە و لە چەمکەکانیدا قووڵ بوونەتەوە و کاریان لەسەر کردووە. هەرچەندە زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان و ئەکادیمیستەکان بە بەردەوام لە شرۆڤەکردنی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەدان، بەڵام زۆر جار لەبەر قووڵی و هەمەڕەهەندی و ڕەنگە جیاوازەکان و بنەما و ستراکتورە هەمەچەشنەکانی ئەم بەرهەمانە، ڕاڤەکان و خوێندنەوەکان بەرئەنجامی جودا و هەندێک جار دژ بەیەکیان لێ دەکەوێتەوە.

یەکێک لەو پرسیارانەی، کە سەبارەت بە شانۆنامەی (**مەرگی دانتۆن**) دووبارە دەبێتەوە، ئەوەیە، ئایا ئەم دەقە ڕەخنەیەکی ئەو شۆڕشەیە یان زەنگی بێمانای هەموو ئەو شۆڕشانەی ترن، کە دواتر دێن؟ ئایا **لیۆنتسە و لێنا** ساتیرێکی بێبەزەییە سەبارەت بە ژیانێکی

کرچوکاڵی چینە بەرزەکەی کۆمەڵ، یان تەقەلایەکی بێهیوا و مایەپووچی **بۆیشنەر** خۆیەتی، دژی چینەکەی خۆی و مەرگێکی ڕۆمانتیکی؟ **ڤۆیتسەک** تۆمەتێکی کۆمەڵایەتییە یان گەمەیەکی میللییە، کە بنەمایەکی دینی لەخۆ دەگرێت؟ بەم شێوەیە، هەمیشە خوێندنەوەکان و شرۆڤەی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە جیاواز بوون و ئاڕاستەی دژبەیەکیان وەرگرتووە و بە بەردەوامی ئەم پرسیارەیش بە زەقی و لە بنەمایەکی قووڵی فیکری و ڕەهەندە جوداکانی خوێندنەوەی بەرهەمەکانیەوە دەرکەوتووە: **بویشنەر** خۆی کێ بووە؟ شۆڕشگێرێکی لادەر یان شۆڕشگێڕێکی بێشۆڕش بووە؟

لەنێو پانتاییەکان و چەقی هەموو ئەو خوێندنەوە جیاوازانەی، کە سەبارەت بە **بویشنەر** کراون، دیدێکی ئاشکرای **بویشنەر**ێکی شۆڕشگێر و ئیمانپەروەرێکی بەهێز، کە وزەیەکی گەورە و ژیانێکی بێئارامی پێ بەخشیوە، بە ڕوونی دەردەکەوێت. ئەمەیش دینامۆی ژیانە کورتەکەی و ئەو گەڕانە چڕەیش بووە، کە بەرئەنجامەکانی لەو چەند بەرهەمە کەمەیدا دەردەکەوێت، کە نووسیونی و لەدوای خۆی بەجێی هێشتوون.

ئێمە بەر لەسوێد بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە گەورەیەمان بڵاو کردووەتەوە: هەردوو شانۆنامەی (**ڤۆیتسەک**) و (**لیۆنتسە و لێنا**) لە ژمارە ٥٨ و شانۆنامەی (**مەرگی دانتۆن**)یش لە ژمارە ٦٣ی زنجیرەی شانۆی جیهانیدا و لە وەرگێڕانی **کەریم پەڕەنگ** لە **ئەڵمانی**یەوە، لە ساڵی ٢٠١٢دا لە **دەزگای ئاراس** بڵاو کراونەتەوە.

**سەرچاوە:**

Georg Buchner, Dramatik och prosatexterm Oversettning av Lars Bjurman. Atlantis, 2013. Stockholm

# دوانزە جار هارۆڵد پینتەر

**هارۆڵد پینتەر** ١٩٣٠-٢٠٠٨ دیدیکی نویێ بە ڕووی شانۆیەکی مۆدێرنی **ئەورووپی**دا دەکاتەوە و کۆتایی بە قۆناغێک لە شانۆ: **ئیپسن**، **ستریندبێرگ** و **چێخەف** دەهێنێت و قۆناغێکی تر دەخولقێنێت. لای **پینتەر** دونیا شاراوە و پڕ لە ڕاز و نهێنییەکان لە نادیار و ئاشکراکان جیاناکرێنەوە، گەمەی نێوان پیاو و ژن گەمەی دەسەڵاتە و هەڕەشەیەکی نادیار بەسەر ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەوەیە. زۆر جار کارەکتەرەکان لە تاریکیدان و هەر لە تاریکیشدا لەدایک دەبن و دەمێننەوە، لەو تاریکییەشدا بە نهێنی دەجووڵێنەوە و دەبنە مەترسی بۆ کەسانی تر. **پینتەر** لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێت "جارێکیان لە تاکسییەکدا دانیشتبووم، لەپڕ دوو پیاوم لە ژوورێکدا بینی، یەکێکیان پەرداخێک ویسکیی بۆ ئەویتریان تێکرد، دوای ئەوە یەکێکیش بۆ خۆی، بەم شێوەیەیش بیرۆکەی شانۆنامەی (**خاکی بێخاوەن**) لەدایک بوو."

ساڵی ٢٠٠٥ کە پینتەر پاداشتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرت، دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی **سوید**، کەوتنە خۆ بۆ

کۆکردنەوە و وەرگێڕانی شانۆنامەکانی **پینتەر**، هەر بە ماوەیەکی کورت کتێبی (**دوانزە جار هارۆڵد پینتەر**) لە دەزگای **ئێرسەتز** بڵاوکرایەوە، کە دوانزە شانۆنامەی **پینتەر** لەخۆ دەگرێت.

وەک **پینتەر** لەو چاوپێکەوتنەدا باسی دەکات، نووسینی شانۆنامەکانی بە شتێکی کۆنکرێتی و بە وێنەیەک دەست پێ دەکات و لەوێوە، لەو ژوورە ڕیالیزمییەوە، لە شێوازێکی تەبای دراماتۆرگییەوە دەمانگوێزێتەوە بۆ جیهانێکی ڕیالیزمی ئەندێشەئامێز و تەلیسماویی نادیار. ڕستە کورت و وچانە درێژ و وشە هێماگەلییەکانی، بینەران دەخاتە دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانییەکی ترسناک و بەردەوامەوە. گەر ئێمە لە شانۆدا بزانین کارەکتەرەکان کێن و لە کوێوە هاتوون، ئەوە **پینتەر** بە هەموو شێوەیەک هەموو ئەو جۆرە خۆئامادەکردنەی بینەر لە وەهمێکی ترسناکدا تێک دەشکێنێت و گرانە بزانین ئەو کارەکتەرانە لە کوێوە هاتوون و بەرەو کوێ دەچن. لەم کتێبەدا هەندێک لە گرنگترین شانۆنامەکانی **پینتەر**، بۆ نموونە: **خاکی بێخاوەن**، **ناپاکی**، **ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون**، **ئەسانسێرەکە**، **شەو**، **پرێسکۆنفەرانس**... بڵاو کراونەتەوە. ئەم شانۆنامانەیش دونیادیدەی **پینتەر**یان دەستەبەر کردووە و ئەو ڕێگەیەیان بۆ کردەوە، کە ببێت بە یەکێک لە گرنگترین دەنگەکانی شانۆی مۆدێرنی **ئەورووپی**.

پینتەر لە ساڵی ١٩٥٧دا بە شانۆنامەیەکی یەک پەردەیی (**ژوورەکە**) دەست پێ دەکات و دوای ئەوە یەکەم شانۆنامەی درێژی خۆی (**ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون**) دەنووسیت، کە لە سەرەتادا ئەو سەرکەوتنە بەدەست ناهێنێت، بەڵام دوای دوو ساڵ هەر بەم شانۆنامەیە، دەبێت بە یەکێک لە شانۆنامەنووسە گەورەکانی **بەریتانیا**.

لە ساڵی ١٩٦١یشدا ڕەخنەگری بەناونانگ (**مارتین ئەسلین**) لە کتێبە دەگمەنەکەیدا (**شانۆی ئەبسۆرد**) **پینتەر** بە نووسەرێکی

گرنگی **شانۆی ئەبسۆرد** پۆلێن دەکات و هێندەی تر پێگەی پینتەر لە ڕەوتی **شانۆی ئینگلیزی**دا پتەو دەکات. **ئەسلین** ئەو شێوازە نادیار و فۆرمە پڕ لە ڕاز و نهێنییە واقیعییەی **پینتەر** دەگەیەنێتە ئاستێکی بەرز و هەموو کۆد و شانەکانی شانۆنامەکانی دەکاتەوە و تیشکی سەرنج و لێکۆڵینەوەیان دەخاتە سەر. هەرچەندە **پینتەر** لەگەڵ **بێکێت**، **یۆنێسکۆ**، **ئەدامۆڤ** و **ئەلبی** ئاماژەی بۆ دەکرا، بەڵام خۆی ئەم پۆلێنکردنانەی ڕەت دەکردەوە و بۆ هیچ کەسێکیش ئاسان نەبوو **پینتەر** بخاتە نێو هیچ خانەیەکەوە.

**پینتەر** ساڵی ١٩٣٠ لە لەندەن و لە ناوچەی **ئێست ئێند** لە خێزانێکی جوولەکە لەدایک بووە، هەر لە سەرەتاکانی تەمەنیەوە شەڕ و توندوتیژی و سەرکۆنەکردنی جوولەکەکان دەبینێت. کە جەنگی جیهانیی دووەمیش هەڵدەگیرسێت، بە هۆی ئەو شەڕەوە لە خێزانەکەی دادەبڕێت و دوور دەخرێتەوە، ئەم کارەساتی جەنگەیش وای لێ دەکات تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی دژی هەموو جۆرە شەڕێک بێت.

لە (**ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون**)دا، کە لەپڕ هەردوو کارەکتەری **گۆڵدبێرگ** و **ماکان** دەردەکەون، **جیهانێکی کافکایی** ئەتمۆسفێری شانۆنامەکە داگیر دەکات و بینەران هەست بە هەڕەشەیەکی تۆقێنەر، بەسەر کارەکتەرەکانی ترەوە دەکەن. بە شانۆنامەی (**گەڕانەوە بۆ ماڵ**) ناوبانگی جیهانی بەدەست دەهێنێت، شانۆنامەیەک زۆر جار دژی خۆی بەکارهاتووە، لەو ڕووەوەی دژی ئافرەتە. لەم شانۆنامەیەدا (**ڕووسا**) ئافرەتێکە لە تەمەنی سی ساڵی دایە، پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ باوک و براکانی مێردەکەیدا دەکات و بەو شێوەیەی بیەوێت هەڵیان دەسووڕێنێت. ئەم شانۆنامەیە خوێندنەوەی زۆری بۆ کراوە، بەڵام لە هەموویان گرنگتر بۆچوونەکانی (**میکایل بیلینگتۆن**)ە، کە پسپۆڕە لە

شانۆنامەکانی **پینتەر**دا، ئەو ڕەخنەگرە ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە (**گەڕانەوە بۆ ماڵ**) شانۆنامەیەکی فێمینستییە.

یەکێک لەخاڵە گرنگەکانی تری **پینتەر** ئەوەیە، دەسەڵات هەمیشە هەر لە لای یەک کەس نییە و هەمیشە لە جێگەگۆڕیدایە، ئەوەی ئەمڕۆ سەرکۆنەی ئەوانی تر دەکات و ئامرازەکانی دەسەڵات بەکار دەهێنێت، لە دیمەنێکی تردا ئەو دەسەڵاتەی لە دەست داوە و هەڕەشەلێکراوە.

بەهای ئەم کتێبەیش (**دوانزە جار هارۆڵد پینتەر**) لەوەدایە، چەمک و ستراکتوری هونەری و فیکری دەقەکان نەخشەیەکی گشتگری دونیادیدەی پینتەرمان بۆ دەخاتە ڕوو، بۆ نموونە کارەکتەرەکان هەمیشە شتێکیان شاردووەتەوە و نهێنییەکیان هەڵگرتووە، بەبێ ئەوەی بزانین ئەم نهێنییە چییە و لە کێ شاردراوەتەوە. لە شانۆنامەی (**خۆڵەمێش**)دا ژن و پیاوێک لە پێوەندییەکی نهێنیدا، ڕابردوو دەبێتە یادەوەرییەکی قێزەوەر و ناچاریان دەکات ڕۆڵ و شوێن بگۆڕنەوە. **پینتەر** ئەم شانۆنامەیەی دەربارەی قەلاچۆکردنی جوولەکەکانی جەنگی جیهانیی دووەم نووسیوە، بەبێ ئەوەی تەنها بە وشەیەکیش ئاماژەی بۆ ئەوە کردبێت.

ئەوەی جێگەی خۆشحاڵیشە، بەشێکی زۆری دەقەکانی ئەم کتێبە کراون بە **کوردی** و لە زنجیرەی شانۆی جیهانیی **دەزگای ئاراس**دا بڵاوکراونەتەوە.

**سەرچاوە:**

Tolv gonger Harold Pinter, Ersatz forlaget. Stockholm 2005

## دەبێت بڕۆیت؟
## ژیانم لەگەڵ هارۆڵد پینتەر

**هارۆڵد پینتەر** و **خاتوو ئەنتۆنیا فرەیسەر**، بۆ یەکەم جار لە هەشتی مانگی یەکی ساڵی ١٩٧٥دا، بە ڕێکەوت و بەهۆی هاوڕێ هاوبەشەکانیانەوە، لە میوانداریی ئێوارەخوانێکدا یەکتری دەبینن.

بە درێژایی ئەو شەوە هیچ کامێکیان ڕێک ناکەوێت قسە لەگەڵ ئەویتر بکات، تا ئەو چرکەساتەی **ئەنتۆنیا فرەیسەر** خەریکی ڕۆیشتنە. **هارۆڵد پینتەر** لەو کاتەدا و لەپڕ بە چاوە ڕەشە چڕەکانییەوە سەیرێکی دەکات و بە هێمنی پێی دەڵێت: "دەبێ بڕۆیت؟" **ئەنتۆنیا فرەیسەر** بە خێرایی بیر لە کارەکانی ڕۆژانی دوایی خۆی دەکاتەوە، کە دەبێت بیانکات؛ بۆ نموونە منداڵەکانی بەرێت بۆ قوتابخانە، کار لە کتێبە تازەکەیدا بکات... هتد، لەگەڵ ئەوەیشدا بەبێ دوودڵی دەڵێت: "نەخێر... بە هیچ شێوەیەک پێویست ناکات بڕۆم"، بەو شێوەیە ئەو شەوە دەبێتە سەرەتای خۆشەویستییەکی گەورەی نێوان **پینتەر** و **ئەنتۆنیا فرەیسەر**، کە زیاتر لە سی ساڵ دەخایەنێت و بۆ هەتاهەتایە ژیانی هەردووکیان لە بنەڕەتەوە دەگۆڕێت. دوای مردنی پینتەریش، **فرەیسەر** لە

کتێبێکی چوارسەد لاپەڕەییدا، یادەوەری و یاداشتە تایبەتییەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئەو سی ساڵەی خۆیان ١٩٧٥-٢٠٠٨ دەگێڕێتەوە.

**فرەیسەر** ئەم چیرۆکە یادەوەرییەی، کە لە ماوەی سیوسێ ساڵدا نووسیوویەتی، ڕۆناوە. ئەم شوێنپێهەڵگرتنە ورد و ڕۆژانەیە تەنها چیرۆکی خۆشەویستیی ئەم دوو نووسەرە **پینتەر/ فرەیسەر** ناگێڕێتەوە، بەڵکو بیۆگرافیایەکی نزیک و هاودەمی **پینتەرە**، لە هەمان کاتدا خستنە ڕوویەکی تەواوی چینە بەرز و ئەرستۆکراتەکەی کۆمەڵگەی **ئینگلیزی**ی دەیەی نەوەدەکانیشە.

پینتەر وەک شانۆنامەنووسێکی بەتوانا، دەرگایەکی نوێ و جودا بە ڕووی شانۆیەکی مۆدێرنی **ئەورووپی**دا دەکاتەوە، لەم شانۆیەدا بە ئاسانی دنیابینی و جیهانە شاراوە و پڕ لە ڕاز و نهێنییەکان لە جیهانە دیار و ئاشکراکان جیاناکرێنەوە. ئەتمۆسفێر و ستراکتوری ڕووداو و کارەکتەرەکانی لە بۆتەیەکی توندوتیژ و هەڕەشەئامێز و دوژمنکاریدا دەسووڕێنەوە.

لە ژوورێکی واقیعییەوە، لەناو چوار دیواری ماڵە ئاساییەکانەوە، لە شێوازێکی تەبای دراماتۆرگییەوە دەمانگوێزێتەوە بۆ جیهانێکی ڕیالیزمی ئەندێشەئامێز و تەلیسماویی نادیار. ڕستە کورت و وچانە درێژ و وشە هێماگەلییەکانی، بینەران دەخاتە دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانییەکی ترسناک و بەردەوامەوە.

پینتەر ساڵی ١٩٣٠ لە **لەندەن** و لە ناوچەی **ئیست ئێند** لەدایک بووە، ساڵی ٢٠٠٥ پاداشتی ئەدەبی نۆبڵ وەردەگرێت و لە ساڵی ٢٠٠٨دا، لە تەمەنی حەفتاوهەشت ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات. کە **پینتەر** و **خاتوو فرەیسەر** یەکتری دەبینن، هەردووکیان تەمەنیان لە سەروو چل ساڵییەوە دەبێت، هەردووکیان ژیانی تایبەتی خۆیان و پێشتر بە ئەزموونی هاوسەرگیریدا ڕۆیشتوون، **پینتەر** نووسەرێکی ڕادیکاڵی جوولەکە، زیاتر لە بەرەی چەپەکانەوە نزیک

بووه و خانمه ئەکتەری ناسراوی **ئینگلیزی** (**فیفیان مێرچنت**) هاوسەری بووە. هەرچی **ئانتۆنیا فرەیسەر**یشە ئافرەتێکی کاسۆلیک، ئەرستۆکرات و دایکی شەش منداڵ، مێردەکەیشی (**هیو فرەیسەر**) سەر بە پارتی پارێزگارەکان و ئەندامی پارلەمانی **بەریتانی** بووە.

**ئەنتۆنیا فرەیسەر** بەر لە چەند ساڵێک ئەم بیرەوەری و یاداشتانەی ژیانی هاوسەریی خۆی و **پینتەر** لە بەرگێکی گەورەدا بڵاو دەکاتەوە و هەر زوویش وەردەگێڕدرێتە سەر زۆربەی زمانەکانی دونیا.

**ئەنتۆنیا فرەیسەر** لە سەرەتاوە، ئەم یاداشتانەی بۆ ئەوە نەنووسیوە تا دواتر بڵاویان بکاتەوە، بەڵکو بۆ خۆی نووسیوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕووداوەکاندا بژی و لە بیری نەچنەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت زەمەن، گەر لەسەر ڕووپەڕی کتێبەکانیش بێت، بۆ تاوێک بوەستێنێت. زەمەن لەم کتێبەدا وزەیەکی بەهێز و ئامادەبوونێکی بەرچاوی لە دێڕ و وشە و ساتەوەختی ڕۆژەکاندا هەیە و یادەوەرییەکان، لە گەڕانەوەی زەمەندا سەرلەنوێ و بە شێوەیەکی زیندوو، بەرجەستە دەبێتەوە.

**ئەنتۆنیا فرەیسەر** لە ٢٨ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٨٠دا دەنووسێت: "من ئەم یادەوەرییانە بۆ ئەوە نانووسم تا ببێتە ئەدەبێکی گەورە، بەڵکو ئەمە هاوڕێکەمە، دۆکیومێنتێکە دەربارەی ژیانی هەردووکمان و هەندێک جاریش دڵنەواییەکە...". **ئەنتۆنیا فرەیسەر** ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە هەر دوای دوو مانگ بەسەر مردنی **پینتەر**دا، دەستی کردووە بە نووسین و ئامادەکردنی ئەم کتێبە، ئەمەیش جۆرێک بووە لە دڵدانەوە و سەرلەنوێ ژیانەوەی ئەو ڕۆژگارانە و بەرەنگاربوونەوەی ئەو خەمە گەورەیەی، کە **پینتەر** لەدوای خۆی جێی هێشتووە.

ئەم یادەوەرییانە بە شێوەیەکی ساکار تیشک دەخاتە سەر ژیانی **پینتەر** و وەک کەسایەتییەکی ئاسایی و مرۆڤێکی میهرەبان، لە ڕاڕەوە تاریکەکانی ژیانەوە، لەودیو نووسینی شانۆنامە پڕ لە ڕاز و نهێنییە توندوتیژەکانییەوە، دەردەکەوێت و ئەو کلێشە و وێنە تەبایانەی، کە خوێنەر و ڕەخنەگرەکان لە لای خۆیان سەبارەت بە کەسایەتیی **پینتەر** دروستیان کردووە، بە تەواوی دەشکێت. ئەم نووسەرە ئەبسورد و تۆقێنەر و نادیارەی ناو شانۆنامەکانی، وەک کەسێکی میهرەبان و عاشق و ناسک دەردەکەوێت.

نووسەر بەم یاداشتگەلە ڕاستگۆ و لێوانلێو لە ژیانە، هەستێکی (لێرە و لە ئێستا)ی خولْقاندووە و خوێنەر دەباتە ئەودیو پەردە دادراوەکانەوە و وێنەیەکی ڕاستەقینەی ڕەوش و ژیانی ڕۆژانەمان پیشان دەدات.

ئەم یادەوەرییانە بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانیەوە، ئەدەبێکی تایبەتمەند دەخولْقێنێت و مانا دەبەخشێت بە هەموو ئەو ڕۆژگارانەی بەسەرچوون، بە جووڵانەوە ئاساییەکانەوە، بە ساتەوەختە ساکارەکان و بە ساتە چڕەکانی پرۆسەی داهێنانیشەوە.

نووسەر بە ڕستە کورتەکانی دەسپێکی کتێبەکە، تا کۆتایی و هەڵکشانی ڕووداوەکان، درامایەکی بەهێز دروست دەکات، کە تەنها دوو کارەکتەر، **پینتەر/ فرەیسەر** لە ناوەندی ڕووداوەکاندا، هێدی هێدی گەورە دەبن. ئەم کتێبە تەنها دەروازەیەک نییە بۆ ژیانی ڕۆژانە و ئەو چیرۆکە خۆشەویستییە بەتین و بەهێزەی نێوان **پینتەر** و **ئەنتۆنیا فرەیسەر**، بەڵکو پێناسە و تێڕوانینێکیشە بۆ کەسێتیی ئەم دوو نووسەرە، بەتایبەتی لە بوارەکانی شانۆ، ئەدەب و سیاسەتدا. هەروەها لەم یاداشتانەدا وێنەی پینتەرێکی بەختیار لە ژیانی هاوسەرگیری و خێزانیدا دەبینین، ژیانێکی پڕ لە

ماچی تەڕ و گوڵی بۆنخۆشی جوان و گفتوگۆی گەرم و پڕ لە خەندە. خوێنەر چیرۆکی عیشقی دوو مرۆڤ دەخوێنێتەوە، کە بە یەکەوە و بە تەنیشت یەکەوە گەورە دەبێت، هەڵدەکشن و لەناو دونیاکەی ئێمەدا، دوور لە هەموو شتێکەوە، جیهانێکی تایبەتمەند بۆ خۆیان دروست دەکەن.

**ئەنتۆنیا فرەیسەر** دەڵێت: "ئێمە هەرگیز لەگەڵ یەکتری بە شەڕ نەهاتووین، بەڵێ بیروڕای جیاوازمان هەبووە و گفتوگۆمان زۆر کردووە، بەتایبەتییش سەبارەت بە مەسەلە سیاسییەکان و چەمکەکانی ئایین، بەڵام هەمیشە ئەم گفتوگۆیانە بۆ هەردووکمان بە مانا بوون. ئێمە بەردەوام لە گفتوگۆیەکی بێکۆتادا بووین".

کتێبی (**دەبێت بڕۆیت؟**) تەنها ژیانی **پینتەر** و **ئەنتۆنیا فرەیسەر** ناخاتە ڕوو، بەڵکو لە پەراوێزی ژیانی ئەم دوو مرۆڤەدا، وێنەیەکی چڕی ڕەوتی شانۆ و کولتووری **بەریتانی**، بەتایبەتی لە **لەندەن**مان پێ دەناسێنێت و چەندان کەسایەتیی گرنگی بواری شانۆ بەنێو ڕووپەڕەکانی ئەم کتێبەدا، بەنێو ژیانی ڕۆژانەی ئەم دوو مرۆڤەدا تێدەپەڕێت، هەر بۆ نموونە، **لۆرانس ئۆلیڤەر**، **یولیەت واڵتەر**، **ڤاکلاڤ هاڤل**، **سەلمان ڕوشدی**، **پێتەر هاڵ**، **سامۆییێل بێکێت**، **ئارسەر میللەر**، **ف. سی نیاپاول**، **یوان بەییز**... هتد، ئامادەگییەکی بەهێزیان لەم کتێبەدا هەیە.

کە فەتوای کوشتنی **سەلمان ڕوشدی** دوای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکەی (**ئایەتە شەیتانییەکان**) لە **مەلاکانی ئێران**ەوە دەدرێت، بۆ ماوەیەک لە ماڵی **پینتەر**/ **فرەیسەر** خۆی دەشارێتەوە، **پینتەر** و **فرەیسەر** بە توندی بەرگری لە **سەلمان ڕوشدی** دەکەن، بەرگریکردن لە **سەلمان ڕوشدی** بۆ ئەوان بەرگریکردن بووە لە مافی ئازادیدەربڕین و وشەی ئازاد.

**پینتەر** لە شانۆوە دەستی پێ کردووە، سەرەتا ئەکتەر بووە و لە هونەری نواندنەوە، لە ڕیژی و پێکهێنەرەکانی تری پرۆسێسی

نمایشێکی شانۆییەوە دەستی کردووە بە نووسینی شانۆنامەکانی. لەم یاداشتانەیشدا (دەبێت بڕۆیت؟) جگە لە پینتەری نووسەر، **پینتەری** شانۆکاریش دەبینین، کە بەردەوام شانۆنامەکانی خۆی و نووسەرەکانی تر لە **لەندەن**، **ئەمریکا** و **ئەورووپا** پێشکەش دەکات و ساڵانە ئامادەی ئەو فێستیڤاڵە تایبەتمەندانە دەبێت، کە لە **ئەمریکا**، **مەکسیکۆ** و **ئێرلاند** بۆ شانۆنامەکانی سازدەکرێت.

**پینتەر**، کە وەک ڕێژیسۆر کاری کردووە، هەمیشە خۆی لە بەرەی ئەکتەرەکاندا بینیوەتەوە، خۆی لەواندا دۆزیوەتەوە، ئەگەر هەر جیاوازییەکیش لە بیروباوەڕ و چۆنیەتیی خوێندنەوەی تێکستەکانیشدا هەبووبێت، تەنها لەبەر ئەوە بووە، کە **پینتەر** لە لایەکەوە تا ئاستی لێبێزران بە دیقەت بووە و لە لایەکی تریشەوە بە هیچ شێوەیەک بواری بۆ هیچ کەسێک نەهێشتووەتەوە تێکستەکە کورت بکەنەوە، یان دەستەواژە و تەنانەت وشەیەکیش بگۆڕن و ئاڵوگۆڕی پێ بکەن. **پینتەر** بە هەموو شێوەیەک دژی کلکوگوێکردنی دەقە شانۆییەکان بووە و ڕێگەی بە کورتکردنەوە و لابردنی هیچ بەش و دیالۆگ و تەنانەت ڕستە و وشەیەکیش نەداوە. ساڵانەیش، کە لە شانۆی (**ڕۆیاڵ کۆرت**) وۆرکشۆپی بۆ شانۆنامەنووسە نێونەتەوەییەکانی وڵاتانی وەک، **یۆگۆسلافیا**، **ئەفەریقا**، **ئیسرائیل** و هەندێک لە وڵاتانی **عەرەبی** سازکردووە، بە چڕی کاری لەسەر ئەم مەسەلەیە کردووە و تیشکی خستووەتە سەر گرنگیی هەموو وشە و دەستەواژەیەک لەنێو دەقە شانۆییەکاندا. **خاتوو فرەیسەر**یش باسی ئەم چالاکییانەی **پینتەری** کردووە و ئەوەیشی خستووەتە ڕوو، کە **پینتەر** گرنگییەکی زۆری بەم وۆرکشۆپانە داوە.

**پینتەر** جگە لە شانۆنامە، شیعریشی نووسیوە، لە کۆتایی ژیانیدا بە تەواوی ڕووی کردووەتە شیعر و کۆمەڵێ شیعری دڵداری، بەتایبەتی بۆ **ئەنتۆنیا فرەیسەری** نووسیوە. **فرەیسەر**

دەڵێت: "ئێمە نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت، کە **هارۆڵد پینتەر** دەیویست ببێت بە شاعیر و لە زۆر ڕووەوە خۆی وەک شاعیر دەبینی".

**پینتەر** کەوتبووە ژێر کاریگەرییەکی بەهێزی وێنە شیعرەکانی **ت.س. ئەلیوت** و **ولیەم باتڵەر یەتیس**، لە شیعرەکانی ئەم دوو شاعیرەدا تروسکەیەکی رۆحی بەدی کردووە و هەر لە شیعرەکانی ئەم دوو شاعیرەوە وزەی وەرگرتووە و بەدوای پێوەندییە ڕۆحییەکاندا گەڕاوە.

**پینتەر** هەستێکی چڕی بۆ مەسەلە ڕۆحییەکان هەبووە، کە سەردانی هەر وڵاتێکیشی کردبێت، بۆ ماوەیەک لە کڵێسا کۆن و تاریکەکاندا بە بێدەنگ دانیشتووە. **ئەنتۆنیا فرەیسەر** ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە **پینتەر** زۆر جار لە کڵێسا شێدارە تاریکانەدا، لە ساتە تەنها و بێدەنگەکاندا، لەبەر خۆیەوە شیعرەکانی **ئەلیوت**ی خوێندووەتەوە و هەستی بەوە کردووە، کە پریشکێکی ڕۆحی لە شیعرەکانی **ئەلیوت**دا هەیە و ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەستە نادیار و ڕۆحییەکانی مرۆڤدا دەدوێت.

**پینتەر** ئەو هەستە ڕۆحییەی لە (**فرانس کافکا**)یشدا دۆزیوەتەوە، کە ڕۆمانی (**پرۆسێس**)ی **کافکا** بۆ شانۆ و تەلەفزیۆن تۆمار دەکات، دووپاتی پەیوەندییە ڕۆحییەکانی نێوان مرۆڤ لەم ڕۆمانەدا دەکاتەوە. (**پرۆسێس**) بۆ **پینتەر** گەڕانی مرۆڤ بووە بەدوای خودادا، نەک پێوەندییە سیاسییەکان. **پینتەر** زۆربەی دیمەنەکانی ڕۆمانی (**پرۆسێس**) لە **پراگ**، جێنزرگەی **کافکا** تۆمار دەکات، **ڤاکلاڤ هاڤل** ئەوکات سەرکۆماری ئەو وڵاتە دەبێت و زوربەی ڕۆژ، دوای کار سەردانی **پینتەر** لە شوێنی وێنەگرتنەکان دەکات و گفتوگۆیەکی چڕ، **کافکا**، **پینتەر** و **هاڤل**، لە دەرەوەی کۆشکی سەرۆکایەتییەوە کۆدەکاتەوە.

**پینتەر** و **ڤاکلاڤ هاڤل**، شانۆنامەنووس و سەرکۆماری **چیک** پێوەندییەکی توندوتۆڵیان هەبووە، کە **هاڤل**یش، بەرلەوەی ببێت بە سەرۆککۆمار و بە هۆی هەڵوێست و بارودۆخە ئاڵۆزە سیاسییەکەی ئەو وڵاتەوە لە بەندیخانەکاندا توند دەکرێت، **پینتەر**ی هاوڕێ و هاوپیشەی لە لەندەن شانۆنامەکانی پیشکەش دەکات تا چاوی میدیا و سیاسەتمەدارەکانی **بەریتانیا** و **ئەورووپا**ی بچێتە سەر و بەو شێوەیەیش فشار بخاتە سەر ڕژێمی ئەو کاتەی **چیکۆسلۆڤاکیا**.

**پینتەر** هەر لە سەرەتاکانی ڕەوتی نووسینە شانۆییەکانیەوە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە **سامۆییل بێکێت**ەوە دەبێت و ئەو پەیوەندییە دەبێتە دۆستایەتییەکی نزیک و درێژخایەن. **پینتەر** لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا و لەژێر هەژموون و کاریگەریی **بێکێت**دا شانۆنامەی **"ئەسانسێرەکە"** دەنووسێت، کە دواتر دەبێتە یەکێک لە شاکارە کلاسیکییەکانی شانۆی مۆدێرنی جیهانی.

بە مردنی **بێکێت**، **پینتەر** خەمبار و دڵگران دەبێت و وەک ڕێزلێنانێک لەو ڕابەرە گەورەیە، لە شانۆی نەتەوایەتی لەندەن یادێکی شکۆمەندانەی دەکەنەوە، **پینتەر** لەو یادەدا دەڵێت: "هیچ شتێک لە جیهان و دنیابینیی **بێکێت**دا نەمردووە، بەتایبەتی **بێکێت** خۆی، تەنانەت مردووەکانیش لە شانۆی **بێکێت**دا زیندوون". **فرەیسەر** لە زۆر شوێنی ئەم کتێبەدا باسی پێوەندییەکانی **پینتەر** و **بێکێت** دەکات، ئەوەیش ناشارێتەوە، کە **پینتەر** چەندە کاریگەریی **بێکێت**ی بەسەرەوە بووە و وەکو شتێکی پۆزەتیڤ ئاماژەی بۆ دەکات. هەروەها ئەوەیش دووپات دەکاتەوە، ئەو نیوەیەی **پینتەر**، کە **بێکێت** نییە، ئەوە بە دڵنیاییەوە نووسەری **ئەمەریکی (هەمەنگوای)**ە. **ئەنتۆنیا فرەیسەر** دەڵێت: "بە لای منەوە **بێکێت** لەو نامەیەیدا، کە بۆ **هارۆڵد پینتەر**ی نووسیوە، لە هەموو کەسێک باشتر باسی ئەو کارەکتەرە دانسقە و تایبەتمەندەی شانۆنامەی

(**ناپاکی**) دەکات، هەروەها **بێکێت** باسی هێز و وزەی دیمەنی کۆتایی ئەم شانۆنامەیەیش دەکات، کە لە بنەڕەتدا دیمەنی یەکەمە". **ئەنتۆینا فرەیسەر** لە ٢٧ی دیسەمبەردا دەنووسێت: "**هارۆڵد** بە درێژایی دوازدە سەعات خەریکی نووسینی ئەو شانۆنامەیە بوو، کە ئێستا بە (**ناپاکی**) ناوزەدی کردووە"

کە شانۆنامەنووسی ئەمەریکی (**ئارسەر میلەر**) کۆچی دوایی دەکات، ڕۆژنامەنووسەکان لە هەموو دونیاوە پەیوەندی دەکەن بە **پینتەر**ەوە، **پینتەر** هاوڕێیەکی نزیکی **ئارسەر میلەر** دەبێت و بەپێی یاداشتەکانی **ئەنتۆنیا فەیسەر**، **پینتەر** لە دڵەوە بۆ مەرگی لەناکاوی **ئارسەر میلەر** گریاوە.

**ئەنتۆنیا فرەیسەر** دەڵێت، لە **پینتەر** نزیک بوومەوە و لێم پرسی (تۆ هەرچەندە بە مردنی **بێکێت** زۆر خەمبار و دڵتەنگ بوویت، بەڵام نەگریایت؟ ئێستا بۆ مەرگی **ئارسەر میلەر** ئاوا بەم شێوەیە دەگرییت). پینتەریش لە وەڵامدا گوتوویەتی (**بێکێت** خۆی دەیویست بەرەو مەرگی خۆی بڕوات، بەڵام **ئارسەر میلەر** وزەیەکی گەورە بوو لە ژیان و دەیویست بەردەوام بێت، دەیویست بژی، نەک بمرێت).

**پینتەر** هەمیشە بە شێوەیەکی ڕادیکاڵی هەڵوێستی سیاسیی خۆی دەربڕیوە، ڕەخنەی توندی گرتووە و لایەنگریی خۆی بۆ چەوساوەکانی دنیا دەربڕیوە. لەم کتێبەیشدا نووسەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە چۆن **پینتەر** هێدی هێدی ڕووداوەکانی جیهان و هەڵوێستە سیاسییەکان هەموو ژیانی داگیرکردوون، **فرەیسەر** باسی ئەو ڕۆژانە دەکات، کە **پینتەر** بە هۆی ڕووداوە سیاسییەکانی جیهانەوە بە قووڵی هەستی بە نیگەرانی کردووە. هەر لەم دەوازەیەیشەوە، نووسەر و هونەرمەندی وەک هاووڵاتییەک داناوە و بە توندی دەستەواژەی (هونەرمەندیش هاووڵاتییە)ی بەکار هێناوە. **پینتەر** لەم ڕووەوە مەبەستی ئەوە

بووە، کە هونەرمەند، وەک هاووڵاتییەک لەپاڵ هونەرەکەی خۆیدا، دەبێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و پێگەی هونەری خۆی بەکاربهێنێت.

**پینتەر** لە سێ ناوچە و مەداری جیاوازی دنیاوە بەرگریی لە گەلانی چەوساوە کردووە و دژی سیستەمە دیکتاتۆر و تۆتالیستەکان بووەتەوە: یەکەمیان **وڵاتانی ناوەڕاست** و **ئەمەریکای لاتین**، بەتایبەتییش **نیکاراگوا**، دووەم **ئەورووپای ڕۆژهەڵات** و بەتایبەتی وڵاتانی **چیکۆسلۆڤاکیا**، سێیەمیشیان **تورکیا** بووە.

نووسەر لە زۆر شوێنی ئەم یادەوەرییانەدا باسی بەرگریکردنی **پینتەر** لە گەلی **کورد** دەکات، بۆ ئەم مەبەستە بەشداریی خۆپیشاندانەکانی کردووە، کە لە **بەریتانیا** دژی **سەدام حسێن** و دەسەڵاتدارانی **تورکیا**، لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ **دۆزی کورد** و چارەنووسی خەڵکی کورددا کردووە. **ئەنتۆنیا فرەیسەر** لە ڕۆژی ٢٤ی مانگی سێدا نووسیویەتی: "ئەو شانۆنامە تازەیەی **هارۆڵد** دەستی کرد بە نووسینی، **زمانی چیا** بوو، ئەم کارەیشی ڕاستەوخۆ بۆ بەرگریکردن و دژی چەوساندنەوەی **کوردەکان** نووسیوە. **هارۆڵد** بۆی دەرکەوت، کە **زمانی کوردی** تەنانەت لەناو **کوردەکان** خۆیشیاندا قەدەغەیە، ئەمەیش بە شێوەیەکی بنەڕەتی و بۆ **هارۆڵد** هێماگەلێکی بەهێزی چەوساندنەوە بوو. جیهانبینیی **هارۆڵد پینتەر** زۆر نزیک بوو لە چەمکی (زمان)ەوە، کە زمانیش قەدەغە بکرێت، مانای وایە مرۆڤ لە هەموو بنەما سەرەکییەکانی خۆی وەک مرۆڤ دابماڵرێت. **هارۆڵد** هەر کە لە **تورکیا** گەڕایەوە بۆ **لەندەن** دەستی کرد بە نووسینی ئەم شانۆنامەیە". لە هەمان کاتدا **پینتەر** بە توندی دژی جەنگی **عێراق** بوو، هێرشی دەکردە سەر **ئەمەریکا** و **بەریتانیا** و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی دەدا

سەرکردەکانی ئەو جەنگە ڕیسوا بکات. ڕەخنەگر و ئەو کەسانەی، کە لە بەرەکانی جەنگدا بوون، هێرشیان کردووەتە سەر **پینتەر** و بەوە تاوانباریان کردووە، کە بەرگری لە **سەدام حسێن** دەکات. بەڵام **فرەیسەر** دەڵێت **"هارۆڵد** دژی **سەدام** بوو، چەندان جار خۆپیشاندانی بۆ **مافی کوردەکان** و دژی **سەدام** کردبوو، بەڵام دژی شەڕ بوو، دژی ئەوە بوو کە خەڵکی سڤیل بۆردومان بکرێن".

کە **پینتەر** لەساڵی ۲۰۰۵دا پاداشتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرت، پێگەی ئەم پاداشتە بۆ زیاتر قووڵبوونەوە، فۆرمۆلەکردن و بەفەرمیکردنی بیروباوەڕە سیاسییەکانی خۆی بەکار دەهێنێت و ئەو پاداشتە جیهانییەی وەک ناوەندێک بینیوە تا بتوانێت لەم ڕوانگەیەوە گوزارشت لە دیدە ڕادیکالییەکانی خۆی بکات.

**پینتەر** لە ساڵی ۲۰۰۱دا تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە دەبێت، دوای حەوت ساڵ هەر بەم نەخۆشییە دەمرێت، بەڵام لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەدا ژیانی **پینتەر** بە تەواوی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی بەسەردا دێت. بەردەوام لە نەخۆشخانەکان دەمێنێتەوە، نەشتەرگەریی بۆ دەکرێت، جەستەی بچووک دەبێتەوە و هێز و تواناکانی لە هەموو ڕوویەکەوە کەم دەبنەوە. لەو ڕۆژانەدا بەردەوام لە نزیک مەرزەکانی مەرگەوە دەژی، ئەودیوی ژیان، وڵاتی مردووەکان دەبێت و بە هەستێکی پڕ لە ژان و ئازارەوە دەڵێت: "ناتوانم خۆم لەسەر ئەو ڕەوشە ڕابهێنم کە دەمرم، تەمەنم تەنها تۆزێک لە سەروو حەفتاوەیە."

چیرۆکی **پینتەر**ی نووسەر و عیشقی ئەم مرۆڤە بەرهەڵستکارە، لە مانگی دوازدەی ساڵی ۲۰۰۸دا کۆتایی پێ دێت، **ئەنتۆنیا فرەیسەر**، بە شێوەیەکی کاریگەر ئەم دوا چرکەساتانەی

ژیانی **پیتەر** تۆمار دەکات و لە دوا بەشەکانی یاداشتگەلەکەیدا دەڵێت: (سەعات دەوروبەری حەوت و بیست دەقیقە بە تەنیشت جێگەکەی **هارۆڵد**ەوە دانیشتم و دەستم کرد بە خوێندنەوەی **"ژیانەوە"ەکەی تۆڵستۆی**. **هارۆڵد** هەناسەی دەدا، بەڵام بە دەنگێکی لەرزۆک و قرخەقرخ، سستەرەکان لە دەرەوە چاوەڕوانییان دەکرد. منداڵەکانم و منداڵی منداڵەکانمان ڕۆیشتبوون، من بە تەنها لە ژوورەکەدا بووم. هەستم دەکرد ئەمەیش بڕیارێکی ڕاست و تەواوە. لەپڕ **هارۆڵد** لە پرخەپرخ کەوت، چاوە ڕەشەکانی بە گەورەیی کردەوە، وەک ئەوەی چاو زەق بکاتەوە، کاتێک من وەک جاران گوتم: "ئەوە منم **ئەنتۆنیا**، کە تۆی خۆش دەوێت". بەڵام ئەو هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو. هەموو جەستەی بە توندی گرژ بوو، دواجار ئارام و بێدەنگ. من سەرم بردە پێشەوە، بەڵام هەستم بە هەناسەی نەکرد. ئەو مردوو و سیمای سپی بووبوو. بۆ تاوێک لەوێدا دانیشتم. ماچم کرد. جەستە نازدارەکەی سارد بووبووەوە: دەبێت بڕۆیت؟ بەڵێ، کاتی هاتووە. بەرلەوەی بچمە دەرەوە، ماچێکی ترم کرد، دوا ماچ و گوتم: "شازادە ئازیزەکەم، شەوباش! فریشتەکان بە گۆرانییەوە بەرەو دوا ئارامگەت بەرن".

**ئەنتۆنیا فرەیسەر** بەم شێوەیە کۆتایی بەو یاداشت و یادەوەرییانە دێنێت، کە بە درێژایی سی ساڵ ڕۆژەکانی ژیانیانی تیا تۆمار کردووە. (**دەبێت بڕۆیت؟**) وەک یاداشتگەلێک، دەبێتە سەرەتا و کۆتایی ژیانێکی پڕ لە داهێنان و خۆشەویستییەکی بەهێز و یادەوەرییە بەسەرچووەکان و تەنهاییەکی ڕەها و وزەکانی بەرەنگاری.

**تێبینی:**

**لەیدی ئەنتۆنیا مارگەرێت فرەیسەر** ساڵی ١٩٣٢ لە بنەماڵەیەکی بە نەژاد **ئیرلەندی** لەدایک بووە. چەندان کتێبی بیۆگرافیی گرنگی لەسەر ژیانی شاژن و پادشاکانی **ئەورووپا** نووسیون، لەوانە **لۆدڤیکی چواردە، هێنریکی هەشتەم** و **ماری ئەنتوانێت**. ساڵی ٢٠٠٦ ئەو کتێبەی دەربارەی **ماری ئەنتوانێت** نووسیویەتی، دەکرێتە فیلم. ئەم خانمە جگە لەوەی کە نووسەرە، چەندان چالاکیی تری هەبووە، لەوانە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٨ – ١٩٩٩دا سەرۆکی **پێن کلوب**ی **بەریتانی** دەبێت.

**سەرچاوە:**

Måste du gå
Mitt liv med Harold Pinter
Översättning av Margareta Eklöf
Bokförlaget: Forum
Stockholm, 2011

## له شەمشەمەکوێرەکەی گوندەوە
## بۆ شانۆی گاڵتەگێڕ

**داریۆ فۆ** یەکەم شانۆکار و تەنها شانۆکاریشە، کە پاداشتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرتووە؛ ئەکادیمیای **سویدی** سەبارەت بەم پاداشتەیش دەڵێت: (**داریۆ فۆ** وەکو گاڵتەگێڕەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، سەرکۆنەی دەسەڵات دەکات و بەها دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو شتانەی، کە بێبەها کراون). **داریۆ فۆ** تەنها ئەکتەر نییە، بەڵکو شانۆنامەنووس، ڕیژیسۆر، وێنەکێش، نەخشەسازی سینۆگرافیا و نووسەریشە، هەمیشە لە پرۆژەکانیدا، هەوڵی داوە شانۆیەکی سەراپاگیر نمایش بکات.

**داریۆ فۆ** ساڵی ١٩٢٦ لە **سانگیانۆ**، کە گوندێکی بچووکە لە نزیک **ڤارێسە**، لەدایک بووە. باوکی لە وێستگەی شەمەندەفەر کاری کردووە. کە **فۆ** منداڵ بووە، باوکی لە شوێنێکی دیاریکراو جێگیر نەبووە، لەبەر ئەوە ناچار بووە، بە بەردەوامی لەگەڵ خێزانەکەی لە نێوان ئەو گوندانەدا بگوێزنەوە. ژیانیش لەم گوندانەدا، هەمان ستایل و جۆری بژێوییان هەبووە و لە هەموو ڕوویەکەوە، لەیەکەوە نزیک بوون. ئەوەی ئەم گوندانەیشی لە

بەشەکانی تری **ئیتالیا** جیاکردووەتەوە، ئەوە بوو، کە ئەم گوندانە کولتوورێکی میللیی دەوڵەمەندیان هەبووە و توانیویانە بە شێوەیەکی تایبەتی گەشەی پێ بدەن. ئەم کولتوور و دابونەریتە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەسترابوونەوە بە واقیعی ژیانی ڕۆژانەی خۆیانەوە و بۆ نموونە حیکایەتخوان هەبووە، کە لەنێوان ئەم گوندانەدا گەڕاوە و چیرۆکیان گێڕاوەتەوە، کە بە شێوەیەکی تەواو لەسەر بنەما کاریگەرییە گرۆتیسکەکان، لە نێوان ئەوەی واقیعە و ئەوەی ئەفسانەیە، ئەوەی ڕاستە و ئەوەی فەنتازیایە، ڕۆنراوە. ئەم چیرۆکانە ڕۆڵ و بەهایەکی گەورەیان بۆ گەشەی ستایل و هونەری **فۆ** هەبووە. هەموو بەسەرهاتەکانیش لە فۆرمێکی شانۆییدا گێڕدراونەتەوە، زمانی جەستە و ئاماژە باڵا دەست بوون، هاوکات لە یەک کاتدا توانای گێڕانی چەندین ڕۆڵ و بە خێرایی لە ڕۆڵێکەوە بۆ ڕۆڵێکی تر چوون، بەرجەستە دەبێت.

لەم چەند ساڵەی دواییدا یاداشتەکانی **فۆ** (**شەمشەمەکوێرەکەی گوند**) –حەوت ساڵی یەکەمی تەمەنم و چەند ساڵێکی تریش– بە زمانی **سویدی** بڵاو کراونەتەوە. ئەم یاداشتانەی **داریۆ فۆ**، بەر لە هەموو شتێک سەبارەت بە مرۆڤ و کەش و ژینگە و ئەتمۆسفێری ئەو گوندەیە، کە تیایدا لەدایک بووە: گوندەکەیش دەکەوێتە نزیک (**لاگۆ ماگیۆرە**) لە شارۆچکەی **سانگیانۆ**، کە نزیکە لە سنوورەکانی وڵاتی **سویسرا**وە. ئەم ناوچانە بە درێژایی مێژوو گۆڕانکاریی زۆریان بەسەردا هاتووە و جێگەنزرگەی هەندێک لە خواوەندە دێرینەکان بووە، هاوکات بە مەڵبەندێکی پیرۆزی حیکایەتخوان و لیبوک و گاڵتەگێڕەکانیش ئاماژەی بۆ کراوە.

باوکی **داریۆ فۆ**، کە لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، کارمەندی وێستگەی شەمەندەفەری گوندەکەیان بووە، بەڵام وەک **فۆ** لە یاداشتەکانیدا باسی دەکات، گوندەکەیان هێندە بچووک بووە، هەمیشە شەمەندەفەرەکان، کە بە گوندەکەدا تێپەڕیون،

هەستیان بەم شوێنە نەکردووە و لە وێستگەی گوندەکە ڕانەوەستاون. لەم گوندەدا، چەندان حیکایەتخوان هەبوون، کە جێگەی شانازی و سەرنجی هەموو گوندەکە بوون، زۆربەی ئەم حیکایەتخوانانە لەناو ئەو کەسانەدا بوون، کە کاری فووکەری شووشەی تواوەیان کردووە، ئەمەیش جۆرێک بووە لە شووشەسازی و نازناوی (**شەمشەمەکوێرە**)یان لێ ناون. ئەم نازناوەیش دەگەڕێتەوە بۆ پیشەکەیان، بە شەو کاریان کردووە و بە ڕۆژیش نووستون. هەر لە سەرەتاکانی ١٨٠٠ەکانەوە ئەم شووشەگەرانە لە هەموو **ئەورووپا**وە، وەک کەسانی شارەزای شووشەسازی هاتوونەتە ئەم ناوچەیە و شووشەیان تواندووەتەوە، تێکەڵاویان کردووە و دواجاریش فویان پیاکردووە تا فۆرمی جۆراوجۆر وەربگرن. ئەم حیکایەتخوانە شووشەسازانە زمانێکی تایبەتیان بە خۆیان دروستکردووە؛ چیرۆکیان گێڕاوەتەوە، گەمەیان کردووە و گۆرانییان گوتووە. چیرۆک و چالاکییەکانی ئەم شووشەسازانە کاریگەرییەکی بەهێزیان بەسەر **داریۆ فۆ**وە هەبووە، هەر لە ژێر هەژموونی ئەمانیشدا بڕیاری داوە، لە پاشەڕۆژدا ببێتە ئەکتەر.

**فۆ** بەرلەوەی تەمەنی دە ساڵی تەواو بکات، لەم حیکایەتخوانانەیشەوە فێری ئەوە بووە سەمای دوو کەسی بکات، کە جۆرە چیرۆکێکی دێرینی لەخۆ گرتووە: کچ و کوڕەکان دوو دوو بازیان داوە، بەریەککەوتوون و جۆرە گەمەیەکی ئاویان کردووە و لە ڕوانگەی جۆرە سەرمەقولاتێکەوە ئاشقی یەکتر بوون. **فۆ** هەر لە تەمەنی چواردە ساڵانەوە، دەبێت بە یەکێک لەو مێردمنداڵانەی، کە لە گوندەکەیاندا بەو چیرۆکانە بەشداریی کردووە (زوو بوومە جێگەی سەرنجی گوندنشینەکانمان، من هیچم لە نەژاد و بنەما ئەنتیکەییەکەی ئەو چیرۆک و داستانانە نەدەزانی و وام دەزانی ئەمە هەمووی لە داهێنانی خەڵکی

گوندەکەمانن). **فۆ** لەم یاداشتانەیدا بە وردی باسی ئەو تەمەنەی دەکات، کە لەو گوندەدا، چۆن ئەزموونی سێکس و سەرکێشی و خەباتی ژێرزەمینی و تەنانەت بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، ئەوێکی هونەرمەند و شانۆکاریان دروست کردووە. ئەوەی ئەو لە ژیانی ڕۆژانەدا فێری دەبێت و ئەوەی ئەو لە سروشتەوە وەریدەگرێت و ئەو ئەزموونەی ئەو لێوەی فێر دەبێت، بنەمایەکی بەهێز بۆ ژیانی دواتری لە شاری **میلانۆ** ڕۆدەنێت، بۆ نموونە لە ڕێگەی مامۆستاکەیەوە، کە مێژووناس و ئەنترۆپۆلۆگێکی بەتوانا بووە و پرۆفیسێور بووە لە زانکۆی **میلانۆ**، کە **فۆ** لەوێ هونەر و ئەرکیتێکتور دەخوێنێت، تیا قاڵ دەبێتەوە. هەر لە ڕێگەی ئەم مامۆستایەیشەوە بە داستان و ئەفسانە کلاسیکی و دێرینەکان ئاشنا دەبێت. **فۆ** بەشێک لە یادەوەرییەکانیشی بۆ کارەساتەکانی جەنگی جیهانیی دووەم تەرخان دەکات، کە ئەو کاتە تەمەنی تەنها پانزە ساڵان دەبێت و وەکو زۆربەی هاوتەمەنەکانی خۆی، بە هۆی ئەو جەنگەوە ناچار دەکرێن واز لە قوتابخانە بهێنن. لێرەوە قۆناغێکی نائارام لە ژیانی **فۆ**دا دەست پێ دەکات، باوکی، کە کەسێکی دژەفاشیزم بووە، دەبێتە کەسێکی بەرهەڵستکار و لەگەڵ گرووپە چەکدارەکاندا، وەک پارتیزانێک کار دەکات. لەبەر ئەوەی لە وێستگەی شەمەندەفەریش کار دەکات، زۆر جار سەربازە **ئینگلیز** و **ئەمەریکی**یە گیراوەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لەدەستی نازییەکان هەڵهاتوون، بە نهێنی لە ڕێگەی شەمەندەفەرەوە، دەگەیەنێتە **سویسرا**. زۆر جار **فۆ** لەم کارانەدا دەبێتە ڕێپیشاندەری ئەو سەربازانە و هەندێک لە سیاسی و پەناهەندەکانیش دەگەیەنێتە سنوورەکانی **سویسرا**.

**فۆ** لەسەر شانۆ کۆمیدیا و تراجیدیا، لە یەکەیەکی تایبەتمەندی (**فۆ**)یدا تێکەڵاو دەکات، کە ئەکتەرەکانیشی چیرۆکەکانی ژیان و مرۆڤ دەگێڕنەوە، جۆرە خەندەیەکی پڕ لە خۆشی و هەندێک

جاریش پڕ لە ژان و ئازار، بەڵام بە فۆرمێکی ئاسانی کاریگەر بەرجەستە دەکەن. ئەم کتێبەیش (**شەمشەمەکوێرەکەی گوند**) وێنەیەکی بەرزی ئەو مرۆڤەیە، کە لە گۆڕەپانی گوندەکەیانەوە گەشە دەکات و هەر لەوێشەوە ئەو گەشتە، بەرەو شانۆیەکی بەسەلیقەی (**گاڵتەگێر**) دەست پێ بکات.

**فۆ** بە وردی و چڕی لە دابونەریتی گاڵتەگێڕەکانی چاخەکانی ناوەڕاستی **ئیتالیا** دەکۆڵێتەوە، ئەنجامەکانی ئەم کارەیشی لە ساڵی ١٩٦٩دا دەقی (**میستێرۆ بۆفۆ**)ی لێ لەدایک دەبێت، کە گەمەیەکی کۆمیدیی پڕ لە ڕاز و نیازە و یەکێکە لە پرۆژە گەورەکانی **فۆ**. **فۆ** وەک مەنەلۆژێک ئەم کارەی بە درێژایی مێژووی هونەری خۆی پێشکەش کردووە، هەروەها وەرگێردراویشتە سەر زۆربەی زمانە جیهانییەکان.

**فۆ** هەمیشە لە کارەکانیدا مۆتیڤێکی سیاسیی هەیە و هەر لە شەستەکانەوە، لە زۆربەی کارەکانیدا، بۆ نموونە (ئەو خانمەی دەبوایە فڕێبدرایەتە تەنەکەی خۆڵوخاشاکەوە) دژی **ئەمریکا** و جەنگی **ڤێتنام** و چەمکی ئیمپریالیزمی **ئەمریکی**، کارەکانی نمایش کردووە. **ئەمریکا** تا ئێستایش فیزەی بە **فۆ** و خێزانەکەی نەداوە سەردانی ئەو وڵاتە بکەن. هاوکات بەرهەمەکانی تریشی بۆ نموونە (**کەس دژی گیاکەی دایکم ڕانەپەڕێت**)، (**ئێمە پارە نادەین، پارە نادەین**)، (**تەرمێک بۆ فرۆشتن**)، (**هەموو دزەکان بۆ دزی نایەن**)... هتد لەسەر بنەما سیاسییە ڕەخنەئامێزەکان، دژ بە گەندەڵی، سەرمایەداری، چەوساندنەوە و لە تێڕاونینێکی چەپ و سیاسەتێکی چەپڕەوانەوە ڕۆناوە. **فۆ** دەربارەی دەسەڵاتدارانیش ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، گێل نین، ئەگەرنا ئەو دەسەڵاتەیان نەدەبوو، لەم ڕوانگەیەوە، **فۆ** گەشەی بە فۆرم و میتودی کارەنی داوە، بۆ نموونە ئەو کۆمیدیا ڕەخنەئامێزەی **فۆ** کاری لەسەر دەکات، لەنێو خودی ڕەوشە

شانۆییەکەوە گەشە دەکات. ئەمەیش مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان پابەندە بە شانۆی داستانئامێزەوە؛ لەوێدا کارەکتەرەکان و کەسایەتییەکان ڕەوتی نمایشەکە بەرەوپێشەوە نابەن، بەڵکو ڕەوشەکە، تەکنیک و فۆرمە شانۆییەکە دروست دەکات.

**فۆ** یادەوەرییەکانی بە زمانێکی زیندوو نووسیوە و هەموو کتێبەکە شانۆیەکی کراوەی بەرجەستەکراوە و هەموو لاپەڕەیەکی وێنەیەکی زیندووی ئەو هونەرمەندەمان پیشان دەدات، کە هێدی هێدی لەنێو (من)ەکانەوە گەورە دەبێت، لەنێو چیرۆکەکانەوە دێتە دەرەوە و لە سەر شانۆکان بەرجەستەی تەنگەژە گەورەکانی ژیان، بە خەندە و فۆرمە گاڵتەئامێزەکان بەرجەستە دەکات. خوێندنەوەی یاداشتەکانیشی وەکو ئەوە وایە بەدیار یەکێک لە نمایشەکانیەوە دانیشتبیت.

**فۆ** دەڵێت باپیرەم، کە چیرۆکەکانی دەگێڕایەوە و دەبووە فرۆشیارێکی گەڕۆک، یان ماسیگرێک... هتد هەر لە سەرەتاوە خاڵێکی دەرەکی، شتێکی ڕاگوزاری، وەک ئەوەی شتێکی ڕێکەوت بێت، کە دەبووە هۆی بیانوویەک بۆ دۆزینەوەی چیرۆکەکە بەکار دەهێنا، کە وا دەردەکەوت لە دەرەوەی ویستی خۆیەوە هاتبێت و لەو ڕێگەیەوە ڕادەکێشرێتە نێو چیرۆکەکانەوە. (دوای چەندین ساڵ ئەوەم بۆ دەرکەوت، کە ئەم تەکنیک و شێوازە بۆ چوونە نێو گێڕانەوەی چیرۆکەکانەوە، تەکنیکێکی ئاسایی بووە لای ئەکتەرەکانی کۆمیدیای **دیلارتی**). ئەمەیش بۆ **فۆ** یەکەم وانەیەکی گەورە و بەسوود بووە، هەڵبژاردنی ئەو بنەمایەی، کە فۆرمی چیرۆکەکە، خودی گێڕانەوەکە دروست دەکات: سەرەتای چیرۆکەکە وەکو ڕێکەوت دەربکەوێت. (ئەمە هەمان میکانیزمە، کە من تا ئێستا لە نمایشەکانمدا بەکاری دەهێنم، ڕەوشێک بدۆزیتەوە، بیانووک بۆ ئەوەی لەگەڵ بینەران بکەومە گفتوگۆوە، بەر لەوەی

ڕووناکیی ناو هۆڵەکە بکوژێنرێتەوە. ئەمەیش جۆرە گەمەیەکە، بۆ ئەوەی بینەران پەلکێشی ناو نمایشەکە بکەیت، ئەمانەیش بۆ ئەوەیە، کە بە تەواوی دیواری چوارەم لە نێوان بینەران و تەختەی شانۆدا لاببرێت).

**شانۆی گەڕۆک** و **شانۆی بووکەڵە** هەمیشە سەردانی ئەم گوندەیان کردووە. **فۆ** بینەرێکی بەردەوامی ئەم نمایشانە بووە و دواتر سەرلەنوێ بۆ قوتابییانی پۆلەکەیانی نمایش کردووەتەوە، لە کاتی نمایشەکەدا گۆڕانکاریی لە چیرۆکەکان و شێوازی پێشکەشکردنەکەدا کردووە و بە جۆرێکی تر بۆی گێڕاونەتەوە. **فۆ** ئامادەکارییەکی وردی لەم چیرۆکانەدا کردووە و لەگەڵ ئەتمۆسفێری پۆل و ژینگەی قوتابخانەدا گونجاندویەتی و بەم شێوەیەیش یەکەم بینەری شانۆیی لە خۆی کۆدەکاتەوە. (خەڵکی گوێت لێ بگرێت و بەشداریی ئەو نمایشە بکات، کە تۆ پێشکەشی دەکەیت، یەکەم و سەرەتای پرنسیپەکانە). **فۆ** دووپاتی دەکاتەوە، کە ئەوەی نمایشەکە پێشکەش دەکات و نەتوانێت چێژ لە ئامادەبوون و هەستی بینەران وەربگرێت، یان بینەران شتێک بە ئامادەبوونی خۆیان بە نمایشەکە نەبەخشن و بەشدارییەکی ڕاستەقینەی نمایشەکە، بۆ نموونە، لە ئەنجامی ئەو هەستە خۆش و پێکەنینەی بینەرانەوە بڵاو دەبێتەوە، نەکەن، ئەوە هیچ مانایەکی تیا نییە بیر لەوە بکەیتەوە ببیت بە ئەکتەر، چونکە مرۆڤ، کە لە بینەراندا خۆی دەبینێتەوە، ڕیتم، وەزن و ئاوازت پێ دەبەخشێت و لەنگەری نێوان ئەکتەر، نمایش، هۆڵی شانۆ و بینەران ڕادەگرێت.

**فۆ** لەم ڕووەوە، باسی فێربوون، خوێندن و بڕوانامەی هونەر دەکات و ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە مرۆڤ بە بڕوانامەی هونەری نابێت بە ئەکتەر و ڕیژیسۆر. (من خۆم لە قوتابخانە یان هیچ جۆرە ئەکادیمیایەک نەمخوێندووە، جگە لە ئەکادیمیای هونەر... بەڵام زۆر مامۆستام هەبوون... هەندێک لەوانە بەبێ ئەوەی

زانیبێتم. من لەو بڕوایەدام ئەمە سەبارەت بەوە نییە، کە بخوێنیت، بەڵکو زیاتر پەیوەندیی بەوەوە هەیە بتوانیت پیشەکە لە مامۆستایەکەوە هەڵمژیت، لە ڕێگەی توانەوە لە مامۆستایەکدا قوتابی دەگاتە پیشەکەی، نەک خوفێرکردن، بەڵکو دزینی زانیارییەکان و هەڵمژيني). **فۆ** لەم ڕووەوە ئەو پرسیارە دەکات، چۆن وانەی هونەری نواندن دەوترێتەوە؟ ئەمەیش ئەو پرسیارەیە **فۆ** لە یاداشتگەلەکەیدا دەیەوێت وەڵامی بداتەوە؟ بۆ کەسێکی وەک **فۆ**، کە لە دەرەوەی قوتابخانەکانەوە فێری هونەری نواندن و ڕیژی بووە، باسی ئەوە دەکات، کە وەک هەموو پیشەیەکی تر، مامۆستایش لە هەوڵی ئەوەدایە، لە ڕێگەی شوێنپێهەڵگرتنێکی ورد و چڕەوە پەردە لە ڕووی نهێنییەکانەوە هەڵبماڵێت. ئەگەر مرۆڤ لەوەدا سەرکەوتوو بێت، ئەو شتانە بکات بە هیی خۆی، ئەوە شتێکی باشە، ئەگەر نا هیچت بۆ ناکرێت. (من بەڕاستی هونەری نواندنم ماشیوەتەوە و لە گوێ ڕووبارەکانەوە دەستم بە گێڕانەوە کردووە. زۆر بە ئاسانی یەکەم وانەکانم لەوێوە، بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەم، وەرگرت. چیرۆکبێژەکانی شەمشەمەکوێرە ئەوەیان فێر کردم، کە هەمیشە ئارام بم و ددان بەخۆدا بگرم و بە ڕووی ئەوانەی تازە دەست پێ دەکەن، کراوە بم).

**سەرچاوە:**

Dario Fo, Fladdermossens by. Mina forsta sju ar, och nogra till. Ordfront, Stockholm 2005

**له بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نووسەر**

١-شانۆی توندوتیژی لەنێوان تیۆر و پراکتیکدا، لێکۆڵینەوە ١٩٨٨

٢-گوتاری ئەزموونگەری لە ڕەوتی شانۆی کوردییدا، لێکۆڵینەوە ١٩٩٥

٣-ستریندبێری و سۆناتای تارمایی لەنێوان ڕاینهارت و بێریماندا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠١، دەزگای سەردەم، چاپی کوردستان

٤-ستریندبێری و سۆناتای تارمایی لەنێوان ڕاینهارت و بێریماندا، ٢٠٠١، چاپی سوێد

٥-پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٣، دەزگای سەردەم، چاپی کوردستان

٦-پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٤، چاپی سوێد

٧-شانۆی سوێدی، هەڵوێستە و تێڕوانین لە ڕەوتی شانۆی سوێدی لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ، لێکۆڵینەوە، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٦

٨-مۆسیقای بێ دەنگ، شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠٠٧

٩-مۆسیقای بێ دەنگ، شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، چاپی سوێد، ٢٠٠٧

١٠-هارۆڵد پینتەر، ژیان و شانۆ، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆی تیپی شانۆی سالار، ٢٠٠٩

١١-شانۆی سوێدی، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆ، ٢٠١٠

١٢-لە کلاسیکەوە بۆ مۆدێرن، لێکۆڵینەوە، ڕەنج، ٢٠١٠

١٣-چین، شانۆنامە، نووسینی ئێریک ئۆدێنباری، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠١٠

١٤-تەرمینالّ. سێ شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠١١

١٥-پانتایی بۆش و دەروازەیەک بۆ شانۆیەکی جودا. دەزگای سەردەم، ٢٠١٣

١٦-ئاوگوست ستریندبێرگ، ژیانی مرۆڤێکی بێدەرەتان و نووسەرێکی ڕچەشکێن، بیۆگرافیا و ڕاڤەکردن. دەزگای سەردەم، ٢٠١٤

١٧-پەڕینەوە بە مەرزەکاندا. دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٤

١٨-ژان ژینییە ئەفسانە و واقیع، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٥

١٩-تیۆرەکانی دەرهێنانی شانۆیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٥

٢٠- هارۆلّد پینتەر، شانۆیەکی سیاسیی و گەمەی دەسەلاّت، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٥

**بە سوێدی:**

١-ڕەوش و داهێنان، لێکۆڵینەوەی شانۆ، دەزگای کالّسۆن، ٢٠٠٨

٢-ژیانێکی تر، شیعر، دەزگای پیونیار، ٢٠٠٦

٣-دوو کلۆ بەفر، چیرۆکی مندالاّن، وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ سوێدی. ٢٠٠١